

تەفسیری سورەتی
المجادلة
مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

# تەفسیری سورەتی

# المجادلة

# تەفسیری سورەتی
# المجادلة

بۆ پۆلی:

یەکەمی ئامادەیی ئامەد

نوسینی

مامۆستا کرێکار

# تەفسیری سورەتی
# المجادلة

نوسینـــــــــــی: مامۆستا کرێکار
بـــــۆ پـــــۆلی: یەکەمی ئامەد
نەخشەســــــازی: ئیـسـلامڕەو
ساڵــــــــــــی: ١٤٣٨ك-٢٠١٧ز

لە بڵاوکراوەکانی
زانکۆی ئازاي دیراساتی ئیسلامی(زادی)

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُم مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيرَاً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيبَاً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

## ماناى گشتى سوره‌ته‌كه

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

به ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) (١)واته: به ته‌ئكید خوای گه‌وره قسه‌ی ئه‌و ئافره‌ته‌ی بیست كه ووتوێژی له‌گه‌ڵدا ده‌كردیت و سكاڵای خۆی بۆ خوا ده‌برد، خوای گه‌وره گفتوگۆی نێوانتانی بیست، خوای گه‌وره بیسه‌رو بینه‌ره.

(الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ) (٢) ئه‌و كه‌سانه‌تان كه ظیهار له ئافره‌ته‌كانیان ده‌كه‌ن (كه پێیان ده‌ڵێن تۆ وه‌كو دایكمی) قسه‌یه‌كی ناقۆڵاو به‌دوو درۆو بوختان ده‌كه‌ن، چونكه ئافره‌ته‌كانیان دایكیان نین، دایكیان ئه‌وانه‌ن كه لێیان ئیجاد بوون، خوای گه‌وره لێبورده‌و لێخۆشبووه.

(وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) (٣) ئه‌و كه‌سانه‌تان كه ظیهار له ئافره‌ته‌كانیان ده‌كه‌ن و پاشان لێی ده‌گه‌ڕێنه‌وه (په‌شیمان ده‌بنه‌وه له ظیهاره‌كه‌یان) ده‌بێ كۆیله‌یه‌ك ئازاد بكه‌ن (كه كه‌فاره‌تی ظیهاره)كه‌یه نابێت پێش ئه‌مه له‌گه‌ڵ ئافره‌ته‌كانیاندا جووت بن (سه‌رجێیی جیماع بكه‌ن) ئه‌مه حوكمی خوای گه‌وره‌یه كه ئامۆژگاریتان ده‌كات پێوه‌ی پابه‌ند بن، خوای گه‌وره شاره‌زای ئه‌و كارانه‌تانه كه ده‌یكه‌ن.

(فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ) (٤) هەر کەسێك نەیتوانی کۆیلە ئازاد بکات دەبێت دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژووبێت (تا ڕۆژووی هەر دوومانگەکەش تەواو نەکات کە کەفارەتی ظهارەکەیە) نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا جووت ببێت. ئەگەر ئەم ڕۆژووگرتنەشی لە توانادا نەبوو دەبێت خواردنی شەست کەس بدات کە هەژارو دەسکورتن، ئەمەیە حوکمی خوای گەورە، دەبێت تەسلیمی بن و قبوڵتان بێت مادام باوەڕتان بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، ئەمە سنوری خوای گەورەیە (نەیبەزێنن) حەتمەن کافرەکانیش سزای بەژانیان دەبێت.

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ) (٥)ئەو کەسانەی کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن شکست دەخۆن، زەلیل و ژێردەستە دەبن، هەر وەکو ئەو کەسانەی پێش ئەوان زەلیل و ژێردەستەبوون (سەرەنجامی دوژمنداریێتی خوای گەورە و پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێت) زۆرمان نیشانەو بەڵگەی ڕۆشن - لە سەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرانمان- هێنایەوە، ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناوە سزای سەر شۆڕانەیان دەبێت.

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ)(٦) ڕۆژێك دێت کە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە و

کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆمارکردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەر هەموو شتێکە و شاهیدی لەسەر دەدات.

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ وَلا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلا أَكْثَرَ إِلاَّ هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٧) مەگەر نازانیت کە خوای گەورە دەربارەی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن دەزانێت چین و کێن؟ سێ کەس پێکەوە چرپەبکەن ئاگای لێیانە، چونکە چوارەمیان ئەوە، پێنج بن شەشەمیان ئەوە، لەوانە کەمتر بن یان زیاتر. لە هەر کوێیەك بن. هەر خوای گەورەیان وەلیاندایە، پاشان کارو کردەوەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەخاتەوە بەر دەست، خوای گەورە زانیاری تەواویی دەربارەی هەموو شتێك هەیە.

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ) (٨)مەگەر نابینیت ئەوانەی ڕێی چرپە چرپیان لێگیرابوو، کەچی هەر دەکەوتنەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغەکرابوو! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی کردن، چرپەی یاخیبوون لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. کە دێشنە لات وا سڵاوت لێناکەن کە خوای گەورە فەرمانی بەو سڵاوە داوە کە (السلام علیك)ە. بەڵا.ئەوان بە جۆرێکی تر سڵاو دەکەن (دەڵێن: السام علیك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن تۆ بڵێیت بەم جۆرە

سڵاوە (دوعا لێکردنەی) لای خوای گەورە گوناحبار ببین و خوای گەورە سزامان بدات لەسەری؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلا تَتَنَاجَوْا بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ) (٩) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بە چرپە لەگەڵ یەکتریی دووان با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و سەرپێچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و تەقواو سەر ڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن کە هەموو لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە.

(إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ)(١٠) چرپەچرپی گوناح و تاوان و پیلانگێڕیی لە شەیتانەوەیە (ئەو کلکەژەنەتان دەدات تا تووشی گوناحتان بکات) و موسوڵمانان بەدگومان کات لە یەکتریی و بیانخاتە ناو خەم و پەژارەوە، هەر چەندە ئەو بۆ خۆی و بە توانای خۆی زیان ناگەیێنێت، ئەگەر وویستی خوای لەسەر نەبێت، دەی سابا ئیمانداران خۆیان بە پشت بەستن بە خوای گەورە قایم کەن.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)(١١) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان

هێناوه، ئه‌گه‌ر له‌ کۆڕو کۆبوونه‌وه‌تانداو له‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێتان ووترا کۆڕه‌که‌ به‌رفراوانترکه‌ن تا جێگای ئیمانداارانی تریش ببێته‌وه‌ به‌رفرانتری بکه‌ن. خوای گه‌وره‌ش له‌ پاداشتاندا جێ و مه‌نزڵی به‌هه‌شتتان بۆ فراوانتر ده‌کات، ئه‌گه‌ر پێشتان ووترا مه‌ره‌خه‌س بن، هه‌ستن و به‌ده‌م فه‌رمانی خێرو چاکسازیتانه‌وه‌ بچن.. خوای گه‌وره‌ ئه‌و که‌سانه‌تان که‌ مل که‌چ و گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی خواو پێغه‌مبه‌ری خوایه‌ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئه‌وانه‌شتان که‌ ئه‌هلی زانستی شه‌رعه‌و شاره‌زای دینه‌که‌یه‌ پله‌وپایه‌ی به‌رزو باڵایان پێده‌به‌خشێت، خوای گه‌وره‌ شاره‌زای کارو کرده‌وه‌کانتانه‌.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(١٢) ئه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی باوه‌ڕتان هێناوه‌ ئه‌گه‌ر وویستان به‌ ته‌نهاو به‌ چرپه‌ له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بدوێن، ده‌بێت پێشتر خێرو خێراتێك بکه‌ن (تا شیاوی ئه‌و ره‌فتاره‌تان بکات و ببێته‌ مایه‌ی پاکبوونه‌وه‌ی دینداریتان) ئه‌گه‌ر هه‌ژارو ده‌سکورته‌کانتان وویستیان به‌ چرپه‌ له‌گه‌ڵی بدوێن و توانای خێرو خێراته‌که‌یان نه‌بوو، قه‌یدی نییه‌ با بێ خێرو خێرات بچنه‌ خزمه‌تی و به‌ چرپه‌ له‌ خزمه‌تیدا بدوێن، (ئه‌م حوکمه‌ دوایی نه‌سخ بۆوه‌، وه‌کو دواتر باسی دێت) خوای گه‌وره‌ لێخۆشبوو به‌به‌زه‌یییه‌.

(أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ)(١٣) چما له‌ هه‌ژاریی و ده‌سکورتیتان ده‌ترسان که‌ ئه‌م حوکمه‌تان به‌ لاوه‌ قورس بووً؟ ده‌ی سا وا خوای گه‌وره‌ له‌ سه‌ری سووك کردن و هه‌ر لایبردو

لەوانەشتان خۆشبوو کە گومانی خراپیان برد. نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بن. خوای گەورە شارەزایە ئەو ڕەفتار گوفتارو کردارانەتانە کە دەیکەن.

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ)(١٤)مەگەر ئەوانە نابینیت کە دۆستایەتی ئەو کەسانە دەکەن کە خوا غەزەبی لێگرتوون و لە سەریان دەکەنەوە و لایەنگیرییان دەکەن، ئەوانە نە لە ئێوەن (ئیمانداران)و نە لەوانیشن (کافران)! دەشزانن دیدو هەڵویستیان هەڵەیە، کەچی سوێندی لەسەر دەخۆن کە ڕاستە!

(أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)(١٥) خوای گەورە سزای زۆر بەژانی بۆ ئەوانە ئامادەکردووە، بەڕاستی ئەوانە ڕەفتاریان بەدە و خراپەکاری دەکەن.

(اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ)(١٦) سوێند خواردنەکەیان کردووە بە قەڵغان و لەولاشەوە بەرهەڵستی دینی خوا دەکەن و لەمپەرو بەربەست لە ڕێی بانگەوازی خوادا دادەنێن. ئەوانە سزای چاوشۆڕیی و زەلیلانەیان دێتەرێ.

(لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)(١٧) نە سەروەت و سامانیان دادیان دەدات نە ئەولادو کەسوکاریان لە دەست خوای گەورە قوتاریان دەکات، ئەوانە ئەهلی دۆزەخن، دەچنە ناو ئاگرو بە نەمریش تێیدا دەمێننەوە.

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ) (١٨) رۆژێك دێت خوای گەورە هەموویان زیندوو دەكاتەوە، جا (لە نەزانی و كاڵفامییاندا) سوێند بۆ خوای گەورە دەخۆن وەكو كە ئێستا لە دنیادا سوێند بۆ ئێوە دەخۆن (كە موسوڵمان و هاودیدو هاوڕاتانن!) هەر واشدەزانن (یان خۆ وانیشان دەدەن) كە شتن! كە ڕێبازی ئیسلامیان گرتووو موسوڵمانن! بەڵام بە تەئكید درۆزنن.

(اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ)(١٩) شەیتان بەسەر دیدو ڕەفتاریاندا زاڵ بووە و خستوونیەتیە ژێر ركێفی خۆیەوە، بۆیە یادی خوای گەورەی لە بیر بردوونەتەوە! ئەوانە حزبی شەیتانن، پێڕی ئەون. حەتمەن حزبی شەیتانیش زەرەرمەندە.

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ)(٢٠) ئەو كەسانەی كە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەن ئەوانە دەبەزن وشكستیان بەسەردا دێت.

(كَتَبَ اللَّهُ لأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ)(٢١) ژێر دەستەو زەلیل دەكەون خوای گەورە بە وویستی خۆی لە قەدەری خۆیدا (لە لەوحولمەحفوزدا) بڕیاری سەركەوتنی خۆی و پێغەمبەرەكانی خۆی داوە سەلامی خوایان لێ بێت، دەفەرموێ: بە تەئكید خۆم و پێغەمبەرانم هەم بەهێزی بەڵگەو بە بەڵگەی هێز زاڵ دەبین، خوای گەورە بەهێزو دەسەڵاتدارە.

(لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)(٢٢) هەرگیز خەڵكانێك نابینیت باوەڕیان بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتی و لایەنگریی ئەو کەسانە بکەن کە دوژمنداریّتی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن. با باوك و باپیرەشیان بن، یان ئەولاد یان برایان، یان تیرەو هۆزی خۆشیان بن. ئەوانە موسوڵمانی سەر ڕاستن و بۆ خوا ساغ بوونەتەوەو دۆستایەتی و لایەنگیرییان بۆ خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانانە، ئەوانە ئەوانەن کە خوای گەورە باوەڕو یەقینی لە دڵدا چەسپاندوون و لایەنگیریی کردوون و بە نور و هێزی خۆی بەهێزی کردوون، دەشیانخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕوبارو جۆباریان پێدادێت و دەچێت و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، خوای گەورە لێیان رازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە رازیبوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن خوای گەورەش سەرفرازو سەرکەوتووە.

# پێناسەی سورەتەکە و بابەتەکانی

ئێمە لەم سورەتە و لە سورەتەکانی تری ئەم جوزئەدا لەگەڵ روداوەکانی سییرەدا دەبین لە قۆناغی مەدینە و سەرەتای کۆمەڵگە ئیسلامییەکەی، لەگەڵ کۆمەڵە موسوڵمانە تازە پێگەیشتووەکەدا دەبین کە پەروەردە دەکراو دیدو هەڵوێستەکانی بۆ هەڵدەسەنگێندراو ئاراستە دەکرایەوە پێی، تا شیاوی ئەو رۆڵە جیهانییەی ببێت کە لە داهاتووی نزیکدا لە رابوون و بێداربوونەوەیدا دەیبێنێت. نەك هەر لە سەر ئاستی ناوچەکەی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئەو سەردەمەو سەردەمەکانی دواتری. هاتنەکایەوەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو دەوڵە ئیسلامییەکە هەر بەشێك نەبوون و نین لە ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵکو دیاردەیەکی روونی قەدەری گەردوونین. دەسپێکی ئەم رۆڵە گەورەو کاریگەرو گرنگە هەر لەو سەرەتایەوەیە کە دیدو تێڕوانینی نوێی دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ هێنایە کایەوە. دیدو تێڕوانێنێکی وا کە بووە ئەو عەقیدە جێگیرەی بنەماکانی ژیانی لەسەر دامەزرا. هەرچی لە هزرو هۆش و دڵ و دەروونی تاك تاکەکانی ئەم کۆمەڵە موسوڵمانەدا دەچەسپی لە واقیعی کۆمەڵکاریی کۆمەڵە موسوڵمانەکەو ژیانی واقیعی کۆمەڵگەکەشیان دەچەسپی. بنەماو بناغەکانی عەقیدەکە کە کەسایەتی تاك و کۆی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی لەسەر دامەزرا. هەر ئەو بنەماو بناغانەشبوو کە ژیانی واقیعی دەوڵەت و کۆمەڵگەکەشی لەسەر دامەزرا، تا (عەقیدە و جەماعەت و بزاوت)ەکە لە واقیعی مرۆڤایەتییدا سازکەن و بە جیهانیان بڵێن: ئەوەی کە موسوڵمانان دەخوازن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ بانگهێشت بکەن و نیشاندەن ئا ئەم نموونە واقیعییەیە کە ژیانی تاك وکۆ، کۆمەڵگەو دەوڵەت دەبێت لەسەر بنەمای ئەو دیدوتێڕوانینە عەقائیدییە دابمەزرێن، کە ئەم نوخبە

هەڵبژاردەی لەسەر گۆشکراوە.. ئەم رۆڵە گەورەو کاریگەرو گرنگە، ئامادەسازییەکی گشتگیریی هەمەلایەنەو تەواویی دەخواست.

ئەو موسوڵمانانەی کە قەدەری خوای گەورە بۆ ئەو رۆڵە کاریگەرە جیهانییەی پەروەردە دەکردن، هەر خەڵکانێك بوون لە خەڵکی ئەو کات و شوێنە، هەیانبوو زووتر موسوڵمان بووبوو، باوەڕی پتەوتر رۆچووبوو، لە کۆچکەرەکان و لە پشتیوانەکان (المهاجرون والانصار). ئەمانە دیدو تێڕوانینیان بە پێناسە عەقائیدییەکە تەواو رۆشن بووبوو، دڵ و دەروونیان بۆ خوا ساغ بووبۆوە، گەیشتبوونە ئاستی باڵای هەستی بەرپرسێتی دنیاو قیامەت. گەیشتبوونە قەناعەتی تەواوو لایان بووبوو بە بەڵگەنەوویستی وجودیان، کە مەبەست لە بوون و ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان چییە؟ هەر وەکو کە لە مەبەستی هەبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لەسەر زەمین گەیشتبوون و کارامانە خۆیان شیاوی ئەو رۆڵە قەدگەرییە جیهانییە گەردوونیە دەکرد، وجودی خۆیان لە وجودە گەورەکەی ژیان و گەردووندا دۆزیبۆوەو بووبوون بە بەشێك لە حەقیقەتی وجودی ژیانەکە. ئاوا ئەمانیش وەکو هەر پێکهاتەیەکی گەردوونی بووبوونە بەشێك لە قەدەری خوای گەورە لە بزاوتی گەردووندا. بۆیە زۆر رێك و پێك، سازاو و گونجاو لەگەڵ بزاوتی گەردوونییدا دەبزوتن، رێیان بە خۆیان و کەسی تر نەدەدا لەگەڵ بزاوتی گەردووندا هەماهەنگ نەبێت، چونکە دەیانزانی ملهوڕانی (کوفر) یان لاسارو پێنەگەیشتووانی ناوخۆ لە دەرەوەی ئەم بازنەیەی بزاوتی گەردون و ژیان و مرۆڤی خواناس دەبزوون، نە لە دڵ و دەروونیاندا، نە لە رەفتارو رەوشتیاندا غەیری خواوویستی تێدا نەبوو. بە تەواویی بۆ خوا لێبڕا بوون.

دەقاودەق بەو شێوەیە بوون کە ئەم سورەتە وەسفی واقیعییانەیان دەکات: (لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)المجادلة/٢٢واتە: تۆ کەسانێك نابینیت باوەڕیان بەخوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەبێت، کەچی لەملاوە دۆستایەتی و تێکەڵیی لەگەڵ کەسانێکدا دروست بکەن کە دوژمنایەتی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن، با باوك و باپیری خۆشیان بن، یان کوڕو نەوەو براو هاوهۆزی خۆشیان بن. ئا ئەوانە ئەوانەن کە خوای گەورە ئیمانی لە دڵ و دەروونیدا چەسپاندوون و بە مەعییەتی خۆی و پاشان فریشتەکانی لایەنگیری کردوون، لە ڕۆژی دواییشدا دەیانخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕوبارو جۆباریان پێدا دەڕوات و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، چونکە خوای گەورە لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازیبوون! ئەوانە حزبی خوان، ئەهلی خواویستی و ڕێزدارانی لای خوای گەورەن، بە تەئکید حزبی خوای گەورەش سەرفرازو سەرکەوتوو بەختەوەرن.

بەڵام ئەم کەسە پێشڕەوە دامەزراوانەی سەرەتا لە چاو ژمارەی زۆری موسوڵمانانی دواترەوە کەمبوون، قەبارەی کۆمەڵە موسوڵمانەکە بەردەوام و خێرا لە زیادبوونێکی ڕۆژانەی بەرچاودا بوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ئیسلام بوو بە خاوەنی دەسەڵات و هێزو هەیبەت، تەنانەت پێش فەتحی مەککەش، بۆیە ئەو خەڵکانەی بە لێشاو دەهاتنە ڕیزی موسوڵمانانەوە زۆرینەیان پشکێکی تەواوی پەروەردەبوونی وەرنەگرتبوو. هێشتا زۆر نەبوو کە لە ژینگەی ئیسلامدا ژیانی نوێی ڕێکدەخست و مابووی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی نەفس و کوفری دەرێ.

ئەمە جگە لەوەی کە دووڕووەکانیش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان سەرزارەکی موسوڵمانبوونیان ڕاگەیاند، بێ ئەوەی نەسیمێکی ئیمان شنەی بەدڵیان کردبێت. ئەمانیش لە هەڵی زەربەدان دەگەڕان و چاوەڕوانی دەرفەتی خۆڕاپسکان بوون، سەرێکیان لە سەربازگەی ئیسلام بوو، سەدان سەوداشیان لە سەربازگە بەهێزەکەی کوفر بوو، کە دنەیان دەدان و یەکتریان دژ بە ئیسلام هان دەدا، جا بەرەی موشریکەکان بوو بێت یان بەرەی جولەکەکانی مەدینە.

پەروەردەکردنی ئەم نوخبەیەو ئامادە سازییان بۆ ئەو ڕۆڵە گەورە گەردوونییەی قەدەری خوای گەورە بۆی خواستوون. کە لەسەر ئەم زەمینەدا ببینن. ڕەنجی زۆری وویست. پشوودرێژییەکی زۆری دەخواست. چارەسەرێکی هێدی و بەکاوخۆی دەوویست، چارەسەری هەموو کێشەکان بچوك بووبن یان گەورە. ئەمەی ئیسلام لەم نوخبەیەدا کردنی بیناسازیی بزاوتێکی وا گەورەو کاریگەر کارێکی زۆر مەزن بوو، پەروەردەکردنێکی زۆر بە ئارام بوو. ئەمە پێغەمبەرەکەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەر پەرشتی وەحی خوا ئەنجامی دا، بیناسازیی کەسانێکی نوخبە کە بیناسازیی کۆمەڵگەو ئوممەتێکیان لەسەر دادەمەزرێت کارێکی سادەو ئاسایی نییە، چ جای دەوڵەتێکی ئیسلامیش لەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکە دابمەزرێت کە کۆمەڵگەکەش بەرهەمی ڕەنج و خەباتی کۆمەڵە نوخبەکەیە، کۆمەڵە نوخبەکەش ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێنابوونیەکایەوەو بۆ ئەو ڕۆڵ و بەرپرسێتیە ئامادەی کردبوون. ئەمەش هەمووی لەسەر مەنهەجەکەی خوا دابمەزرێنرێت. لەسەر تێگەیشتن و ئیستیعاب کردن و هێنانە دیی عەقیدەکەو گەیاندنەوەی. ئەمە کاری هەموو

پێغەمبەرانێکیش نییە چ جای کاری کەسانی تر. لەسەر ئەمەشەوە پاڵنەری ئەم تێگەیشتن و خواناسیی و دینداریی و بانگەوازە بە سەرتاسەری سەر زەمینی ئەو زەمانەشدا تەشەنە بکات و ئەم بانگەوازە بە بزاوتێکی گۆڕانکاریی واقیعییانە بگەێنێتە هەر چوار لای جیهان، پێش ئەوەی مەنهەجەکەی بە کتێب بگەێنێتە وولاتەکانیان!

لەم سورەتەدا – لە هەموو ئەم جوزئە خۆشییدا- لایەنێکی ئەو خەبات و رەنجە بێووچانە دەبینین و لە چەندین ئایەتییدا شێوازە نایابەکەی خودی قورئان دەبینین لە بونیاتنانی ئەم نوخبەیەو عەقیدەو هزرو هۆشیان. دەبینین چۆن بە رووداوەکانی ژیانیان پەروەردەیان دەکات. هەست و هۆش و ئینفیعالەکانیان رێك ئاڕاستەی ئەو بیناسازییە کاریگەرە دەکات. هەر لەم سورەتەو – لە جوزئەکە هەموویدا- هەست بە لایەنی تری ململانێی جاهیلییەت و دوژمندارانەی دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلام دەکەین لە موشریکان و جولەکەو دووڕووەکان.

لەم سورەتەدا دیاردەیەکی ڕۆشنتر لە پشتگیریی کردنی خوای گەورە دەبینین کە بۆ ئەم کۆمەڵە موسوڵمانە هەرە دەگمەنەی مێژووی دەکات، هەست دەکەین کە خوای گەورە بە لوتف و رەحمەت و مەعییەتی خۆی ئەم جەماعەتە چاودێریی دەکات، بە مەنهەجی حەقی خۆی گۆشیان دەکات، بە سۆزو بەزەیی خۆی سەرپەرشتیان دەکات. لە ناخی تاك تاکیاندا گەورەیی و مەزنیی و لوتفی خۆی دەڕوێنێت. وایان لێ دەکات هەر یەکەیان وا هەست بکەن کە خوای گەورەو تاکوپاك، خوای زاناو داناو توانا، خوای کارزان و کارجوان سات بە سات وەلیاندایە. لە بچوکترین هەڵوێستی کەسێتی و خێزانی و کۆمەڵکاریان چاوی لێیانەو چارەسەری کێشەکانیان - چەندە بچوکیش بێت- ئیهمال ناکات، هەر

یەکەیان چ وەکو تاك چ وەکو کۆ هەستیان دەکرد خوای گەورە بە ڕیعایەتی خۆی پارێزگاریان دەکات، لە پلانی دوژمن ئاگاداریان دەکاتەوە، تەنانەت ختوورەی دڵی دوژمنەکانیان بۆ وەسف دەکات و هۆشداریان لە هەموو نەخشەیەکیان دەداتێ. ئا ئەمە چ هەستێکی پاڵنەرو هەستکردنە بە نرخ و بەهای موسوڵمانێتی کە هەر یەك لەو یاوەرانە، لەتاك تاکی ئەو نوخبە ئامادەکراوە خواوویستە هەستی دەکرد – بە تاك و کۆ- وان لە دالْدەی خوای بە ئاگاو دەسەڵاتداردا، وان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا کە ئەو بۆی هەڵکردوون و بەڵێنی سەرکەوتنی خۆیان و شەکاوەیی ئاڵاکەیانی لە جیهاندا پێداون. هەستیان دەکرد خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی پەروەردەیان دەکات، دڵ و دەروونیان پاك و پارسەنگ و دابونەریتیان چاك و پارسەنگە. ڕەفتارو ڕەوشت و مامەڵەیان هاوکێشەیەکی پارسەنگە، چونکە بوونەتە ئەندامی سەر ڕاستی حزبواللە. سەربەرزن بەوەی کە خوای گەورە لە ڕیزی عەبدەکانییدا قبووڵی کردوون، لێیان رازییەو حزبەکەی خۆی لەوان پێکهێناوەو ئەو ئاڵای خواوویستیەشی بۆ کردوونەتە ناسینەوەی بەرەو سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان.

سورەتەکە بە دیمەنێکی سەرسوڕهێنی ئەو قۆناغە دەگمەنەی نوخبە موسوڵمانەکە دەست پێدەکات، لەو زەمانەدا کە وەحی خوایی دەهاتە خوارەوەو ئەم نوخبە پاکە دەیانبینی و هەستیان پێدە کردو لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەبزوتن.. ئەم قوناغە تایبەتەی جارێکی تر لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتییدا دووبارە نەبۆوەو ناشبێتەوە، قۆناغی پەیوەندیی ئاسمان و زەوی. پەیوەندی ڕاستەوخۆو بەرجەستەو هەستپێکراو. پەیوەندییەك لەبەر بەشداریکردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەم

نوخبه‌ هه‌ڵبژارده‌دا وه‌حی داده‌به‌زێت.. چی له‌م به‌شداریكردنه‌ی خوای كارزان رۆشنتره‌ له‌ چاره‌سه‌ری كێشه‌ی ئافره‌تێك كه‌ كه‌وتۆته‌ كێشه‌یه‌كی خێزانی خۆیه‌وه‌، به‌ڵام خوای باڵا ده‌رباره‌ی ده‌فه‌رموێ: (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) به‌ ته‌ئكید خوای گه‌وره‌ گوێی له‌ قسه‌ی ئه‌و ئافره‌ته‌ بوو كه‌ ده‌رباره‌ی مێرده‌كه‌ی له‌ گه‌ڵتدا ده‌دواو سكاڵای به‌ره‌و خوا ده‌برد، خوای گه‌وره‌ بیسه‌ری ووتوێژه‌كه‌ی نێوانتان بوو. خوای گه‌وره‌ بیسه‌رو بینه‌ره‌... ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ موسوڵمانه‌، ئه‌م نوخبه‌ هه‌ڵبژاردانه‌، ئه‌م ئافره‌ته‌، هه‌موو هه‌ست ده‌كه‌ن كه‌ خوای كردگاری ئاسمانه‌كان و زه‌وی، كردگاری مرۆڤ و ژیان، گه‌وره‌ و مه‌زن و باڵا ده‌ست، وا ته‌ده‌خول ده‌كاته‌ كێشه‌یه‌كی رۆژانه‌ی خێزانێكی هه‌ژارو داماوو كه‌ناری جه‌نجاڵی ژیان، تا كێشه‌كه‌ی بۆ چاره‌سه‌ر كات، تا حوكمی خۆییان له‌ سه‌ر بداتێ، چونكه‌ خوای بیسه‌رو بینه‌رو به‌ ئاگا -پاك وبێ خه‌وشیی بۆ ئه‌و- خۆی گوێی له‌ سكاڵاكه‌یه‌، خۆی ووتوێژه‌كه‌ ده‌بیستێت، خۆی ئاگاداره‌ ئافره‌ته‌ی داماو چۆن به‌هاناوه‌ خۆی گه‌یاندۆته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و . به‌ چرپه‌و ته‌نها . كێشه‌كه‌ی لا باس ده‌كات، له‌و لاشیانه‌وه‌ خاتووعائیشه‌یه‌ خوا لێی رازی بێت زۆرباش له‌ ووتوێژه‌كه‌ - له‌ به‌ر به‌ ئه‌سپایی دوواندنه‌كه‌یان- حاڵی نابێت، سبحان الله. چ دیمه‌نێكه‌..

دڵ و ده‌روون و هه‌ست و هزرو كیان هه‌مووی پڕ ده‌كات له‌ هه‌ستی وجودی خوای گه‌وره‌و مه‌زنی و میهره‌بانی و سه‌رپه‌شتیارێتی دڵسۆزانه‌ی. یاالله.

بابه‌تێكی تری سوره‌ته‌كه‌ جه‌خت كردنه‌وه‌ی خوای گه‌وره‌یه‌ له‌ ناسین و زانینی دیدو هه‌ڵوێستی دوژمنانی خواو پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كه‌ (یحادون الله ورسوله) كه‌ شه‌ڕی بێئامانی خۆیان به‌رامبه‌ر خواو پێغه‌مبه‌ری خوا

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ راگه‌یاندووه!! كه‌ دوژمنی سه‌رسه‌ختی نوخبه‌ موسوڵمانه‌كه‌ن كه‌ له‌ كه‌ناری خوادایه‌، ئیدی خوای گه‌وره‌ ته‌ئكیدی خوٚیيان بوٚ نوێ ده‌كاته‌وه‌ كه‌ حه‌تمه‌ن ئه‌و دوژمنانه‌ سه‌رشۆڕو نابووت ده‌بن و ده‌به‌زن. شكستی دنیایی ده‌بینن و سزای قیامه‌تیش به‌ سه‌ختی ده‌چێژن.. به‌رامبه‌ر هه‌ر دیدو هه‌ڵوێستێكی دنیاییان حه‌تمه‌ن سزایه‌كی تایبه‌ت ده‌درێن. ئه‌وان ره‌فتاری دوژمنكارانه‌ی خوٚیان نواندووه‌و به‌رده‌وامیشن له‌سه‌ریی، خوای گه‌وره‌ش هه‌ر هه‌موو هه‌ڵوێسته‌كانی بوٚ توٚمار كردوون. ئه‌وان له‌ یادیان ده‌چێت، خوای گه‌وره‌ بیریان ده‌هێنێته‌وه‌. ئه‌وانی نه‌زان و سته‌مكار ئه‌نجامیانداوه‌، خوای بیسه‌رو بینه‌ریش بوٚی هه‌ڵگرتوون: (يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) واته‌: ئه‌وێ روٚژێ كه‌ خوای گه‌وره‌ زیندوویان ده‌كاته‌وه‌ و كارو كرده‌وه‌كانیان ده‌خاته‌وه‌ پێشچاو، ئه‌وان بیریان چوٚته‌وه‌و خوای گه‌وره‌ بوٚی هه‌ژمار كردوون، خوای گه‌وره‌ بیسه‌رو بینه‌رو زانایه‌ به‌هه‌موو شتێك.

بیرخستنه‌وه‌و جه‌خت كردنه‌وه‌ی ده‌رباره‌ی ئاماده‌بوونی خوای گه‌وره‌ سبحانه‌ و تعالى به‌ بیسه‌رێتی و بینه‌رێتی خوٚیه‌وه‌، به‌ شاهیدی و شه‌هیدیی خوٚیه‌وه‌ حازری نێوانتانه‌. ئاگای له‌ هه‌موو چرپه‌و سرته‌تانه‌. ئاگای له‌ ختوره‌ی دڵتانه‌. وانه‌زانن ته‌نها‌ن.. خوای مه‌زنتان وه‌لدایه‌.. هه‌ر ره‌فتارێك (گوفتار و كردار)ێك كه‌ ده‌ینوێنن له‌ سه‌رتانی ده‌نووسێت و له‌ روٚژی قیامه‌تتدا ده‌یخاته‌وه‌ پێش چاوتان: (ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) ئا ئه‌م هه‌واڵدانه‌ به‌و نوخبه‌ پاكه‌ سه‌رڕاسته‌ خوا‌ویسته‌ بێگومان كاریگه‌رییه‌كی هه‌ر زوٚر زوٚری له‌سه‌ریان هه‌یه‌. توندوتوٚڵتریان ده‌كاته‌وه‌. هوٚشیان دێنێته‌وه‌ به‌ر كه‌ ده‌بێ حسابی خوٚیان بوٚ هه‌موو

چرپەو سرتەو دواندنێکی ئەسپایی نێوان خۆیان بکەن. تا زمانیان بەچاکە بگەڕێت. ئا ئەم بڕگەیایە دڵی ئیماندار پڕ دەکات لە هۆش و ترس و هەیبەت و سامی خوای گەورە لە چاودێری و ئاگاداریی. پێشتریش (ئیمان)ەکەی لایبووبووە چاودێریی خۆیی (الرقابة الذاتية). ئەم هەواڵدان و بیرخستنەوەو هۆشدارییە لە بیسەریی و بینەریی خوای گەورەو وەلدابوون و زانین و چاودێریی پێشەکیەکی ئینزارە بۆ کافرەکان (موشریك و جولەکەو دووڕوەکان) کە زۆریان کۆبونەوەو کۆڕ بۆ پلانگێریی و دوژمنکارێتی ئیسلام و موسوڵمانان دەگێڕاو بەردەوام -ڕۆژانە- خەریکی چرپەچرپ و سرتەسرت و قسەهێنان و بردن بوون. ئەمە هەڕەشەیە لەوانیش کە بە هۆش خۆ وەرنەوە. چونکە خوای گەورە بینەرو بیسەرو زاناو ئاگادارە. وا نەزانن تەنهان و کەس ئاگای لە پیلانگێریتان نابێت.. ئاوا دڵی ئەوانیش دێنێتە لەرزە. خەم و پەژارەو دڵەراوکێ و ترسی کەشف بوونیان لە ناخدا دروست دەکات هەڕەشەی فەزح کردنیانەو ئاوا راشکاوو رۆشن.لێیان دەکات، خوای گەورە چاوی لێیانە دەیانبیستێ. دەزانێت هەموو سرتەسرتەکانیان گوناحکاریی و سەرپێچی و یاخیبوونە لە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. خوای گەورەش هەموویان لەسەر دەنووسێت لەسەریان حساب دەکات لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات دەربارەی هەر خورپەو دیدو هەڵوێستێکیان و دەیکاتە هۆکاری سزای سەخت و بەژانی لای خۆی. لە هەمان کاتدا هۆشیارکردنەوەی موسوڵمانانیشە کە نەکەن چرپەو چرپ و سرتەسرتی ئێوەش بەغەیری چاکە و خواناسیی ی بێت.. ئاوا لەم لایەنەشەوە ئاڕاستە پەروەردەکارییەکەی خۆیان پێدەدات و چاودێریان دەکات و رەفتاریان هەڵدەسەنگێنێت.

دواتر دێتە سەر شێوازێکی تری ئەدەب دادانیان، کە چۆن دەبێت لە کۆڕی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆ زەبتورەبت بکەن. سینەفراوان و

گوێڕایەڵ بن. تا بۆیان ببێتە دابونەریتی کۆڕی فێرخوازیی.. فێری شێوازی پرسیاریان دەکات. فێریان دەکات چۆن لە کۆڕی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ویقارو خامۆشییەوە دادەنیشن و قسەی لە قسەدا ناکەن و چاوەڕوانی فەرمان، یان مۆڵەتی چوونەوەیانی لێدەکەن. فێریشیان دەکات کە ئەمە ئەرکە، پێویستە، فەرزە، نەك پیاوەتی و چاکە دەربڕین!

ئەمما باقی ئایەتەکانی سورەتەکە باس لە دیدو هەڵوێستی دووڕوو (موونافیق)ەکان دەکات کە دۆستایەتییان لەگەڵ جولەکەکاندا بەهێزبوو. لایەنیان دەگرتن و لەسەریان هەڵدەدانێ و تەوجیهاتیان لێوە وەردەگرتن، پێکەوە پیلانیان دژی موسوڵمانان دادەڕشت، لەو لاشەوە سەرزارەکی موسوڵمانێتیان نیشاندەداو سوێندیان بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەخوارد کە شوێنکەوتووی ئەون و گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانیین، واش نەبوون. لێرەدا خوای گەورە باسیان دەکات کە چەند درۆزن و سوێند خۆرن و دەیانەوێت بەم سوێندە درۆیانەیان پاکانە بۆ خۆیان بکەن. بەڵکو! لە سزای خوا کەنار درێن!! بەڵکو هەر وەکو لە سزای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆیان قوتار دەکرد لای خوای گەورەش وایان بۆ بلوێت!

خوای گەورە بە تەئکیدەوە هەواڵی حەق و راست و ڕەوای خۆی دەداتە هەموو لایەك کە ئەو کەسانەی دوژمنایەتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن خوای گەورە لەسەری نووسیوون کە زەلیل دەبن و دەست و چاوشۆڕ دەبن و زەرەرمەند هەر ئەوانن. هەر بەو تەئکیدەشەوە هەواڵی حەق و راست و ڕەوای خۆی دەداتە هەموو لایەك کە خۆم و پێغەمبەرەکانم زاڵ و باڵا دەست

دەبین. بۆ ئەوەی لەم بەرابەرێتییەدا بچووکیان بکاتەوە و بە چاوی شۆڕەوە خۆیان زەلیل و سووك ببینن. وا نەزانن بەرەی ئەوان بەسەر بەرەی خوای کارزان و بەتوانادا زاڵ دەبێت. ئەمەش لایەنێکی تری ئاڕاستە پەروەردەییەکەی خوای گەورەیە بۆ موسوڵمانانی بازنەی دووەم و سێیەمی دەوری نوخبە هەڵبژاردەکە کە هێشتا مابوویان لە خواناسیی یندا قوڵببنەوەو لەوە دڵنیابن کە ئاڕاستەی سرەوت و بزاوت وچۆنیەتی ململانێ و بردنەوە و سەرکەوتنی کۆتایی لە دەست خوای گەورەدایە. نەك بە هێزو تواناو ژمارەی بەرەی کوفرەوە پەیوەست بێت. لەم لایەنەشەوە ئەو موسوڵمانانەی ئاڕاستە دەکرد کە جاری وا هەبوو هێزی کوفریان بە بەدەسەڵات دەهاتە پێشچاوو نەیان دەوویست پەیوەندییەکانیان بە تەواویی لە گەڵیاندا بپچڕێنن. تا لەوە دڵنیایان کاتەوە کە سەرکەوتن نسیبی بەرەی ئیماندارانە. چونکە خوای گەورەو بەهێزو بە توانای تێدایە و بەرەی ئەو بەر نابووت و شکست خواردوو بەزیووە. ئیدی بۆچی هەندێك کەس سوورە لەسەر نەپسانی پەیوەندی خۆی بە تاقمەکانی بەرەی کوفرەوە؟! ئاوا خوای گەورە دەیوویست ڕیزی ئیمانداران سەربەخۆ بن و بواری دزەی کوفرو کافرانی تێدا نەمێنێت. دەیوویست هەموو هەست بەوە بکەن کە مادام لە ژێر سایەی ئاڵای خوادان، با دڵنیا بن لە سەرەنجامی ڕۆشنیان، با شانازیی بە بەرەی خۆیانەوە بکەن کە لە ژێر چاودێریی و سەرپەرشتیارێتی خوای بەدەسەڵاتدایە، با لەوە دڵنیا بن کە خوای گەورە بەرەی ئەمان دەپارێزێت گەشەو نەشونمایان پێدەکات تا بۆ ڕۆڵە جیهانییە قەدەرییە گەردوونییەکەی خۆیان ئامادە بکات.

لە کۆتایی سورەتەکەدا وێنەی قەشەنگ و جوان و پەسەندی حزبواللە دێت. حزبی ئەو نوخبە خواوویستەی لە خواناسیی و خواپەرستی و بانگەوازو جیهاددا ڕوواون و بوونەتە سەر مەشقی موسوڵمانانی هەموو نەوەیەك تا قیامەت..

نموونەی کۆمەڵەی موهاجیرین و ئەنصار دەخاتە پێش چاوان، تا ئەو کەسانەی هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دین و دینداریتییدان بزانن لەکوێدان و چەندیان ماوە بگەنە ئەو ئاستەی ئەو نموونە خوازویستییەی لێیە! بۆیە کۆتایی سوورەتەکە بەو شێوەیە دەهێنێت کە هەرگیزاو هەرگیز نموونەیەکی تری ئاوات بەردەست ناکەوێت: (لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).

# هۆی هاتنەخوارەوەی

## سەرەتای سورەتەکە

لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا ئەگەر مێرد بە ژنی خۆی بووتایە (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) واتە پشتت وەکو پشتی دایکمە، یان پشتت وەك پشتی دایکم بێت، ئیتر ئەو ئافرەتەی لێ حەرام دەبوو، نە بە تەڵاقدراو هەژمارد دەکرا تا شوویەکی تر بکاتەوە، نە بە خاوەن مێرد! مێردەکەشی مافی خۆیی هەر پێوە دەما! ئەمەش لایەنێکی ئەو دابونەریتە کۆمەڵاتییە ستەمکارە بوو کە ستەمی زۆری لە ئافرەت کردبوو. لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا ئەم رەفتارە بە تەڵاق حسێب بوو. چونکە ئافرەتەکەی وەکو دایکی خۆی لێ حەرام دەبوو. کە ئیسلام هات ئەم یاسایەی ئیلغاکردەوە.[1]

ریوایەتەکانی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانەی سەرەتای ئەم سورەتە زۆرن، بوخاری لە سەحیەکەیدا کتاب التوحید بە (موعەللەق)ی و ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداوود و نەسائی و ئیبنوماجەو ئیبنوئەبوحاتەم و ئیبنوجەریر گێڕاویانەتەوە کە بەهۆی حاڵەتی خاتوو خوەیلە (یان خەولە، کچی ثەعلەبە) هاتەخوارەوە کە (ئەوسی کوڕی صامت)ی مێردی وای پێووتبوو.

ئیمامی ئەحمەد رحمەالله دەفەرموێ: سەعدی کوڕی ئیبراهیم و یەعقوب هەردووکیان ووتیان: باوکم لە محمد ی کوڕی ئیسحاقییەوە گێڕایەوە کە مەعمەری کوڕی عەبدوالله‌ی کوڕی حەترە قسەی بۆ کردن کە یوسفی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی سەلام لە خوەیلەی کچی ثەعلەبەی بیست کە فەرمووی: بەخوا

[1] صحيح فقه السنة ابو ماللك كمال ابو السيد ب٣ ل٣٧٠.

قەسەم ئەو ئایەتانەی سەرەتای سورەتی موجادەلە لەسەر من و ئەوسی کوڕی صامت (مێردەکەی) هاتە خوارەوە، فەرمووی:

ژنی ئەوس بووم، لای بووم، پیاوێکی پیر بوو، رەفتاری زۆر خراپ بوو بوو، رۆژێك هاتەوە ماڵەوە شتێکم لەگەڵدا باسکرد پێی توڕە بوو، ئیتر پێمی ووت: پشتت وەکو پشتی دایکم بێت، پاشان لەماڵ چووە دەرێ. پێم ووت: توخنم ناکەویت هەتا خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکمی خۆیانمان لەسەر نەدەن، بۆم گەڕایەوە و پەلاماری دام.. چونکە ئەو پیر بوو منیش گەنج، نەمهێشت بمخاتە ژێر خۆی. وەکو هەر ئافرەتێکی گەنج کە دەرەقەتی پیاوێکی پیر بێت فڕێم دایە لاوەو دەرپەڕیم. خۆم گەیاندە ماڵە دراوسێیەك و پۆشاکێکم لێ خواستن و پۆشیم.. چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە خزمەتییدا دانیشتم، بەسەرهاتەکەمم بۆ گێڕایەوەو باسی بەدرەفتارییەکەشیم بۆ کرد. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی (يَاخُوَيْلَةُ، ابْنُ عَمِّكِ شَيْخٌ كَبِيرٌ، فَاتَّقِي اللهَ فِيه) واتە: هۆ خوەیلە ئامۆزاکەت (مێردەکەت) پیاوێکی پیری بەساڵدا چووە، لە بەر خاتری خوا رێزی بگرە. خوەیلە (یان خەولە) دەفەرموێ: بەخوا قەسەم لە شوێنی خۆم نەجوڵابووم کە قورئان دەربارەم هاتەخوارێ. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەوتە ئەو حاڵەتەوە کە عادەتەن وەحی بۆ دەهات دەکەوتە ناویەوە. پاشان کە تەواو بوو فەرمووی: (يَا خُوَيْلَةُ، قَدْ أَنْزَلَ اللهُ فِيكِ وَفِي صَاحِبِكِ قُرْآنًا) واتە: هۆ خوەیلە بە تەئکید خوای گەورە قورئانی دەربارەی خۆت و هاوسەرەکەت ناردە خوارەوە. پاشان ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندمەوە (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ

سَمِيعٌ بَصِيرٌ) تا دەگاتە: (وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ) پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرمووم: (مُرِيهِ فَلْيُعْتِقْ رَقَبَةً) بڕۆ فەرمانی پێبدە (پێی بڵێ) با کۆیلەیەك ئازاد بکات، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا نییەتی کۆیلەیەك بکرێت و ئازادی بکات. فەرمووی: (فَلْيَصُمْ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ) واتە: با دوو مانگ لەسەریەك بە ڕۆژوو بێت، عەرزم کرد: بەخوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پیرەو توانای ڕۆژووگرتنی نییە. فەرمووی (فَلْيُطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا) واتە: با خۆراکی شەست هەژار بدات، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندەی نییە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (فَإِنَّا سَنُعِينُهُ بِعَرَقٍ مِنْ تَمْرٍ)واتە: دەی سا ئێمە بە زەمبیلەیەك خورما هاوکاری دەکەین. عەرزم کرد: دەی سا منیش بە زەمبیلەیەکی تر خورما هاوکاری دەکەم. فەرمووی (قَدْ أَصَبْتِ وَأَحْسَنْتِ فَاذْهَبِي فَتَصَدَّقِي بِهِ عَنْهُ، ثُمَّ اسْتَوْصِي بِابْنِ عَمِّكِ خَيْرًا) واتە: بە تەئکید پێکات و چاکت کرد، بڕۆ لە جیاتی ئەو بیکە بەخێر، دواتریش (بچۆرەوە و) ڕەفتاری چاك لەگەڵ کوڕەمامەکەتدا بکە. خوەیلە دەفەرموێ: منیش هەر وام کرد.

# لێکدانەوەی ئایەتەکان

## ئایەتی (١-٤)

(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ * الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ * وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ)

قَدْ: پێی دەوترێت (حرف تحقيق) حەتمییەتی روودانی کردارەکەی دوای خۆی دەسەلمێنێتکە روویداوە. (ئەگەر کردارەکە رابوردوو بوو) وەکو ئەم ئایەتەی ئێرە، یان ئایەتی (لاَّ تَعْتَذِرُواْ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا اللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ)التوبة/٩٤. ئەگەر رانەبوردوو بوو مانای ئەگەر (ئیحتیمال) دەدات وەکو (قد يكون، قد يذهب، قد يسافر..). ئەمە بەگشتی، بەڵام مانای پڕێتی و تەواوێتی گشتگیریی کردارەکەی دوای خۆشی (کە رانەبردووە) دەدات. وەکو (قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا)النور/٦٣.

سَمِعَ اللَّهُ: بە تەئکید خوای گەورە بیستی. بیستی: یەکێکە لە سیفەتە کردەوەییەکان (الصفات الفعلیة)ی خوای گەورە. بیستنی زۆر مەخلووق بە گوێچکەیە، بەڵام ناشێت بووترێت خوای گەورە گوێچکەی هەیە، چونکە لە ئایەت و فەرموودەدا نەهاتووە، وەکو کە (ید، وجه...) دەست و ڕوو هاتووە... ئەهلی سووننەت و جەماعەت لە شەرحی ئایەت و فەرموودەی سیفاتی خوای گەورەدا (زاتی بن وەکو دەست، یان کردەوە، وەکو هاتن و هاتنە خوارەوە و بیستن و بینین...) دەفەرموون: ئەم سیفەتانە سیفەتی خوای گەورەن بەڵام چۆنیەتیەکانیان (الکیفیة) نازانین. هەر خوای گەورە دەزانێت چۆنە. چونکە پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆنیەتییانی دیاری نەکردووە.

الَّتِي: ئافرەتەکەیە کە ناوی خەولەیەو بۆ نازداریی بچوك کراوەتەوە بۆ (خوەیلە) وەکو: اخی: کاکە کە دەبێت بە (اخيی) واتە کاکەچکۆل. بچوك کردنەوەی ناو بۆ ڕێزو نازە، یان بۆ سووکایەتی، لە کوردیشدا وایە. دەشێت بە مەحمود بڵێی (خولە) بۆ سووکایەتی پێکردنی هەر وەکو بۆ خۆشەویستی دەڵێی: (خولە) گیان. لە بادینانیش بە (ۆ) بچووکی دەکەنەوە وەکو (بەکر/ بەکۆ)، (لەتیف/ لەتۆ)، (محمد / حەمۆ).

زَوْج: بە ژن و بە مێردیش دەوترێت زەوج. وەکو لە ڕیوایەتدا هەیە (أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وشەی (هاوسەر)یش پڕاوپڕی زەوجەو بۆ هەر دووکیانە.

يُظَاهِرُونَ: لە (ظهر)ەوە هاتووە کە پشتە، پشت پێچەوانەی ڕووی یەکەمی شتە، چاوگەکە (ظهار) واتە: ووتنی ڕستەی (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) لە لایەن مێردەوە بە ژنەکەی خۆی. واتە: پشتت وەکو پشتی دایکمە.. لە ڕووی زاراوەییەوە یەعنی (پشتت وەکو دایکم بێت) واتە چواندنی ژنی بە مەحرەمێتی دایکی، مەرجیش نییە

هەر پشتی بڵێ، دەشێت هەر ئەندامێکی تری جەستەی ئافرەتەکەی بە ئەندامی جەستەی دایکی بچوێنێت.

يُظَاهِرُونَ شێوازی کۆی (يُظَاهِر)ە واتە: کەسێك کە وای بە ئافرەتەکەی ووتبێت.

اللَّائِي: اسم موصولە و وەکو (اللاتى)یە، بۆ کۆمەڵە مێینەیە.

زُور: بوختانە، قسەیەکی خراپ کە پێچەوانەی راستی بێت و بخوازرێت ناحەق پێبکرێت بەحەق یان حەقی پێبکرێت بە ناحەق.

تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ: ئازادکردنی کۆیلە، پێی ووتراوە (رَقَبَة) چونکە کۆیلە وەکو ئاژەڵ پەت دەکرایە گەردنی، بە بەرەڵاکردنییان دەوت گەردن ئازاد کردنی.

مُتَتَابِعَيْنِ: یەك لە دوای یەك: دوا بە دوای یەکتریی.

يَتَمَاسَّا: تَمَاسَّ: پێك گەیشتن و لێکخشان و بەرکەوتنە، بەڵام لێرەدا مەبەست سەرجێییە (نوستنی ژن و مێرد پێکەوە: جیماع کردنیان).

## ماناى گشتى ئايەتەكان

(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ * الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ * وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ)

واتە: بە تەئکید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست کە هاتە خزمەتت و دەربارەی مێردەکەی لە گەڵتدا دووا، کە هاواری بوو لە دەستی و سکاڵای بۆ خوا دەهێنا. خوای گەورە ووتووێژی نێوان هەردووکتانی دەبیست، خوای گەورە بیسەرو بینەرە. (١) ئەو کەسانەتان کە ظیهار لە ئافرەتەکانی خۆیان دەکەن و بە دایکی خۆیانیان دەچوێنن، نابنە دایکیان، چونکە دایکانیان هەر ئەوانەن کە ئەمانیان لێبووە. (واتە هەر چەندە بەو قسەیە حوکمی دایکیان وەرناگرن و وەکو دایکیان لێیان حەرام نابن)، بەڵام ئەمە قسەیەکی نارەواو خراپەو بوختان و درۆیە کە دەیکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا خوای گەورە بەرامبەریان هەر لێبووردەو لێخۆشبووە. (٢) ئەو کەسانەی ظیهار لە ئافرەتەکانی خۆیان دەکەن و پاشان لە قسەکەیان دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە لە کردنی) بۆ ئەوەی ئافرەتەکانیان لێ

حەلاڵ بێتەوە، دەبێت پێش ئەوەی توخنیان بکەونەوە کۆیلەیەك ئازاد بکەن، (نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا بخەوێت هەتا کەفارەتەکەی بە تەواوی نەدات، کەفارەتەکەش ئازادکردنی کۆیلەیەکە) ئەمە راسپاردەی خوای گەورەیەو حوکمی بنبڕێتی لەم مەسەلەیەدا، بۆیە بۆتان روون دەکاتەوە تا ئامۆژگاریی خوای گەورە وەرگرن، خوای گەورە شارەزای ئەو کارو کردەوانەتانە کە دەیکەن. (٣) ئەگەر کەسێك کە ظیهاری کردو کۆیلەی دەست نەکەوت تا ئازادی بکات، یان نەیبوو بیکڕێت و ئازادی بکات، دەبێ دوومانگ لە سەریەك بەرۆژوو ببێت، پێش ئەوەی پێکەوە بخەونەوە (سەرجێی بکەنەوە) تادوو مانگەکە بە رۆژوو نەبێت و تەواو نەبێت، بۆی نییە سەرجێی لەگەڵدا بکاتەوە. ئەگەر توانای رۆژووگرتنەکەی نەبوو دەبێت ژەمە خۆراکی شەست هەژاری موستەحەق بدات. ئەوە بۆ ئەوەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی بەهێز بێت و بە شەرعەکەیەوە پابەند بن. ئەوە سنوری ئەحکامی دینەکەی خوایە (مەیبەزێنن و پێوەی پابەند بن) کافرەکانیش سزای سەختیان دەبێت. (٤)

# سکاڵاکەی خاتوو خەولە

## خوا لێی رازی بێت

ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: معاویە بۆی گێڕاینەوە: ئەعمەش لە تەمیمی کوڕی سەلەمەوە، ئەویش لە عورووەوە گێڕایەوە کە خاتووعائیشە خوا لێی رازی بێت فەرمووی: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الْأَصْوَاتَ، لَقَدْ جَاءَتِ الْمُجَادِلَةُ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تُكَلِّمُهُ وَأَنَا فِي نَاحِيَةِ الْبَيْتِ مَا أَسْمَعُ مَا تَقُولُ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا)المجادلة/١ ئیبنوئەبوحاتەم بە هەمان سەنەددا (ئەعمەش لە تەمیمی کوڕی سەلەفە و ئەویش لە عورەوەو ئەویش لە خاتووعائیشەوە کە پورێتی دەگێڕێتەوە: کە خاتووعائیشە خوالێ رازی بێت فەرمووی: (تَبَارَكَ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ كُلَّ شَيْءٍ، إِنِّي لَأَسْمَعُ كَلَامَ خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ، وَيَخْفَى عَلَيَّ بَعْضُهُ، وَهِيَ تَشْتَكِي زَوْجَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَهِيَ تَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَكَلَ شَبَابِي، وَنَثَرْتُ لَهُ بَطْنِي، حَتَّى إِذَا كَبِرَتْ سِنِّي، وَانْقَطَعَ وَلَدِي ظَاهَرَ مِنِّي، اللَّهُمَّ إِنِّي أَشْكُو إِلَيْكَ، فَمَا بَرِحَتْ حَتَّى نَزَلَ جِبْرَائِيلُ بِهَؤُلَاءِ الْآيَاتِ (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ) واتە: خاتووعائیشە خوا لێی رازی بێت فەرمووی پاك و بێ خەوشی بۆ خوای گەورە کە هەموو چرپەیەك دەبیستێ، من خۆم گوێم لە هەندێ قسەی خەولەی کچی ثەعلەبە بوو لە هەندێکی تریشی حاڵی نەدەبووم کە سکاڵای خۆی لە مێردەکەی لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد، دەیووت: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەموو سەروەت و سامانی خواردم و گەنجێتییەکەمم تێدا فەوتاند و سکم بۆ هەڵڕشت (تا منداڵێ زۆری لێم ببێت) ئیتر کە بە ساڵدا چووم و نەزۆك کەوتم ظیهاری لێم کرد. خوایە سکاڵای خۆم دێنمە لای تۆ.

دەفەرموێ: هێشتا لە شوێنی خۆی هەڵنەستابوو کە جوبرەئیل عَلَيْهِ السَّلَام ئەو ئایەتەی هێنایە خوارەوە ( قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا).

**سەیدنا عومەرو خاتوو خەولە خوا لێیان رازی بێت:**

ئیبنوئەبوحاتەم دەفەرموێ: باوکم بۆی گێڕاینەوە کە موسای کوڕی ئیسماعیل (ئەبوسەلەمە) قسەی بۆ کردین کە جەریر (واتە ئەبوحازم) فەرمووی: گوێم لە ئەبویەزید بوو باسی ژنێکی دەکرد کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابی لە سەر رێ راگرت ناوی خەولەی کچی ثەعلەبە بوو... سەیدنا عومەر کۆمەڵێك خەڵکیشی لە خزمەتدا بوون، سەیدنا عومەر بەرێزەوە بۆ ئافرەتەکە راوەستاو لێی نزیك بۆوە و گوێچکەی لێ نزیك کردەوە و هەر دوو دەستی خستە سەرشانی ئافرەتەکەو گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو... تا تەواو بوو، کە ئافرەتەکە رۆیشت ئینجا ئەم رۆیشت، کابرایەك عەرزی کرد: ئەرێ ئەی ئەمیری موسوڵمانان پیاوماقوڵانی قوڕەیشت لە بەر خاتری ئەم ئافرەتە پیرە راگرت! فەرمووی: هەی داماو! چما نازانی ئەمە کێیە؟ عەرزی کرد: نەخێر، فەرمووی: ئەمە ئەو ئافرەتەیە کە خوای گەورە لە پشت حەوت چینی ئاسمانەکانەوە سکاڵای بیست.. ئەمە خەولەی کچی ثەعلەبەیە.. بەخوا قەسەم ئەگەر تا شەو لێرەدا رایگرتمایە بۆی دەوەستام، مەگەر خۆی بڕۆیشتایە.. هەر دەوەستام بۆی تا قسەکانی دەکردو دەڕۆیشت، مەگەر بۆ نوێژ بەجێم بهێشتایە، ئەو کاتەش نوێژەکەم دەکردو دەهاتمەوە لای رادەوەستام تا قسەی تەواو دەبوو.

## دەرسی یەکەم

ئایەتی یەکەم

(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ
سَمِيعٌ بَصِيرٌ).

واتە: بە تەئکید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست کە ووتوێژی لەگەڵدا دەکردیت و سکاڵای خۆی بۆ خوا دەبرد، خوای گەورە گفتوگۆی نێوانتانی بیست، خوای گەورە بیسەرو بینەرە.(١)

* * *

وا دەزانم ماناکەیمان چەند جار روون کردەوە و ئێستا رۆشنە، مەگەر ئەوە بۆ بیرخستنەوە بهێنمەوە کە سەید قوتب رحمەالله دەربارەی روداوو ئایەتەکە دەفەرموێ: (ئەوە ئەو بەسەرهاتەیە کە خوای گەورە ووتووێژی ئەو ئافرەتەی بیست کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیکرد. ئەوە ئەو بەسەرهاتەیە کە خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەوی بە گەورەیی و میهرەبانی خۆی لە پشت حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە حوکمی خۆی تێدا ناردە خوارەوە، تا مافی ئافرەتەکە نەفەوتێت و بیدرێتێ. تا خەیاڵ جەم ودەروون هێمن و کیان ئۆقرەگرتووانە رەفتارکاتەوە. تاپشێویی دەروونیی خۆی و مێرەکەی سرەوت بگرێت و چارەسەرێکی کێشەکە کە دەشێت هەزاران جاری تر دووبارە. بێتەوە، بخاتە بەردەستی موسوڵمانانی هەموو کات و شوێن و نەوەیەك. سورەتەکە بەم بەسەرهاتە دەست پێدەکات سورەتێکی قورئان! قورئانی پەیامی نەمری خوای کردگارو خاوەن پەروەردگار کە (وجود) لە هەموو لایەکەوە هێدیانە لەگەڵ

هەموو چرپە و خورپەیەكی ئەوان و ووشەیەكی ئایەتەكەدا سەرنج لە گەورەیی و میهرەبانی خوای گەورە دەدات بەرامبەر مرۆڤ. لە مرۆڤیشدا، نوخبە موسوڵمانەكەی دەوری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لە ناو ئەوانیشدا ئافرەتێك لەو هەزاران ئافرەتانەی ئاسایی دەكەوتنە كێشەی خێزانییەوە.. ئەم خوا گەورە و بەدەسەڵاتەی كارگێڕیی هەموو ساتێكی ژیانی هەموو گیانلەبەران و تەگبیریی سات و ئانی هەموو كائینات لە ئاسمانەكان و زەوییدا دەكات و ئاگای لە هەموانە، سكاڵای ئافرەتێكی خاوەن كێشەش دەبیستێت و بەدەنگیەوە دەچێت و چارەسەرەكەی بە پێغەمبەرەكەی خۆیدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەداتی. سبحان اللّٰه.

## ئایەتی دووەم سێیەم و چوارەم

(الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ * وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ).

واتە: ئەو کەسانەتان کە ظیهار لە ئافرەتەکانیان دەکەن (کە پێیان دەڵێن وەکو دایکمی) قسەیەکی ناقۆڵاو بەدوو درۆو بوختان دەکەن، چونکە ئافرەتەکانیان دایکیان نین، دایکیان ئەوانەن کە لێیان ئیجاد بوون، خوای گەورە لێبوردەو لێخۆش بووە. (٢) ئەو کەسانەتان کە ظیهار لە ئافرەتەکانیان دەکەن وپاشان لێی دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە لە ظیهارەکەیان) دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکەن (پێش ئازادکردنی کۆیلەکە کە کەفارەتی ظیهارە)کەیە نابێت لەگەڵ ئافرەتەکانیاندا جووت بن (سەرجێیی جیماع بکەن) ئەمە حوکمی خوای گەورەیە کە ئامۆژگاریتان دەکات پێوەی پابەند بن، خوای گەورە شارەزای ئەو کارانەتانە کە دەیکەن.(٣) هەرکەسێك نەیتوانی کۆیلە ئازاد بکات دەبێت دوو مانگ لە سەریەك بەڕۆژووبێت (تا ڕۆژووی هەر دوومانگەکەش تەواو نەکات کە کەفارەتی ظیهارەکەیە) نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا جووت ببێت (جیماع بکات) ئەگەر ئەم

رۆژووگرتنەشی لە توانادا نەبوو دەبێت خواردنی شەست کەس بدات کە هەژارو دەسکورتن، ئەمەیە حوکمی خوای گەورە، دەبێت تەسلیمی بن وقبوڵتان بێت مادام باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، ئەمە سنوری خوای گەورەیە (نەیبەزێنن) حەتمەن کافرەکانیش سزای بەژانیان دەبێت.(٤)

ئینولقەیم رحمەالله دەربارەی حەرامێتی ظیهار دەفەرمویٚ: (ظیهار حەرامە و موسوڵمان نابێت بیکات) چونکە خوای گەورە دەرهەق دەفەرمویٚ: کە (مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ) قسەیەکی خراپ و ناپەسەندە (وَزُورًا) درۆو بوختانی ناڕەواشە، ئەم دووانەش هەر دووکیان حەرامن، لە لایەکەوە هەواڵێکی درۆو قسەیەکی نابەجێ یە کە بلێ (پشتت وەکو پشتی دایکمە) چونکە ئەمە وا نیەو درۆیە، لە لایەکی تریشەوە بڕیارێك لەسەر ئەو ناڕەواییە دادەمەزرێنێت، کە ئافرەتەکەی لە خۆی حەرام دەکات.[1]

* زۆرینەی پێشەوایانی شەرع -جگە لە ئیمامی شافیعی رحمەالله لە قەولی قەدیمییدا- هەروەها زاهیرییەکان، هەموو دەفەرموون: خێزانەکەی خۆی بە هەر ئافرەتێکی مەحرەمی خۆی بچوێنێت هەر ظیهارە، وەکو ئەوەی بچوێنێت بە نەنکی یان پووری یان خوشکی.. خوشکی دایك و باوکی بێت یان خوشکی شیریی. بە پشتی بچوێنێت یان بەئەندامی تری جەستەی هەر ظیهارە، چونکە وەکو زۆرینەی

[1] ابن القيم زاد المعاد ٣٢٦/٥.

شەرعناسان دەفەرموون هەموویان لە حوکمی نەخواستنیاندا وەکو دایکن، کەوابوو ظیهاریش کە چواندن بێت بەوان هەمان حوکمی چواندن بە دایکی هەیە.. ئەمەش رای پەسەندە، چونکە بەڵگەکانی بەهێزترن.[1]

* ئەسڵ ئەوەیە کە مێرد ظیهار لە ژنی خۆی نەکات بەڵام ئەگەر کردی ئەوە کەفارەتەکانێتی کە بەرێز ئایەتەکە باسی کردوون، ئەگەر کەسێك بۆ ماوەی مانگێك ظیهاری لە ئافرەتەکەی کرد بۆ نموونە لە رەمەزاندا جائیزە، چونکە ریوایەتی سەلمانی کوڕی صەخری ئەنصاری دەربارەی حاڵەتێکی وایە کە لە رەمەزاندا ظیهاری لە ئافرەتەکەی کرد، بەڵام شکاندی و شەوێك چووە لای. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەفارەتەکەی بەو ریزبەندییە خستە پێش چاو، ئەمەش بە هەمان شێوەی ئەوسی کوڕی صامتی مێردی خاتوو خەولەی کچی ثەعلەبە هیچ کام لە کەفارەتەکانی نەتوانی بدات.[2]

* ظیهار لە ئەسڵییدا ستەمێکی ئەهلی جاهیلییەتی پێش ئیسلام بووە، کە لە ناو عەرەبەکاندا باو بووە، بەڵام ئیسلام ئەو کەفارەتە قورسانەی بۆ دانا تا وا دەگمەنی کرد کە نزیك بوو لە نەمانی. لە لایەکەوە ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد، لە لایەکی تریشەوە رێگایەکی تری چارەسەریی کۆیلەیی کە رێساکانی جەنگی کۆن کردبوویانە مافێکی سروشتی براوەو سەرکەوتووەکان و دیل و بەزیووەکانیش قەناعەتیان پێی هەبوو کە ئەوە یاسای زاڵبووانە! لەملاوە کێشەیەکی خێزانی هەیە کە لە نێوان ژن و مێردێکدا روویداوە، بەڵام چارەسەرەکەی چارەسەری

[1] لە شەرع ناسییدا مەسەلەی ظیهارمان بەتەفسیل روون کردۆتەوە والحمدلله.
[2] ترمذي ١٢٠٠، ئەبوداوود ٢٢١٧، ئیبنوماجە ٢٠٦٢، بەیهیقي ٣٩٠/٧ فەرموودەیەکی حەسەنە (صحيح فقه السنة ٣٧٢/٣).

دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتیشە. بۆیە لە لایەکەوە ڕەفتارەکەیان لا دزێوو ناقۆڵا دەکات، کە نارەواو خراپ و درۆیە، لە لایەکی تریشەوە کەفارەتی قورسی بۆ چارەسەری داناوە کە بەم ڕێزبەندییەیە:

١- کۆیلەیەك ئازاد بکات: هەر وا بە (نەکیرە: نەزانراو)ی، بەڵام لە کەفارەتی کوشتن (قەتڵ) دا دەفەرموێ: کۆیلەیەکی موسوڵمان. هەندێك لە شەرعناسان فەرموویانە ئەو کۆیلەیەی لە کەفارەتی ظیهاردا ئازاد دەکرێت، مەرج نییە موسوڵمان بێت چونکە ئایەتەکە بەرەهایی و گشتی دەفەرموێ: کۆیلەیەک، بەڵام ئیمامی شافیعی رحمەالله دەفەرموێ: مەرجە کۆیلەیەکی موسوڵمان بێت، چەند بەڵگەیەکیش لەسەر ئەوە هەیە کە ئێرە شوێنی موناقەشەکردنیان نییە.

٢- ئەگەر کۆیلە نەبوو، یان هەبوو ئەو لە توانای داراییدا نەبوو، دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو ببێت، بێ ئەوەی کەلێنیان تێبخات.

٣- ئەگەر هیچیانی نەتوانی دەبێت حەتمەن خۆراکی شەست هەژار بدات، نەشیبێت عەفوو ناکرێت، دەبێت پەیدای کات، چونکە لە ڕوداوەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە نە ئەوس و نە سەلمانی کوڕی صەخرو نەکەسانی تریش هیچیان نەبوو، بەڵام یارمەتیدران تابۆی کۆبکرێتەوە و بیدات.

* لە کەفارەتی یەکەم و دووەمدا دەفەرموێ: (مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا) پێش ئەوەی پێکەوە جووت ببنەوە، واتە جیماعی لە گەڵدا بکات هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون: بۆی نییە (جیماع)ی لە گەڵدا بکات دەنا دەستبازیی و پێهێنانەوەی لێ حەرام نییە. بەڵام زۆرینەی پێشەوایان دەفەرموون کە دەسبازیی کردنیشی جائیز نییە، تا کەفارەتەکە نەدات. ئەمە بۆچوونی ئیمامان ئەبوحەنیفەو مالیك و

شافیعی (لە قەولێکیدا) و بۆچوونی مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدیشە رحمەالله، وا دیارە ئەمیشیان پەسەندتر بێت والله اعلم. چونکە: ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: (أَنَّ رَجُلا أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ ظَاهَرَ مِنِ امْرَأَتِهِ فَوَقَعَ عَلَيْهَا فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ ظَاهَرْتُ مِنْ زَوْجَتِي فَوَقَعْتُ عَلَيْهَا قَبْلَ أَنْ أُكَفِّرَ فَقَالَ:'وَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ يَرْحَمُكَ اللَّهُ' قَالَ رَأَيْتُ خَلْخَالَهَا فِي ضَوْءِ الْقَمَرِ قَالَ:'فَلا تَقْرَبْهَا حَتَّى تَفْعَلَ مَا أَمَرَكَ اللَّهُ بِهِ)[1] کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و عەرزی کرد ظیهارم لە ئافرەتەکەم کرد، بەڵام پێش ئەوەی کەفارەتەکەی بدەم چوومەوە لای، فەرمووی (ئێ رەحمەتی خوات لێ بێت بۆ چی واتکرد؟) عەرزی کرد: خرخاڵ و پاوانەکانی پێیم لە بەر تیشکی مانگەشەوەکە بینی! فەرمووی: دەی سا توخنی مەکەوەرەوە تا ئەوە جێبەجێ دەکەیت کەخوای گەورە فەرمانی پێداویت.

* ( ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ) شێوازێکی نەرم و نیانی خوای گەورەیە لە تەمێکردنی ظیهارکاردا، دەنا وەکو ابن کثیر دەفەرموێ: مەبەست لێی زەجرو سەرزەنشت کردنێتی و بە دواشییدا دەفەرموێ: (وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) واتە: خوای گەورە شارەزاو ئاگاداری ئەو کارو کردەوانەتانە کە دەیکەن. تا هۆشداریان بداتێ کە دینداریتان کە لە نێوان خۆتان و خوای گەورەدایە دەبێت وابێت بووبێتە هەستی چاودێریی ئیمانی تا کاری وا نەکەن، ئەگەر کردتان خۆی لێ نەدزنەوە، ئەگەر کەفارەتەکەتان بەسەردا درا بیدەن و هەوڵ مەدەن خۆی لێ راپسکێنن.

[1] ئەبو داوود ٢٢٢٣ و ترمذی ١١٩٩ ونەسائی ١٦٧/٦ ودەشفەرموێ (مورسەل)ە واتە یاوەرسەحابە کەی لە زنجیرەی سەنەدەکەیدا کەوتووە بەڵام هەر نەسائی دەفەرموێ (هو أولى بالصواب) تفسیر ابن کثیر ٢٩٦/٤.

* (وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ) ئەمە ئەو سنورەیە کەخوای گەورە لە نێوان حەرام وحەلاڵدا دیاری کردووە، پێوەی پابەند بن. خوای گەورە (١٤)جار باسی سنوری ئەحکامەکانی شەریعەتی خۆی کردووە (١٢)جاریان لە کێشەکانی ئافرەتدایە ظیهار و تەڵاق و میرات و. هتد، وەکو بخوازێت بە هۆشداریی دان بە پیاوان و بیرخستنەوەی تەقواو بەرپرسێتی قیامەت لەو سنورانەدا بیان وەستێنێت و بەهێزی بازوو و پلەی کۆمەڵایەتی و پیاو سالاریی کۆمەڵگەکەیانەوە هەڕاڵ (مەغروور) نەبن و وا بزانن سنوورشکاندنیان بۆ دەلوێت و دەتوانن ئافرەتی موسوڵمان کە لە کۆتی جاهیلیەت رزگار بووە، بگێڕرێتەوە ناو هەمان ئاستی خوارەوەی مەزڵومێتی ئەو پیاوانەی هەستی ئیماندارییان بەهێزە لە حەنای ئەم هۆشدارییەو لە بەرامبەر ئەو سنورانەدا دڵیان دا دەچڵەکێت و نەوێرن توخنیان کەون.. بۆیە لە هەموو کێشەیەکی نێوان ژنان و پیاواندا، پیاوانی تەقوا کار ئامادەن تەنازوول لە هەندێك مافی رەوای خۆیان بکەن لەبەرخاتری ئەوەی مافی ئافرەتەکانیان نەکەوێتە لا، ژنی بێت یان دایك وخوشکی کە پشکی میرایتان بەردەکەوێت.. خۆم نموونەی پیاوانی دیندارو جوامێرم لە خزمانی خۆمدا دیووە والحمدلله.

* دوا بە دوای باسکردنی سنوری مەحرەم وئەحکامی شەریعەتەکەی خۆی دەفەرموێ: (وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ) تابێت بەئینزارێکی تری ژن و پیاوی موسوڵمان بەتایبەتی مێردەکان.. تا بە ئەحکامی شەرع رازیبن و پێوەی پابەند بن، چونکە ئەوی کە شەرعی خوای پێ قبووڵ نییە و رەفزی دەکاتەوە یان دەیگۆڕێت، کافرەو بە تەئکید سزای بە ژان دەدرێت. دوای ئەم کۆتاییە هەڕەشەئامێزە لە

یاخیبووان لە شەرع یەکسەر دێتە سەر باسی ئەوانەی دوژمندارێتی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن، کە دیارە ئەوانەن کە بە ڕێبازی خوایی رازی نەبوون و لێی تەوەلا بوون.

* لەگەڵ روون کردنەوەی ئەحکامەکاندا - کە وەکو یاسا دەکەوێتە بەردەستیان- هەست و هۆشی ئیمانی و چاودێریی تەقواکاریی و هەستی مەسئوولییەتی قیامەتییان بەردەوام بیر دەخاتەوە. بڕوانە بەرامبەری یەك حوکمی شەرعی یەك کێشەی کۆمەڵایەتی، چۆن هەر خۆیان دەکاتەوە بە راپەڕێنەری ئەحکامەکان، ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە ئەحکامی شەرع ئەگەر موسوڵمانان (دەوڵەت و دەسەلات)یشیان نەبوو شەرع خۆی لە ناخیاندا حاکمی دەسەلاتدارەو ناچاری ملکەچییان دەکات ئەوە ئەو هەستەیە کە بیرمەندو سیاسەتمەدارو کۆمەڵناس و یاساناسانی رۆژئاوا خۆزگەی بۆ دەخوازن لە هاووڵاتیانیاندا هەبێت، چونکە لە وولاتی ئەوان هەر کەسێکیان . لە سەرۆکەوە تا رەشۆکی سەرجادەکانیان . ئەگەر چاوی چاودێریی یاساو پۆلیسیان لێ دیار نەما بە رۆژی نیوەڕۆ هەموو مافێکی یەکتریی هەڵدەلووشن! ژیاین و دیمان[1] .

بڕوانەرەوە ئایەتەکان و کۆتاییان: (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ)، (وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا)، (إِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ)، (ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ)، (وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)، (ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا

---

[1] نەك هەر لە ئەفریقاو سۆڤیەت و یوگوسلاڤیاو دەوڵەت و کۆمەڵگەی سۆشیالیستانی کۆندا بەڵکو لە ئەمریکای دڕندەدا.. کە زریانی (کاترینا) لە شاری (نیوئۆرلاین)ی داو زۆرینەی گەڕەکەکانی وێران کرد. هەر خەڵکی شارەکە خۆیان چەك و سەیارەو زرێپوشی پۆلیسیان دزی و کردیانە هۆکاری تالانکردنی بانق و کۆمپانیاو بازاڕو ماڵەگەورەکان!! حکومەت بە هێزی سوپا دوای چەند رۆژێک توانی شارەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە..

بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ)، (تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ): ئەم هەموو ئاراستە و بیرخستنەوە و حەزەردانە، بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهازی ناخی هەر یەکەیاندا بدوێت، تا راستەوخۆ هەست بەوە بکات کە عەبدایەتی و موسوڵمانێتی ئەوە دەخوازێت هۆشی لە گوناح و تاوان و سنوور بەزاندن بێت، ئەوە دەخوازێت دڵی بە ئیمان زیندووی خۆی هەست بە چاودێریی و زانایی و هێزو دەسەڵاتی خوای گەورە بکات و بشزانێت کە چۆن لێرە رەفتار دەکات، لەولاش ئاوا پاداشت یان سزا دەدرێتەوە (الْجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ الْعَمَلِ).

## دەرسی دووەم

ئایەتی پێنجەم و شەشەم

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ * يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ).

واتە: ئەو کەسانەی کە دوژمندارێتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن شکست دەخۆن، زەلیل و ژێردەستە دەبن، هەر وەکو ئەو کەسانەی پێش ئەوان زەلیل و ژێردەستەبوون (سەرەنجامی دوژمنایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێت) زۆرمان نیشانەو بەڵگەی رۆشن - لە سەر راستگۆیی پێغەمبەرانمان- هێنایەوە. ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناوە سزای سەر شۆڕانەیان دەبێت.(٥) رۆژێك دێت کە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە و کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆمارکردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەری هەموو شتێکە و شاهیدی لەسەر دەدات.(٦)

ئایەتەکانی دەرسی یەکەم باسی حوکمی خوای گەورەیە لە شوێنکەوتووانی دینەکەی، کە چۆن بە ئاگایی و بیسەریی و بینەریی خۆی، بە زانایی و توانایی و دانایی خۆی سەرپەرشتیان دەکات و ئاراستەی گەشەو نەشونمای کۆمەڵکارییەکەیان دەکات و چارەسەری کێشەکانیان دەخاتە بەردەستیان. لەم دوو ئایەتەی دەرسی دووەمماندا دەبینیت حوکمێکی توند بەرامبەر بەرەی

بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان رادەگەیێنێت. جەنگێکی ئاشکرای بێ مساوەمە بەرامبەر بەرەی دوژمنانی خۆی و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ . کە بە پێچەوانەکاریی کەوتوونەتە دوژمندارێتی بەرەی ئیمان . رادەگەیێنێت..

. (يُحَادُّونَ) وێنەی هێڵی سنورێك دەنوێنێت، کە لەوبەریەوە بەرەی کوفرە کە بەو پەڕی نەفامیی و هەڕاڵیی و لووتبەرزییەوە بەرامبەر بەرەی ئیمان وەستاونەتەوە، ئەمبەریش موسوڵمانان.. کە لێرەدا ووشەی (يُحَادُّونَ) دێنێتەوە کە سنوور دیاریکردنە، بەرامبەر (تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ)ەکەیە، کە موسوڵمانان پێوەی پابەند دەبن و وەکو کافرەکان سەرکەشانە سنوور نابەزێنن و یاخی نابن و ناکەونە دوژمنداریی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. تەنها ووشەی (يُحَادُّونَ)ەکە خۆی وێنەی دوو بەرەی ناکۆك و دژبەیەك دەکێشێت. جگە لەوەی کە دیدو هەڵوێستی بەرەی دوژمنیش وا دەناسێنێت کە زۆر گەمژانەو موستەهیترانە بەرەی دوژمنایەتیان پێکهێناوەو شەڕیان دژی بانگەوازی خوایی راگەیاندووە.. خوای گەورە دەیەوێت دژواریی هەڵوێستەکەیان بخاتەوە بەر چاویان، کە ئەمە کاری کردن نییە!! مەخلوقێکی بێ دەسەڵات و لاواز بەو دەست وسەرو دەسەڵاتە مەغروربووەیەوە کە هەر خوای خاوەنی داوێتێ! ئاوا لەخۆی بایی بووەو هاتۆتە بەربەرەکانێی خوای کردگارو مرێنەرو رۆزیدەری زانا و بەتوانا. هەر بە یاخیبوون و سەرپێچیەکەوە نەوەستاوە کە بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە پابەندنەبووە، بەو بێ دەسەڵاتییەی خۆیەوە جەنگی بەرامبەر خوای گەورەو دین و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ راگەیاندووەو سنورێکی بە

حسابی خۆی بۆ بەرەی دیدو تێڕوانین و هەڵوێست و مومارەسەو هێزو دەسەڵاتی خۆی کێشاوە!!!.

خوای گەورە بە شێوەی دوعا بۆ ترساندن و بیرخستنەوەو بیرکردنەوەیان لە چارەنووسی رەشی خۆیان دەفەرموێ: (كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ) واتە: هەی زەلیل و چاوشۆڕو ژێردەستە بکەون، هەر وەکو ئەوانەی پێش خۆیان کە زەلیل و چاوشۆڕو ژێردەستە کەوتن، چ ئەوانەی بەرەی دوژمنداریێتی پێغەمبەرانی پێشوو یان پێکهێناو شکستیان خوارد، چ ئەم کافرانەی قورەیش کە بە مەغرووریەوە هاتنە شەڕی ئیسلام و لە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی بەدردا لووتیان شکاو زیاتر لە حەفتا کوژراو حەفتا دیلیان داو بە سەر شۆڕیی و واوەیلای ژنانەوە گەڕانەوە مەککە.

ئەگەر مەبەست لەمە دوعا بێت کە خوای گەورە لێیان دەکات، مانای بڕیاری قەدەریانەشیەتی و تازە گەڕانەوەی نییە. چونکە فەرمانی خوای گەورە کە دەرچوو رەتکردنەوەو وەستاندن و ئاڕاستەگۆڕینی نییە. کەوابوو حەتمەن ئەمانیش هەر ئەو چارەنووسەیان دەبێت. بیست ساڵی پێنەچوو لە فەتحی مەککەدا (٨ك) هەموو چاوشۆڕو کزو کڵۆل کەوتن و چاوەڕێی لێبوردنە گشتیەکەی پێغەمبەری پیشەوا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. خۆ ئەمانە نیشانەو بەڵگەی رۆشنن بۆ هەر کەسێك ئەم روداوە مێژوویانە دیراسە بکات، زۆر زوو دەگاتە حەقیقەتی رەهای ئەم ئایەتانە: (وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ).

ئەمانە بەو دیدو هەڵوێستە کوفرینانەیان کافر بوون. چارەنووسی کافرانیش لەقیامەتدا دیارەکە چییەو چۆنە (وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ) چارەنووسی کافران هەر سزاو ئازارو ژان و سەرشۆڕیی و سووکایەتییانە.

ئایەتەکە باس لە دیدو هەڵوێستی دژواری ئەو بەرە شەڕانیەی کوفرە دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەنەوویست کە: مادام ئەوان لە نەزانی و دیدلێڵییانەوە نییە کە ئەو بەرە دوژمنداریتیەیان پێکهێناوە. بەڵکو: (عن عمد وسبق الاصرار) واتە بەئەنقەست و سووربوونی پێشترەوە ئەو هەڵوێستەیان گرتۆتەبەر. کەوابوو دەبێ ئەوە باش بزانن کە سزای دنیاو قیامەتیان بەسەردا دەرێت. ئەمەش رۆشن و ئاشکرایە.

پاشان چارەنووسەکەیان کە لە رۆژی قیامەتدا حەتمەن دێتەرێییان بە شوازێکی دڵهەژێن و دانایی و پەروەردکارانە باس دەکات، کە دەفەرموێ: (يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) رۆژێك دێت کە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە و کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆمارکردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەری هەموو شتێکە و شاهیدی لەسەر دەدات

هەر هەموویان. زیندوو دەکاتەوە. هەموویان پێکەوە (کۆمەڵ نیشانەی هێزە) بەڵام ئەمانە بە هەر هەموویان ناتوانن کەسێکیان لەو چارەنووسە رەشە قوتار بکەن.. هەمووشیان سزای سەرشۆڕانەو سووکایەتی دەچێژن. ئەم وەسفی ئازارو سزایە بەم سیفەتی (مُهين)ە لێرەدا مەبەستە. چونکە سزای هەڕاڵیی و لووتبەرزیی و خۆبەزلزانینە. سزای دەمهەراشی گاڵتەجاریی و جنێودان و سوکایەتیکردنەکەیانە بە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. بە دین و دینداران. با ئاوا چاوشۆڕ بکرێن، ئەو چاوانەی لە هەڕەشەکردنیاندا زەق

دەبوون، لا لغاوەیان کەفی تێدەپەڕی و سووردەبوونەوە. با ئێستا داخ کرێن، زنجیرکرێن، رابکێشرێن. ئەم زەلیلییە لەبەر چاوی هەموو مرۆڤایەتییە کە زیندووکراونەتەوە، لە ساحەیەکدا، لە ساحەی گاڵتەجاڕی و هەڕەشە مەغروورەکانی ئەوان بەرفراوانترەو لە دەشتێکی بەریندایە. تەماشاوان زۆرترن. بەربەستی نەدیتنیان نییە. دوژمندارێتییەکەی ئەوان، سزاو ئەشکەنجەکانی دنیای ئەوان و مەحروومکردنی موسوڵمانان لە نان و ئەمان، زوڵم بوو، ناڕەوایی بوو، چونکە موسوڵمانان هیچیان نەکردبوو، تەنها دینداڕێتییان راگەیاندبوو. بەڵام ئەم ئازارو سزا سەرشۆڕیی وسووکایەتی پێکردنەی قیامەتی ئەمان حەقە و ڕەوایە، خوای گەورە کردەوە دوژمنکارانەکانیان نیشاندەداتەوە، پێیان دەڵێتەوە. هەر چەندە ئەوان بیریان چۆتەوە. بەڵام خوای گەورە هەر هەمووی تۆمار کردوون، هەموو ڕەفتارێکی هەژمارد کردوون: (فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ) ئێستا لە قیامەتدان و هەموو حەقیقەتەکان بەرەهایی لە واقیعێکی بەرچاوانیاندا دەبینن: هەبوونی خوا، قیامەت، کار تۆمارکردن، بیستن و بینین و بەئاگایی خوای گەورەو هێزو دەسەڵات ومەزنیی، زانایی ودانایی و بەتوانایی. لەسەر ئەمانەشەوە (سجل)ی تۆمارکردنی کردەوەکانیان. خۆشیان ئێستا هەست دەکەن کە لە خۆوە سزا نادرێن، بۆ حەزو ئارەزوو ناخرێنە ژێر ئەشکەنجەوە، بۆ سەلماندنی هێزو ئازایەتی زنجیربەند نەکراون. نا، (بِمَا عَمِلُوا). ئینجا سەیری کۆتایی ئایەتەکە بکە: (وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) شهید: صیغەی موبالەغەی (شاهد)ە، کە (اسم فاعل)ە، واتە زۆر شارەزای شاهیدیدان و زۆری شاهیدی داوە، وەکو (عالم) کەب ووە بە (علیم)، (ناصر) کەبووە بە (نصیر) شاهدیش بە ئامادەبوونی یان لەڕێی هەواڵی راستگۆوە زانیاری لا دروست بووە، ئینجا (زانیاری) یەکەی کردووە بە ڕوونکردنەوەو ئیقرار، شاهید بوونییەکەی بە (ئامادەبوون) و

(دیتن) پەیدا كردووە. ئینجا بێ ترس و بێ تەماع ئەوەندەی شاهیدی داوە لەسەر حەق زەوت كردن، تا بووە بە شەهید. ئەمە شاهیدو شەهیدی مرۆڤە.. بەڵام خوای نادیارزان (علام الغیوب)، خوای شاهیدو شەهید خۆی داوەریان دەكات.. خۆی ناكۆكی و راجوێییان یەكلا دەكاتەوە. خۆی حەق و ناحەق و راست و درۆ لێك جودا دەكاتەوەو بە زانستی خۆی تاوانبار دەناسێنێت و بەدادپەروەریی و دەسەڵاتی بێ وێنەی خۆی سزاكەیان بەسەردا دەدات. ئیتر ئەم گەمژەو نەفامانەی دنیا، ئەم خوانەناسانە بۆچی هەڵوێستەیەكی بیركردنەوە ناكەن؟! بۆچی كەمێك هزریان ناخەنەكار؟ ئاخر خۆ ئەوانەی پێش ئەمانیش هەر وابوون: رقن و بوغزن و گەوج و نەفام. سەركەش و مەغروورو هەراڵ، خۆیان بەخاوەن هێزی لەبن نەهاتوو دەزانی. بەڵام كە بە سەریشیاندا هات هزرو هێزیان نەما. ئەوەتا ئێستا بە زەلیلی پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و دەڵێن: (لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ)الملك/١٠ ئاخر ئەگەر گوێمان بگرتایەو ئەقڵمان پێ بشكایە چۆن ئاوا دەبووینە ئەهلی دۆزەخ؟!

ئاوا لە چەند ئایەتێكی كورتی رەوانبژییدا دوو وێنە خراونەتە روو، بە هەموو بزاوت و سرەوتێكی دەرون و رەفتارەوە. وێنەیەكی سۆزو بەزەیی و سەرپەشتیارێتی و بایەخپێدان و بەهاناوەچوونی ئافرەتە موسوڵمانێك.. وێنەیەكی تری غەزەب و خەشمی خوای گەورەو وویست و دەسەڵاتی تۆڵەو فەرماندەێتی بۆ بەرەی ئیمانداران دەكات لەو بەرەی شەڕەدا كە فاجرانی نەفام و رقن، بەرامبەر بەرەی ئیمان و ئیمانداران رایانگەیاندووە. وێنەكان تواناو زانیینی خوای گەورە نیشان دەدەن دەربارەی هەموو سرەوت و بزاوت و رەفتارەكان و زانینی (غەیب)ی

چارەنووسی قیامەتی ئەو شەڕانییە هیچ لەباردانەبووانە! خوای گەورە خۆی ئامادەی هەر دوو بەرەكەیە، بە بیستنی و بە دیتن، بە شاهیدیدان و تۆمار كردنی هەڵوێستە جیاكان بەرەی ئیمان لە ناخ و واقیعیاندا هەست بە (وجود)ی خوای كردگارو پەروەردگارو میهرەبان و بە دەسەڵات دەكەن كە وەلیاندایە.. بەرەی كوفریش دەزانن كە خوای گەورە وەلیاندا نییە و هۆشداریی و ئینزارە خواییەكان بە جیددی وەرناگرن، یان باوەڕیان پێیی نییە، بۆیە شایانی ئەو سووكایەتی و چاوشۆڕییەن.

ئینجا خوای گەورە بۆ سەلماندنی شاهیدیی و شەهیدییەكەی خۆی باس لە تواناو زانین و بەئاگایی خۆی دەكات، بە شێوەیەك كە ژێیەكانی دڵ هەستی پێدەكەن، ئەوەش ئایەتەكانی حەوتەم وهەشتەمن. كە لە دەرسی سێیەممانداندان:

## دەرسی سێیەم

ئایەتی حەوتەم و هەشتەم

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ وَلا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلا أَكْثَرَ إِلاَّ هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ * أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ).

واتە: مەگەر نازانیت کە خوای گەورە دەربارەی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن دەزانێت چین و کێن، سێ کەس پێکەوە چرپەبکەن ئاگای لێیانە چونکە چوارەمیان ئەوە، پێنج بن شەشەمیان ئەوە، لەوانە کەمترین یان زیاتر هەر خوای گەورەیان وەلدایە، لەهەر کوێیەك بن، پاشان کارو کردەوەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەخاتەوە بەر دەست، خوای گەورە زانیاری تەواوی بە هەموو شتێك هەیە. (٧) مەگەر نابینیت ئەوانەی ڕێی چرپە چرییان لێگیرابوو، کەچی هەردەکەونەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغەکرابوو! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی کردنە، چرپەی یاخیبوونە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. کە دێشنە لات واسڵاوت لێناکەن کە خوای گەورە فەرمانی بەو

سڵاوە داوە و خۆشی وا دەیکات کە (السلام علیك)ە، لەوان بەجۆرێکی تر سڵاو دەکەن (دەڵێن:السام علیك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن تۆ بڵێیت بەم جۆرە سڵاوە (دوعا لێکردنەی) لای خوای گەورە گوناحبار ببین و خوای گەورە سزامان بدات لەسەری؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت. (٨)

خوای گەورە دوای ئەوەی چەند جار لەئایەتەکانی پێشوودا جەختی لەسەر زانینی خۆی کردەوەو نیشانییدا کە وەکو کە بیسەرو بینەری هەموو شتێکە، ئاگای لە هەموو حاڵەت ورەفتارێکیشە، لێرەدا باس لەچرپە دەکات. لە دواندنی بە ئەسپایی.. چرپەی خێرو چرپەچرپە (سرتەسرت)ی پلان و پیلان و دووزمانی و ئاژاوەگێڕان.

دەفەرموێ: مەگەر نازانێت کە خوای گەورە زانیاری بە هەموو شتێك هەیە کە لە ئاسمانەکاندان، هەروەها هەموو شتێك کە لە زەویدایە (سەر زەوی و توێژاڵ و ناخی) هەر چرپەچرپێکیش لە نێوان کەسانێکدا بکرێت، خوای گەورە پێی دەزانێت و تۆماری دەکات، خێر بێت یان شەڕ. نهێنی و رازدرکاندنی ئەسپایی وچرپەی سێکەس بێت هەر دەزانێت و تۆماری دەکات، چونکە خوای گەورە بە زانستی خۆی چوارەمیانەو وەلیاندایە. پێنج کەس بن خوای گەورە شەشەمیانەو قسەکانیان دەبیستێت و هەواڵ دەداتە پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێت. لەو ژمارە ناوبراوانە کەمتر بن یان زیاتر هەر خوای گەورەیان وەلدایە. لە هەر کوێ بن، لە هەر کاتێکدا بن. هەر کەسێك بن و لە هەر حاڵەتێکدابن. هەر چەندە بە ئەسپایی بە گوێی یەکترییدا بچرپێنن خوای گەورە پێی دەزانێت و لەسەریان تۆمار

ده‌کات، تا له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا بیخاته‌وه‌ به‌رده‌ستیان. له‌ کۆتایی ئایه‌تی حه‌وته‌میشدا جه‌ختکردنه‌وه‌یه‌کی تر له‌ په‌یبردن و زانینی هه‌موو شتێك ده‌کاته‌وه‌و باس له‌ سیفه‌تی (عَلیم)ێتی خوای گه‌وره‌ ده‌کاته‌وه‌.، ده‌فه‌رموێ: (إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) خوای گه‌وره‌ - به‌ ته‌ئکید – په‌ی به‌ هه‌ر هه‌موو شتێکی (وجود) ده‌بات و هه‌موو شتێکیش ده‌رباره‌یان ده‌زانێت. ئه‌مه‌یه‌ مانای (صیغة المبالغة)ی (علیم) که‌ ناوی بکه‌ره‌که‌ی (عالم)ه‌.

- ناوی بکه‌ر (اسم فاعل) ده‌شێت یه‌کجار بێت، وه‌کو (السارق والسارقة) به‌ڵام ئه‌گه‌ر دزییه‌که‌ی کرد به‌ پیشه‌، بوو به‌ پسپۆڕو زۆر شاره‌زای ئیتر ده‌بێته‌ (صیغة المبالغة) که‌ له‌ سه‌ر وه‌زنه‌کانی (فعیل، فعال، فعول. هتد) وه‌کو:

-عالم/علیم، قادر/قدیر، فاهم/فهیم.

-صابر/صبار، ساحر/سحار، سامع/سماع.

-صابر/صبور، کاتم/کتوم، صادق/صدوق.

* ئیبنو که‌ثیر رحمه‌الله‌ ده‌فه‌رموێ: (زیاتر له‌ زانایه‌ك کۆڕا (ئیجماع)ی عه‌قیده‌ناسان و زانایانی نه‌قڵ کردووه‌ که‌ مه‌به‌ست له‌م وه‌لبوونه‌ی خوای گه‌وره‌ (هُوَ مَعَهُمْ) وه‌لدا بوونه‌ به‌زانیاری و زانینی خۆی پاشانیش خۆی (ئیبنو که‌ثیر ده‌فه‌رموێ: (ولاشك في ارادة ذلك) واته‌ گومان له‌وه‌دا نییه‌ که‌ مه‌به‌ست لێ ئه‌وه‌یه‌.

ئه‌م به‌ مه‌زن و دژوارو هه‌ستیاردانانه‌ی چرپه‌کردن و په‌ی پێبردنی خوای گه‌وره‌و ئاگالێبوون و تۆمار کردن و هێنانه‌وه‌ پێشه‌وه‌ی له‌ قیامه‌تدا وه‌کو پێشه‌کی و ده‌روازه‌و ڕێڕه‌وی ناوه‌رۆکی ئایه‌تی دوانزه‌یه‌، که‌ ده‌فه‌رموێ:

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ) (٨)مەگەر نابینیت ئەوانەی رێی چرپە چرپیان لێگیرابوو، کەچی هەر دەکەوتنەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغەکرابووا! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی کردن، چرپەی یاخیبوون لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. کە دێشنە لات وا سڵاوت لێناکەن کە خوای گەورە فەرمانی بەو سڵاوە داوە کە (السلام عليك)ە. بەڵام ئەوان بە جۆرێکی تر سڵاو دەکەن (دەڵێن: السام عليك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن تۆ بڵێیت بەم جۆرە سڵاوە (دوعا لێکردنەی) لای خوای گەورە گوناحبار ببین و خوای گەورە سزامان بدات لەسەری؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت.

زۆر ئەهلی تەفسیر دەفەرموون ئەمە باسی جولەکەکانی مەدینەیە کە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدینەدا فاکوفیك و چرپەچرپ و جرتوفرتیان لە ناو خۆیان و لەگەڵ دوژمنەکانی ئیسلامدا زۆر بوو. تەنانەت موسوڵمان هەبوو کە دەیبینن وا پێکەوە خەریکی چرپەچرپن و لە سەر رێگاکانیاندا مۆڵ دەبن، لە ترس و سڵکردنەوەیدا رێی خۆی دەگۆڕی. تا چەندبن جار ئەمە لە چەندین موسوڵمان دووبارە بۆوە، ئیتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هۆشداریی دانێ، کە ئەم رەفتارە گومانلێکراوەیان کۆتایی پێ بهێنن. بەڵام دیارە کە وازیان لێ نەهێناو هەر بەردەوامبوون لەسەریی. ئەوەش دابونەریتێکی نەوەبەنەوەی جولەکەیە، کە دەسەڵاتدار نەبن، هەروەها رەفتاری ترسنۆکی و فیتنەگێڕیی خەڵکانی تریشە کە لەبەر (حەیانەچوون) یان

(سزانەدران) یان (فەزح نەبوون)ی قسەو قسەڵۆکیان، یان بۆ (بەرپێکردنی ناحەق) و چەواشەکاریی و چاوبەستکردن لە چرپەبۆکراوان ئەم شێوازە دەگرنە بەر. دیارە ئەمەش لەو سەردەمە ناسکەی سەرەتای دەسەڵاتی ئوممەتدا لە مەدینە بووبووە دیاردەیەکی دزێوو پشێویهێن. بۆیە ئایەتەکەش بە شێوازی پرسیاری نکووڵی لێکردن دەفەرموێ: مەگەر ئەوانە نابینیت کە بەرهەڵستی چرپەچرپی پیلانگێڕیی وخراپەیان لێکرابوو، کەچی هەر دێنەوە سەریی و چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی بۆ سەر موسوڵمانان و دژایەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن، کە دێشنە لات سڵاوی وات لێناکەن کە شێوازی خوای گەورەیە لە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دێن وسڵاوەکە (کە السلام عليكم)ە وسڵاوی خوای گەورەیە و سڵاوی پێغەمبەران و پیاوچاکەنەو لە قیامەتیشدا سڵاوی بەهەشتیەوانانە، ئەمان دەیگۆڕن بۆ دوعای شەڕخوازیی ودەڵێن (السأم عليك يارسول الله) واتە مەرگت بێتەسەر!

مەسرووق لە خاتوو عائیشەوە خوا لێیرازی بێت دەگێڕێتەوە (جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْيَهُودِ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالُوا: السَّامُ عَلَيْكَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ، فَقُلْتُ: السَّامُ عَلَيْكُمْ، وَفَعَلَ اللَّهُ بِكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَهْ يَا عَائِشَةُ، فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لا يُحِبُّ الْفُحْشَ وَلا التَّفَحُّشَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَسْتَ تَرَى مَا يَقُولُونَ؟ قَالَ: أَلَسْتِ تَرَيْنَ أَرُدُّ عَلَيْهِمْ مَا يَقُولُونَ؟ أَقُولُ: وَعَلَيْكُمْ) وفي رواية (إِنَّهُ يُسْتَجَابُ لَنَا فِيهِمْ، وَلا يُسْتَجَابُ لَهُمْ فِينَا) چەند کەسێك لە جولەکەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە جێی سڵاو ووتیان: مەرگت لەسەر بێت باوکی قاسم (أبولقاسم: کونیەی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ریوایەتەکە دەفەرموێ: عائیشە، خوا رازی لێی بیت  فەرمووی مەرگ و زەم و لەعنەتی خوا لە ئێوە بێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی هۆ عائیشە، خوای گەورە جنێودان و جنێودەرێتی پێناخۆشە، خاتووعائیشە خوالێی رازی بێت دەفەرموێ: عەرزم کرد مەگەر نەتبیست ووتیان السأم عليك؟ پێغەمبەر خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: دوعای ئێمە لەوان گیرا دەبێت، دوعای ئەوان لە ئێمە گیرا نابێت.

سەرباری ئەم بێ ئەدەبیە یان گەلۆریی و نەفامێتی، یان گوێنەدان بە دابونەریت، زۆر چاوقایمانە، زۆر بێ ئابڕووانە دەڵێن: تۆ بڵێیت خوای گەورە لەسەر ئەم جۆرە سڵاوکردنەمان لێی سزامان بدات؟! لە بەدجنسی خۆیانەوەو لەعەقیدە باتڵەکەیانەوە (کە گوایە جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خوا . شعب الله المتخار - ن) لەو باوەڕەدا نین کە ئەمەیان بە گوناح لەسەر بنوسرێت! رەنگە چاوەڕوانی پاداشتیش بووبن! وەکو شیعەی کەللەپووت کە جنێودانیان بە سەیدنا ئەبوبەکر و سەیدنا عومەرو سەیدنا عوسمان و باقی دە مژدە دراوەکەو خالیدی کوڕی وەلیدو خاتوو عائیشەو خاتووحەفصە خوالێ یان رازی بێت، یان بە هەموو یاوەرانیان، جگە لە حەوت یان نۆیان، کردۆتە دوعاو چاوەڕوانی پاداشتیش دەکەن لەسەریی.. اخزاهم الله.

بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: دۆزەخیان بەسە، هەر دەچنە ناوی ونیشتەجێبوونی زەلیلانەو سزاو ئەشکەنجەی دۆزەخ دەبێتە چارەنووسیان. خوالامانداا.

*خوای پەروەردگار هزرو هۆش، هەست ودڵ، سەرنج و بیرکردنەوە بەرەو زانستی بێ سنوری خۆی رادەکێشێت. بەرەو زانینی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە. بە دیارو نادیارییەوە، زانراوو نەزانراویەوە، بە گەورە بچووکییەوە، ئەوی لەسەر

زەوی و بن زەوییە، ئەوی لە گەردوونی بەرفراواندایە، ئەوی لەبزاوتدایە و ئەوی ئۆقرەی گرتووە!! لەم جیهانە بەرفراوانەوە هزرودڵ وهۆش سەرنج رادەکێشێتەوە بۆ سیفەتەکانی خۆی. بۆ بیستن و زانین و تۆمارکردنی چرپەو سرتەو دواندنی ئەسپایی.. بۆ زانینی مەبەستی دڵ ونیازی خراپەکاریی. کە لە سەریان تۆمار دەکات و دوایی لە قیامەتدا دەیخاتەوە پێش چاویان. ئەوان بیریان چۆتەوە، بەڵام خوای گەورە هەژماری کردووە. یەکیەیەك دەیخاتەوە بەردەستیان.

*دڵی زیندووی خواناس گەورەیی و مەزنیی خوای گەورە هەست پێ دەکات و هۆشدارییەکی هۆشیارانەی لا دەبێتە چاودێری زاتیی. کە خوای گەورە لە هەموو کات و شوێنێکدا، لە هەموو حاڵەت و رەفتارێکدا وا وەل ئەم موسوڵمانەدا! دەیبینێت، لەگەڵ کێشەکانیدایەو چارەسەری دەداتێ، ئاگای لە چرپەو هەست و نەستێتی. ئەم لەگەڵ دووکەسدا بێت خوای گەورە سێیەمیانە، لەگەڵ کەمترو زیاتربێت خوای گەورە وەلیاندایە.. دڵ و هزرو هۆشی خواناسیی تەقواکار ئەم وەلدابوونە بە جۆرێکی تر وەردەگرێت، دڵی رادەچەنێ، گیانی دەلەرزێ، دەبێتە چاودێری بە ئاگای رەفتاری خۆی. هەموو موسوڵمانێك باوەڕی وایە و دەڵێ خوای بەئاگا ئاگای لێمە، دەمبینێت. بەڵام دینداری سەرڕاست ئەم زانینەی هەر وەکو مەعریفەیەکی ناو ناخی خۆی لا نەچەسپیووە، کە عەقیدەکەیەتی، بەڵکو وەکو هەستێکی تەقواکاریی زیندوو ئاڕاستەی دەکات.. ئەمە ئەو هەستەیە کە ئەم دیدو تێڕوانینە عەقائیدییە لە دڵ و هزروهۆشدا دروستی دەکات: (هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا).

*هەر ئەوەندە نییە کە وەلیاندایە و چرپەو رازونیازی پەنهانیان دەبیستێت و تۆماری دەکات، بەڵکو لە رۆژی قیامەتدا پێیان رادەگەیێنێتەوە!! سبحان الله..

ئەمەش عەقیدەو قەناعەتی دڵ و خولیای هزرو بەئاگایی هەست و هۆش لە ناخدا دەیکات بە چاودێری خۆیی (الرقابة الذاتية) کە لە هەموو رەفتارو حاڵەت، لە هەموو کات و شوێنێکدا حزووری هەیە.

*(إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ).

ئاوا ئەم حەقیقەتە، ئەم سیقەتە زاتییەی خوای گەورە، زانینی هەموو شتێك، هەموو زانینێکی شتەکان، بە جۆرەها شێوازی نیشاندان لە ناخی موسوڵماندا دەڕوێنێت و قەناعەتی تەواوی پێدەکات کە خوای گەورەی خاوەن زانینی رەهاو بێ سنوور . کە ئاگاداری هەر هەمووشتێکە . شایانی پەرستنە. تەنها ئەو شایانی پەرستنە. پەرستنیش بەو شێوەیەی کە لایەقی خوایەتییەتی، ئەوەش هەر ئەو جۆرو شێوە خواپەرستیانەن کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روونی کردوونەتەوە.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شێوازی ئامۆژگاریی هێدیانەی لە سەرەتاوە گرتۆتە بەرو داوای لە جولەکەو دووڕووەکان کردووە کە بە دینی خواوە پابەندبن و دابونەریت رەچاوکەن و واز لەو شێوازی بەرهەڵەستکاریی و لاقرتێ و گاڵتەکردنە بە ئیسلام وموسوڵمانان بهێنن. دیارە کە ئەمەش لە سەرەتای قۆناغی مەدینەدایە کە هێشتا دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی مابووی قایم ببێت و کۆمەڵگەکەی مەدینەش مابووی لە خواناسیی و خواپەرستی و پیاوچاکییدا قاڵ و قووڵ ببێتەوە. بۆیە ئەوانە بە جورئەتەوە ئەو شێوازەی سڵاوی خوااویستیان (السلام علیکم) بەو شێوە راشکاوە، گۆڕیووە بۆ (السأم علیکم).

هەر ئایەتەكە دوای باسی ئەم بەرهەڵستیكردنی چپەچپ و پیلانگێرییەیان كە هەردوولایان (جولەكەو دووڕووەكان) پێكەوە دەیانكرد. یان هەر دوولایان و تیرەو هۆزە دوژمنەكانی ئیسلام دەیانكرد، دەچێتە سەر باسێكی تر كە چوونە قۆناغی سەرپێچی كردنیانە لە فەرمانی خوای گەورەو پیلاندانانیانە لە دژی نوخبە ئیسلامییە پێشڕەوەكەو بانگەوازو كۆمەڵكارییەكەی.

هەر لە ئاماژەی ئایەتەكەوە دیارە كە خوای گەورە ناوەرۆكی چرپەچرپ وپیلان وسەرپێچیەكانیانی بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رادەگەیاند، بەمەش ئەوەندەی تر (مەعییەتی خۆی)ی بۆ موسوڵمانان دەسەلماندو بێ خەمی دەكردنەوە كە خوای . كارگێڕیی (وجود) و هەرچی هەیەو تێیدایەتی . وەک كە بێ ئاگایی ناكات لە حاڵەتی كۆمەڵایەتی ئافرەتێكی موسوڵماندا، ئاگای لە چرپەچرپو فاكوفیكی دوژمنانیانەو حەتمەن نەخشە نهێنییەكانی ئەمانیش (جولەكەو دووڕووەكان) هەر وەكو نەخشە نهێنیەكانی قوڕەیش بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی كەشف دەكات.. هەڕەشەی سزای سەختی سەرشۆڕیی دنیاو چاوشۆڕیی قیامەت و بەزینی هەر دوولاشیان رادەگەیێنێت كە حەتمەن سزای جەستەیی و دەروونیی هەردوولایان دەدات. چونكە ئەوان كە ئاوا سڵاوی خوایی دەگۆڕن و سەرباری ئەمەش گێلانە وا دەزانن كە سزا نادرێن لەسەریی! حەتمەن سزا دەدرێن لەسەریی.. جولەكەكان دەیانووت ئەگەر محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوای گەورە بێت حەتمەن خوای گەورە لەسەری دەكاتەوەو لەوانەیە سزایەك تووشی ئێمەش بكات. بۆیە خوای گەورە دەربارەی خۆیان و پێڕو شوێنكەوتووەكانیان دەفەرموێ: دۆزەخیان بەسە. دۆزەخ لە عەوەیان دێت

و سزای سەرشۆڕانەی قیامەتیان سزایەکی دادوەرانەو هەقیانەتە کە پڕاوپڕی هەڵوێستەکانی دنیایانە.

دوای ئەمە خوای گەورە دێتە سەر ئاڕاستەی موسوڵمانان و چرپەو قسەی تایبەتی نێوان ئەمانیش ڕێکدەخات، ئاڕاستەیان دەکات کە ڕازونیازیان کە بە ئەسپایی بۆ یەکتر دەردەبڕن، دەبێت چۆن بێت، تا وەکو چرپەچرپی جولەکەو دیانەکان نەبێت و نەکەوێتە خانەی تاوان و گوناح و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئاوا لە دوو ئایەتی دواتردا ئەم چرپەو ئەسپایی دووانە بە تەقواوە پەیوەست دەکاتەوە.

**لاباسێک لەسەرمەعییەت (وەلدابوون)ی خوای گەورە**

خوای گەورە لە سوورەتی حەدید/٤ دا دەفەرموێ: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ) لێرەشدا: المجادلة/٧ دەفەرموێ (مَا يَكُونُ مِنْ نَجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا) واتە خوای گەورە وەلتاندایە[1].

ئیبنوعەبدولبەڕ رحمه الله کۆڕا (ئیجماع) ی یاوەران و تابیعینی نەقڵ کردووە کە فەرموویانە: (خوای گەورە لەسەر عەرشەو زانینەکەی لە هەموو شوێنێکە)[2].

گەورە زانایانی لیژنەی بەردەوامی وولاتی حەرەمین بۆ ڕێنمایی و بانگەوازو فەتواداران فەرموویانە: ( کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ)

[1]. عادەتەن لە نووسینەکانمدا بۆ خوای گەورە نانوسم لەگەڵدایە، چونکە لەگەڵدا بوون مانای تریشی هەیە. دەنووسم وەلدا بوون کە هەمان مانای هەیە. زۆرینەی خەڵکی گەرمیان بەکاری دەهێنن.

[2] التمهید ٧/ ١٣٨ هەروەها بڕوانە: ئیمامی ئیبنوتەیمیە: مجموع الفتاوی (٢٣٦/٣ و ٤٩٥/٥).

ماناکەی لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیە کە خوای گەورە بە زانستی خۆی وەلیاندایەو ئاگای لە حاڵەتەکانیان هەیە)[1].

ئەمە تەئویلکردنی ئایەتەکە نییە وەکو کە لایەنگرانی ئایەتەکانی سیفات دەفەرموون: کە لادانی ووشەکەیە لە مانا دیارەکەی. بەڵکو ئەو مانایەیە کە لە لەفزەکە دەفامرێتەوە.

ئیمامی ئیبنوتەیمیە رحمەالله دەفەرموێ: (خوای گەورە بە باسی زانست دەستی پێکردووەو هەر بە باسی زانست کۆتایي پێ هێناوە. بۆیە ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت هەروەها صەححاک و سوفیانی ثەوري و ئیمامی ئەحمەد فەرموویانە: (هو معهم بعلمه. واتە: بە زانستی خۆی وەلیاندایە)[2].

هەروەها دەفەرموێ: (مانای (وَهُوَ مَعَكُمْ: وەلتاندایە) ئەوە نییە کە لە ناو خەڵکەکەدایەو تێکەڵاویانە. زمانەوانی رێ بەم ماناکردنە نادات، جگە لەوەی ئەمە پێچەوانەی ئەو یەک دەنگیەیە کە پێشینانی ئوممەتەکەی لەسەر بووەو پێچەوانەی ئەو سرووشتەشە کە خوای گەورە خەڵکی بە پێی ئەو خەلق کردووە. خۆ مانگ (هەیڤ) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خوای گەورە، یەکێکە لە مەخلووقە گچکەکانی، بە ئاسمانەوەیەوە لەگەڵ موسافیرو نیشتەجێدایە لە هەر کوێ بن.. خوای گەورە لەسەر عەرشە. چاودێرە بەسەر هەموو مەخلووقاتەکانیەوە، تواناي بەسەر هەموویاندا هەیە، ئاگای لە هەمووانە.

[1] فتاوی اللجنة الدائمة (٣/ ٢١٨). هەروەها بڕوانە: تەفسیری ئیبنوکەثیر (٤/ ٦١٥)و تەفسیری (السعدي/ل ٨٣٨).

[2]. مجموع الفتاوی (١١/ ٢٤٩).

هەروەها ماناکانی تری پەروەردگارێتیەکەی دەیانگرێتەوە.. هەموو ئەم بابەتانەی کە خوای گەورە بۆی باس کردووین کە لەسەر عەرشەو وەلیشماندایە حەقەو لە حەقیقەتیشیاندا وان. تێگەیشتن لێیان پێویستی بە لادان و تەحریف کردنیان نییە، بەڵام پێویستیشە لە گومانی درۆ بپارێزرێن)[1].

مەبەستی لە گومانی درۆ ئەوەیە کە کەسێک وا بزانێت کە زاهیری دەقەکە سیفەتی خوای گەورە بە سیفەتی مەخلووق دەشبهێنێت، یان زاهیرەکەی نوقسانییەکی خوای گەورەی لێ دەفامرێتەوە، یان شتێکی تری هاوشێوە کە لایەقی بێ وێنەیی خوای گەورە نەبێت.

هەبوونی ئەم گومانە درۆیینەیە کە وای کردووە هەندێک کەس بکەونە تەئویل کردنی سیفەتەکان.

ئیبنو عوثێمین رحمەاللە دەفەرموێ: (گومانی تێدا نییە کە سەلەف مەعییەتی خوای گەورەیان لە هەر دوو ئایەتەکەدا بە وەلدابوونی بە زانین لێکداوەتەوە. هەندێک لە زانایان فەرموویانە کە ئەوە کۆڕا (ئیجماع)ی لەسەر بووە. ئەوان بەو ماناکردنەیان تەئویلیان نەکردووە وەکو کە ئەهلی پەک خستن (تعطيل) تەئویلیان کردووە، ماناکەشیان لە مانا دیارەکەیەوە بۆ شتێکی تر نەگۆڕیوە. ئەمە لە سێ لاوەیە:

یەکەم: خوای گەورە لە سوورەتی موجادەلەدا باسی وەلدابوونەکەی لە نێوان باسی دوو زانستدا هێناوەتەوە: ئایەتی: (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) کە لە کۆتاییدا دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) ئەوە بەڵگەیە لەسەر

---

[1] . مجموع الفتاوى (١٤٢/٤).

ئەوەی کە دەخوازێت هەواڵیان بداتێ تا بزانن کە خوای گەورە هیچ شتێک و هیچ حاڵەتێکیانی لا شاراوە نابێت.

دووەم: لە سوورەتی حەدیددا دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە لەسەر عەرشی خۆیەتی: (هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ) وەلماندایە: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ). ئەمەش بەڵگەیە کە مەبەستەکە ئەوەیە کە بە زانین و دیتن وەلدایە، نەک بە زاتی خۆی و لە هەموو جێیەک. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە نەبێت سەرەتاو کۆتای ئایەتەکە پێچەوانەی یەکتریی دەبوون.

سێیەم: زانین لە وەلدابووندایە، بۆیە ماناکە وا لەگەڵ لەفزەکەدا. وشەکە (لەفزەکە) لە سێ لاوە ئەو مانایە دەبەخشێت: واتای جووت بوونی وشەو ماناکەی، واتای مانای ناواخنی، واتای پابەندبوون.. بۆیە دەتوانین بڵێین کە خوای گەورە وەلماندایە بە زانینی خۆی و بە بیستن و بە بینین، بە دەسەڵات و ئاراستەکردن، و بە هەموو ماناکای تری پەروەردگارێتی (الربوبية)ی خۆی. هەر وەکو کە بە سەیدنا موساو هاروونی علیهما السام فەرموو: (إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى) لێرەشدا لە سوورەتی حەدیدیشدا فەرمووی: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ).

مادام زانین هاوڕێی وەلدابوونە، دەشێت وەلدابوونەکە بە زانین لێکبدەینەوە)[1].

هەر لەو بەرگەدا پێشتر دەفەرموێ: (وەلدابوون حەتمێتی تێکەڵاوبوون ناخوازێت، لە هەر شوێنەو بە پێی واتای مەبەست لێکدەدرێتەوە. بۆیە کە دەوترێت:

[1]. مجموع فتاوى ورسائل العثيمين (١/٢٤٧-٢٥٠).

.سقاني لبنا معه ماء. مانای تێکەڵاویی و پێکەوەبوونە.
یان صليت مع الجماعة. مانای بەشداربوونە لە شوێن و کردارەکە.
یان فلان معه زوجته. مانای هاوڕێیەتییە.

ئەگەر ئەمە روون بۆوە کە مانای وشەی وەلدابوون بە پێی بۆ ئیزافە کراوەکەی دەگۆڕێت، دەبێ ئەوەش روون بێت کە ئەمە بۆ مرۆڤە، کە مەخلووقە، ئەمما وەلدابوونی خوای گەورە بە تەئکید لە وەلدابوونی مەخلووق جیاوازە کە تێکەڵ یەکتریی دەبن و دەبنە هاوڕێ و بەشداری یەکتریی لە جێ و کارو رەفتاریاندا. ئەمە بۆ خوای گەورە شیاو نییە، چونکە ئەوە زانراوو ئاشکراو رۆشنە کە خوای گەورە بە زات وەل مەخلووقدا نیەو لە باڵایە. لەمەوە روون دەبێتەوە کە خوای گەورە لە سەر عەرشە کە لەسەروو ئاسمانەکانەوەیە، بەڵام بە زانینی، بە توانینی، بە دەسەڵاتی، بە بیستنی، بە بینینی، بە ئاڕاستەکردنی، بە هەموو سیفەتێکی پەروەردگارێتیەکەی وەلماندایە.

ئەگەر کەسێک ئەم وەلدابوونەی بە زانین ماناکرد مانای ئەوە نییە کە سیفەتەکەی تەئویل کردووە. مەگەر لای کەسێک کە مانای وەلدابوون بەوە بزانێت کە هەر بەشداربوونە لە جێگاو رەفتار یان تێکەڵاوبوون و هاوڕێ بوونە. ئەوەشمان روون کردەوە کە لە زەرووراتی مانای وەلدابوون نین)[1].

ئاوا دەردەکەوێت کە سەلەف ئایەتەکەیان بە پێچەوانەی مانای زاهیری وشەکە نەکردووە. ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت کە فەرمووی: (هو على العرش وعلمه معهم) واتە: خوای گەورە لەسەر عەرشەو زانینەکەی وەلیاندایە، تەئویلی

[1] .مجموع فتاوى ورسائل العثيمين (١/ ١١٨).

نەکردووە، وەکو هەندێک لە زانایانی خەلەف لە پێناسەی تەئویلدا بۆ خۆیانیان کردووە بە بەڵگەی تەئویل..[1]

[1]. بۆ زیاتر شارەزابوون دەکرێت سەیری مجموع الفتاوی ی ئیمامی ئیبنوتەیمیە بکرێت لە (ب٥/ل٤٩٥).

## دەرسی چوارەم

ئایەتی نۆیەم و دەیەم

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلا تَتَنَاجَوْا بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ * إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بەچرپە لەگەڵ یەکتریی دووان با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و سەرپێچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و تەقواو سەرڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن کە هەمووتان لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە. (٩) چرپەچرپی گوناح و تاوان و پیلانگێڕیی لە شەیتانەوەیە (ئەو کلکەژەنەتان دەدات تا تووشی گوناحتان بکات) و موسوڵمانان بەدگومان کات لە یەکتریی و بیانخاتە ناو خەم و پەژارەوە، هەر چەندە ئەو بۆ خۆی و بەتوانای خۆی زیان ناگەیێنێت ئەگەر وویستی خوای لەسەر نەبێت، دەی سا با ئیمانداران پشتی خۆیان بە خوای گەورە قایم کەن.(١٠)

- لە ئایەتی نۆمەیدا خوای گەورە ناهێڵێت موسوڵمانان بکەونە ژێر کاریگەریی دابورەفتاری کافرانەوە (لە جولەکەو دووڕووەکان) دابورەفتار بەرهەمێکی دیدو تێڕوانینە، هەر وەکو لەم سەردەمەدا هەندێك گێلە موسوڵمان دەبینین لە لایەنی باوەڕو پەرستنەکانەوە پابەندە بە ئیسلامەوە، بەڵام ڕەفتارو ڕەشتی یان دابونەریتی

کۆمەڵاتی یان تەرازووی قییەم و بەهای لە دیدو پێناسەی کوفرەوە وەرگرتووە! ئەهلی نوێژو رۆژووە، کەچی قژی وەکو کافری بەرەڵا هێشتۆتەوە. ئەهلی نوێژو رۆژووە، بەڵام سفورە. یان تەنورەو پانتۆڵی لەپێدایە! ئەهلی مزگەوتە کەچی ئادابی کۆڕو میوانداریی و دیدەنی هەموو ئەتەکێت و نەریتی جاهیلییەتە. ئەمانە هەمووی لە لاوازیی باوەڕو شلوشێواوی دینداریێتییەکەیەوە هاتوون. هەروەها لە کورتبینی دیدو تێڕوانین و پێناسە عەقائیدییەکەیەوە، کە دەبوو ئەوەی لا بەڵگەنەویست بێت کە خوای گەورە لەم قورئانەدا وەك باسی زانسی و توانای رەهای خۆی فەرمووە، باسی لایەنەکانی بانگەوازی پێغەمبەرەکانیشی علیهم السلام کردووە، کە هەریەکەیان لاسەنگی دیدو هەڵوێستێکی ناقۆڵای کۆمەڵاتی و دابونەریت و رەوشتنی کۆمەڵگەکەی راست کردۆتەوە، جگە لە لایەتی یەکخواپەرستی و باوەڕ بوون بە زیندووبوونەوە. دەبینیت کە:

. سەیدنا نوح علیه السلام دژی دیدە چنیایەتیەکەش بوو کە لە قەومەکەیدا هەبوو، کە گەورەو دەسەڵاتدارەکان خۆیان بە چینێکی باڵاتر لە رەشۆکەکە دەزانی و تەنانەت موسوڵمانە شوێنکەوتوەکانی ریزی سەیدنا نوحیشیان بە هەموو ئاستێکیانەوە هەر بەو چینە کەنار دراوە داماوەی کۆمەڵگەکەیان دەناساند. دەیانووت: (مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ)هود/٢٧ واتە: وا دەبینین ئەوانەی کە شوێنت کەوتوون هەر لە خەڵکە ئیهمالکراوەکانی خۆمانن (کاسب و پینەچی و حەممالْ و.. هتد) کە دیدو رایان کامڵ نەبووەو ساویلکانە لە بانگەوازەکەت

دەڕوانن، بۆیە شوێنت کەوتوون! واش نابینین هیچ فەزڵ و چاکەیەکتان بەسەرمانەوە هەبێت!.

.سەیدنا هود علیه السلام دوای ئەوەی قەومەکە خۆی (عاد) کە لە نێوان یەمەن و عوماندا دەژیان بۆ یەکخوا پەرستی و روکنەکانی باوەڕ بانگهێشت دەکرد. بۆی روون دەکردنەوە کە ئەو هێزو دەسەڵاتەی کە هەتانە بە یەکخواپەرستییەکە بەهێزتر دەبێت. پیاوی چاك بن ئەم هێزە مەعنەویە کاریگەرە بخەنە سەر هێزە ماددیەکەی کە هەتانە. دەیفەرموو: (وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ) هود/٥٢ هۆ خزمینە، داوای لێبوردن لە خوای پەروەردگارتان بکەن و بگەڕێنەوە لای ئەو. ئەو رزق و رۆزتیان لە ئاسمانەوە بە لێشاو بەسەردا دەبارێنێت (باران کە سەرچاوەی رزق و رۆزیی و ژیانیان بوو) هێزێکی تری ئیزافیش دەخاتە سەر هێزو دەسەڵاتتان. بێگوێیانە پشت هەڵمەکەن و خۆتان تاوانبار مەکەن.

. سەیدنا صالح علیه السلام دوای بانگهێشتکردنی قەومەکەی (ثمود) بۆ یەکخواپەرستی و روکنەکانی تری باوەڕ، داوای لێکردن نەکەونە سەر رێبازی خراپەکاران (المفسدون) کە سیمای ناڕەواییان زێدەڕۆیی و زێدە مەسرەف و خۆبادان بوو بە سەروەت و سامانیانەوە. پێی دەفەرموون: (وَلا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ، الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ وَلا يُصْلِحُونَ)الشعراء/١٥١-١٥٢ گوێڕایەڵی فەرمانی زێدەڕۆیان مەبن، کە لە ناوچەکەدا هەر خەریکی فەساد (دزیی و زیناو شەراب و.. هتد)ن و چاکسازیی ناکەن. مەگەر ئێستا سەرمایەداریی سەردەم و مورتەددەکانی ناو ئەهلی ئیسلام کە ملکەچیی رۆژئاوای ئیستیعمارین هەر هەمان (فەساد) یان نەکردۆتە دیدو سیستم و یاساو دابونەریت و مۆدێلی نوێی رەفتارو

ڕەوشت؟ بەدڵی. اشهد باللە وایە، چونکە هەموو ئەمانە دەرچەی دیدو فەلسەفیەکەیانە بۆ: گەردوون و ژیان و مرۆڤ.

. سەیدنا ئیبراهیم علیەالسلام جگە لە بانگەوازیی یەکخواپەرستییەکەی موناقەشەی دیدو تێڕوانینی فیکریی لەگەڵ قەومەکەی و موناقەشەی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ نەمروودو بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکەی لەسەرشان بوو، لەبەر ئەم مەبەستانەش ئەو هەموو (هیجرەت)انە دەکرد.

. سەیدنا لوط علیە السلام: جگە لە بانگەوازی یەکخواپەرستییەکەو ڕوونکردنەوەی ئەرکان و داخوازییەکانی باوەڕ دژایەتی دابونەریت و ڕەوشتە پیسەکەی قەومەکەی دەکرد، کە نێربازیی بوو. نکوڵی لێدەکردن کە ڕەوشتێکی بەدو نارەوایان داهێناوە کە کەسی تر پێش ئەوان نەیکردووە بە ڕەفتارو یاسا و بەهای ئەخلاقی. (وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ، إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ.)الاعراف/٨٠و٨١ –هەروەها ئایەتەکانی تری کە باسی سەیدنا لوط علیە السلام دەکەن.

. باسی سەیدنا یوسف علیە السلام کە دەربارەی هەموو شتێکە: (لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِّلسَّائِلِينَ)یوسف/٧ واتە: بە تەئکید چیرۆکی یوسف وبراکانی هەمووی بەڵگەن (وەڵامن) بۆ ئەو کەسانەی پرسیاریان هەیە. پرسیار دەربارەی خوای گەورەو بەدەسەڵات وسیفاتی، پرسیار دەربارەی یەکخواپەرستی و ڕێبازی، پرسیار دەربارەی حاکمێتی دین و دەستورو شەرعیی، پرسیار دەربارەی ڕەفتارو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار (حاکم) و خەڵکەکەی (الرعیە) پرسیار دەربارەی سیاسەت و ئابوریی، دەربارەی ڕەوشتی خەڵکی بە پێی پۆلێنی

كەسایەتییان، پرسیار دەربارەی دەروونناسی وكاریگەریی لەسەر رەفتار. نموونەی داوێنپاكیی گەنج و داوێنپیسی دەسەڵاتداران و خاوخێزانیان. پرسیار دەربارەی دابوئاداب لەگەڵ گەورەو بچووك. پرسیار دەربارەی كەسایەتی داعی ئیسلامی و زیندانی ناحەق و زیندانیانی تاوانبارو چۆنیەتی هەڵسوكەوتی هەردوولایان. جگە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی بێ سنوری خەزێنەداریی و گۆڕینی یاساو دەستوورو سیستمی حوكم و..هتد.

. سەیدنا یەعقوب علیە السلام كە دوای روون كردنەوەی دین و دیدیی، دوای بەیانكردنی یەكخواپەرستی و روكنەكانی ئیمان و دین، هاتە سەر باری ئابوریی وكۆمەڵاتیی ورەوشتی ئەهلی بازاڕ. دژی دزیی و گزیی پێوان و كێشانیان دەوەستایەوە.

. سەیدنا شوعەیب علیە السلام: (وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا)الاعراف/٨٥ خوای گەورە شوعەیبی علیە السلام نارد بۆ دانیشتوانی مەدیەن (لە ناوچەی عەمان/ئەردەن و سوریای ئێستایە) پێی فەرموون: گەلۆ، پیاوی چاك بن بانگەوازی یەكخواپەرستی قبوڵكەن و جگە لە خوای گەورە هیچ خوایەكی تر نییە تا بیپەرستن. من بەڵگەم لە لایەن خوای پەروەردگارتانەوە هێناوە. پێوان و كێشانتان راست و رەوایانە رێكخەن و ستەمكاریی تێدا مەكەن. مافی خەڵكی تێدا مەخۆن و فەسادو خراپەكاریی لەسەر زەوییدا بڵاومەكەنەوە، دوای ئەوەی كە ناوچەكە بە بانگەوازی خواویستی پێغەمبەرانی پێشوو پاك بووبۆوە. ئەم دیدو هەڵوێستە خواناسیی ە راست و رەواترە بیگرنەبەر، ئەگەر دەخوازن یەكخواپەرست بن و دینداریی بكەنە رێبازو بەرنامەی ژیانتان.

. سەیدنا موسا علیە السلام: ئەوە دەیان ئایەتی قورئان باس لە بزاوتی رزگاریخوازیی بانگەوازەكەی دەكات، بە چەندین قۆناغی پەروەردەكاریی و

ئاراستەوانییەوە. بە نموونەی ئارامی و جورئەت و کۆمەڵکاریی ئوممەتیانەی عەقائیدییەوە. جگە لە بانگەوازی یەکخواپەرستی زیاتر لە سەد ئایەت لەسەر دیدی فیکریی و کۆمەڵکاریی بزاوت و هیجرەت و رووبەڕووبوونەوەی کوفرو دەسەڵاتی کافران هەیە.. کە ئەوە دەکەنە بەڵگەنەوویست کە سیاسەت روکنێکی ئینتیمای دین و بوارێکی گرنگ و کاریگەریی دینداریتییە.

. سەیدنا عیسا علیه السلام جگە لە بانگەوازی راشکاو ئاشکرای یەکخواپەرستی و رەخنەی لە ئینحیرافاتەکانی بەنوئیسرائیل و حاخامەکانیان، داوای لە خەڵکەکە دەکرد کە ئەوەندە خۆ بە دنیاوە نەبەستنەوە. ئەوەندە ژیانیان بە ماددەوە سەرف نەکەن. هەموو رەنج و هەوڵێکیان وایلێهاتووە هەر بۆ پارەو سەروەت و سامان سەریەکنانەو بەس!

. بانگەوازی خواوویستانەی سەیدنا عیسا علیه السلام - کە جیهانیانەبوو – بۆ ژیانی تەقەشووف و زاهیدیانەبوو. بۆ هەڵایێوێردنی حەرام و حەلاڵ و کەمکردنەوەی هەڵپەو شەڕەپاڵی خاوەنێتی و دەوڵەمەندیی بوو: (وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ)ال عمران/٥٠ واتە: تا هەندێك لەوانەتان بۆ حەلاڵ بکەمەوە کە لێتان حەرام کرابوو. هەروەها گێڕانەوەی مافی یاساو رێساداڕشتن بۆ حەلاڵ و حەرامدانان بۆ خوای گەورەو دەرهێنانی لە دەست حیبرو راهیبەکانی بەنوئیسرائیلییەکان، کە بۆ خۆیان زەوت کردبوو: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ)التوبة/٣١ جیبرو راهیبەکانی خۆیان (پیاوانی دینی) یان لە مەتریلەی خوای گەورە دانابوو، مافی خوایەتی (تەوحیدی حاکمێتی) یان پێدابوون، کە چۆن دەخوازن و پێیان چاکە با ئاوا یاساو رێسا بۆخەڵکی داڕێژن!!

ئەمەش ناشێت و نابێت. سەیدنا عیسا سەلامی خوای لێ بێت بۆ راستکردنەوەی ئەمەش هاتبوو کە دواتر لە رێبازەکەی لایانداو لەبەرخاتر ئیمپراتۆر قوستەنتین لە ساڵی (٣٢٥دا) لە کۆنگرەی نیقیە (مجمع نیقیە) کە لە تورکیای ئێستایە بڕیاریاندا کە دین و سیاسەت لێك جودان. ئاڕاستەی دین و دینداران مافی پاپایەو سیاسەتیش (یاسادانان وحوکمڕانی وداوەریی) مافی پاشاو کاربەدەستانی دەوڵەتە!! ئەمەش لادانێکی دژوارو ناڕەوای بوو، چونکە ئەستەمە خوای گەورە پێغەمبەرە پیاوچاکە هەڵبژاردەکانی خۆی بنێرێت تا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پارسەنگانە پەروەردە بکەن و بیانکەن بە پیاوی چاك بەڵام بیاندەنە دەست سیاسەتبازیی درۆزن و چەواشەکارو ستەمکار! ئەمە لە پێغەمبەران علیهم السلام و پەیامی خواییان ناوەشێتەوە. چونکە ئەمە وەکو ئەوەیە عەتارێك شووشە عەتر بەرهەم بهێنێت و لە ئاودەستی گشتییدا داینێت!!

. بانگەوازی سەیدنا محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەیامی هەموو پێغەمبەرانی پێشووی علیهم السلام لەخۆ گرت و قورئان و سووننەت بوونە رێبازو بەرنامەی گشتگیریی مرۆڤایەتی. لە دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکرو هزرەوە بۆ بەرنامەی بزاوتی گۆڕانکاریی، بۆ سیستمی دەوڵەت و ئاڕاستەوانی کۆمەڵگە. لە باوەڕو عەقیدەو پەرستن و شەریعەتەوە بۆ دابونەریت و بەهای کۆمەلاتی، بۆ رەفتارو رەوشت.. بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی.. کە هەر هەموو لایەنەکانی تاکوکۆی دەوڵەت و کۆمەڵگەی لە واقیعی مرۆڤانەدا لە مەدینە گەیاندە کۆتا پلەو ئاستی رەنجی مرۆڤیانە و گەشدارترین نموونەی کۆمەڵگەی بەختەوەریی بۆ مرۆڤایەتی خستەڕوو، کاتێک کە دینەکەی وەکو (بەرنامەو ئوممەت و بانگەواز) بۆ تەکمیلە کردن: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلَامَ دِينًا.)المائدە/٣.

کەوابوو کلتورو دابونەریتی کۆمەڵاتی و رەفتارو رەوشت شتێکی رێژەیی نین وەکو عەلەمانییەکان دەیانەوێت بیچەسپێنن. بەرهەمێکی سەربەخۆی نێونەتەوەییش نین وەکو جیهانگیریی (عەولەمە)ی ئەمریکایی دەیەوێت چاوبەست لە جیهان بکات پێی. بەڵکو هەر گۆشەو لق و چڵێکی ئەمانە زادەی دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکریی و فەلسەفیانەیە. زادەی ئاڕاستەی فیکری سیاسی و بەرنامەی سیاسیە، کە ئیدارەی دەوڵەتان بەسەر گەلانییدا دەدەن. لەم روانگەوەیە کە دەبێ زۆر هۆشیارانە رەفتار لەگەڵ دابوئادابدا بکەین.

قورئان کە رەخنە لە (شیرك) دەگرێت و (تەوحید) دەکاتەوە بەبەدیلی، کە رەخنە لە (کوفر) دەگرێت (ئیمان) دەکاتە بەدیلی رەسەنی، کە رەخنە لە (جاهیلیەت) دەگرێت و (ئیسلام) دەکاتە بەدیلی، کە رەخنە لە (هەواو هەوەس) دەگرێت (تەقوا) دەکاتە بەدیلی. سیفەت و رەوشت و دابوئادابەکانیش هەروەها. لەوانە دواندنی ئەسپایی نێوان دوو کەس و سێکەس. رەخنە لە (چرپەچرپی) جاهیلی جولەکەو دوورووەکان دەگرێت و چرپە)ی ئیسلامیانەی بەدیلیان دەداتێ. حەزەریان دەداتێ کە نەکا (چرپە)ی ئەمانیش سیماو سیفەت و حاڵەتی (چرپەچرپ)ی جاهیلیەت وەرگرێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلا تَتَنَاجَوْا بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ)واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بەچرپە لەگەڵ یەکتریی دووان با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و سەرپێچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و

تەقواو سەرڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن کە هەمووتان لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە.

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە نەهێڵن نەفس وشەیتان، حەزی خۆسەرخستن و بەرامبەر سووك کردن لە دڵتاندا ببێتە پاڵنەری (چرپە)ی نێوانتان. دەنا حەتمەن (چرپە)کەی ئێوەش سیما ومۆرکی (چرپە چرپ)ی جاهیلییەتی جولەکەو دووڕووەکان وەردەگرێت و دەبێتە گوناح و تاوان و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. با چرپەی ئێوە (البرو التقوى) بێت، چاکەو چاکسازیی، ئاشتی و ئاشتەوایی، دۆستایەتی و برایەتی دینی بێت. با ئامۆژگاریی و بیرخستنەوە، ئاڕاستەو پەروەردەکاریی، بانگەوازو دینداریی بێت. ئاوا دەبێتە (چرپەی چاکەو تەقواکاریی). لەو خوایەش بترسن و خۆفیتان لە دڵدابێت و هۆشتان لەوە نەبڕێت کە حەتمەن دەگەڕێنەوە لای خوای گەورەو هەر هەمووشتان کۆدەکاتەوەو لەوێ لەبەر چاوی هەموان (چرپە) کانتان هەڵدەسەنگێنێت، ئەوەی چرپەی خراپەکاریی و دژایەتیی وغەیبەت و دووزمانی وی هکترشکاندن بووبێت، لەبەر چاوو گوێی ئەو هەموو حەشاماتەی قیامەتدا دەیداتەوە بە چاوتانداو فەزحتان دەکات. چونکە هەر سەرزارەکی لەبەر خاتری خواتان بوو، بەڵام لە حەقیقەتییدا بۆ سەرخستنی نەفس و دەرکەوتن و هێنانەدیی بەرژەوەندی دنیایتان بوو.. ئێوەش هەر وەکو جولەکەو دووڕووەکان (چرپە) کەتان (چرپە چرپ)ی پیلانگێڕیی بووا.

لە ئایەتی دەیەمدا ئەوە روون دەکاتەوە کە پاڵنەری سەرەکی (چرپە چرپ)ی فیتنەیی و دووزمانی و ئاژاوەگێڕیی لای جولەکەو دووڕووەکان هەر شەیتانەو گۆڕینی (چرپە)ی موسوڵمانی باوەڕ لاوازو لاسەنگیش بۆ (چرپە چرپ)ی گوناح و تاوان و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر شەیتانە.

ده‌ی كه مادام جوله‌كه‌و دووڕووه‌كان ده‌كه‌ونه ژێر كاریگه‌ریی شه‌یتان، ئێوه بۆچی ده‌كه‌ونه ژێر كاریگه‌ریی ئه‌و شه‌یتانه‌ی كه دوژمنی خوای گه‌وره‌و دوژمنی سه‌ره‌كی ئێوه‌شه: (إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا)فاطر/٦ ئه‌وه شه‌یتانه واتان لێده‌كات (چرپه)ی خێرو چاكه‌و ته‌قواكاریتان لێ بكاته (چرپه‌چرپ)ی گوناح و تاوان سه‌رپێچی پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا ره‌فتاره‌كه‌تان بكاته مایه‌ی خه‌مباریی خۆتان و موسوڵمانان تا له ناو خۆیاندا به چاوی گومان و دوودڵیی و دڕدۆنگییه‌وه بڕوانه (چرپه)ی یه‌كتریی. شه‌یتان خۆی له‌خۆیدا كاریگه‌ر نییه، به‌ڵام ئه‌و ده‌روونانه‌ی فشه‌ڵن، ئه‌و باوه‌ڕای له دڵدا شلۆقن رێ خۆشده‌كه‌ن بۆ شه‌یتان و ده‌ستێوه‌ردانیی.. كاریگه‌ری سه‌ره‌تاو كۆتا هه‌ر خوای گه‌وره‌یه.. ده‌ی سا با موسوڵمانی سه‌رڕاست و پاك و گومان باش خۆ ته‌سلیمی خوای گه‌وره بكات و پشت به‌و ببه‌ستێت. ئه‌مه بوارو بازنه‌ی پاراستنی تاكو كۆمه‌ڵ و كۆمه‌ڵگه‌و ده‌وڵه‌تی موسوڵمانانه له دابڕپوونی كۆمه‌ڵكاریی و خه‌ت خه‌تێن و ته‌كه‌تولات كه پێیان ده‌وترێت: (الجيوب التنظيمية). كه هه‌ڵدێری رێكخستنه‌كانی كۆمه‌ڵكاریین.

له كۆمه‌ڵكارییدا زاراوه‌یه‌ك هه‌یه كه دیاره مرۆڤایه‌تی له ئیداره‌ی كۆمه‌ڵكارییدا دوای كێشه‌و ئه‌زموونی زۆر گه‌یشتۆتێ و ناوی ناوه (الجيوب التنظيمية) كه بریتیه له سه‌ره‌تای (چرپه چرپ) و (سرته سرت)ی دروستكردنی خه‌ت و باڵ له‌ناو كۆمه‌ڵكارییدا. من لێره‌دا ناوی ده‌نێم (رێچكه هه‌ڵدێره‌كانی رێكخستن).

جاری وا هه‌یه كه‌سانێك كه هێشتا له دیدو هه‌ڵوێست و گیانی كۆمه‌ڵكارییدا نه‌گه‌یشتوونه‌ته قه‌ناعه‌تی ته‌واو، یان له خۆپه‌سه‌ندیی و له خۆرازیبوونیانه‌وه،

یان لە پلە پێ نەبەخشین و كەم بایەخپێدانیانەوە هەستێكیان لا دروست دەبێت كە گوایا (مەزڵومن) یان (ئیهمال كراون) یان (قەدری لێهاتوویيان نەگیراوە) یان هۆی تر، لەبەرامبەردا هەیە وەكو رەخنەگرتن لە (تێگەیشتن) یان (پابەندیی) یان (چالاكی) كاریان یان لەو (پلەو ئاستی رێكخستن)ەی كە تێیدان، هەندێك لەمانە یان زۆرینەیان لای كەسێك یان كەسانێك كەڵەكە دەبێت و دەبێتە كەرەستەی باسێكی لاوەكی. كەسەكە رێگای یاسایی ناو كۆمەڵكارییەكە ناگرێتە بەر (لەوانەیە لەبەر لاوازیی بەڵگەكانی بێت) بۆیە دەكەوێتە (چرپەچرپ)ی ناو رێكخستن. لەوانەیە لە سەرەتادا لای ئەو كەسانەی گوێی بۆ شل دەكەن، هەر وا بڵێ كە فڵان كەس یان فڵان دەزگا چاكە. بەڵام... ئینجا رەخنەكەی خۆی دەردەبڕێت (كە زیاتر مەدح و پێداهەڵدانی خۆیەتی یان هاوبیرانی خۆیەتی) سەرەتا مەدحێك دەكات تا لە كاردانەوەو گلەیی خۆ بە دوور بگرێت و وا نیشاندات كە لە دڵسۆزییەوەیە، نەك خوانەخواستە! لە حەزو ئارەزووی خۆیەوە بێت.. ئەگەر دووكەس گوێیان بۆ شل كرد، دەچێتە لای دوانی ترو سیانی ترو ئاوا دەكەوێتە (چرپە چرپ)ێكی گوناح (بەدگومانیی و غەیبەت و سووك كردن، یان دووزمانی و پشێویی نانەوە، یان لاوازكردنی گیانی ئینتیماو هەستی كۆمەڵكاریی.) تا (شیرینی) ئەم گوناحانە دەچێژێت و شەیتان لێیدەكاتە پیشە.

ئەم رێچكانە كۆمەڵكار بەرەو هەڵدێر دەبەن. كەسەكانیشی خۆیان بە فەتارەت و كۆمەڵكارییەكەش بەرەو دووبەرەكی وخەتێنی ناشەرعی دەبەن.. چارەسەری ئەم (هەستی مەزڵومێتی)یە سكاڵای رەسمی و شەرعییە. قەناعەتكردنە بەوەڵامی شەرعیانەی دەزگا رەسمیەكانی كۆمەڵكاریی. ئەمیرو دەستەی ئاراستەوانانی سەركردایەتی دەبێت هۆشیارو لێهاتوو دادپەروەرو حازم بن بۆ ئەوەی كەس وا نەزانێت مافی دەخورێت و خەڵكانێكی تر لەسەر حسابی

مافی ئەم دەچنە سەرووتر. ئەگەر ئاراستەوانان چارەسەریان دووجار بۆ کەسێك داناو لەسەر (چرپە چرپ)ی خۆی بەردەوامبوو پێویستە سزا بدرێت. باشترین سزاش هێنانەدواوەو وەستانێتی. والله اعلم.

## پیرخستنەوەیەك لە سیرەوە:

١-بوخاری وموسلیم لە قەتادەوە دەگێڕنەوە کە صەفوانی کوڕی موحریز فەرمووی (كُنْتُ آخِذًا بِيَدِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ فَأَتَاهُ رَجُل، فَقَالَ: كَيْفَ سَمِعْتَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَقُولُ فِي النَّجْوَى؟ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يَضَعَ عَلَيْهِ كَنَفَهُ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ، فَيَقُولُ: أَيْ عَبْدِي! تَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا وَكَذَا؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ أَيْ رَبِّ! حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ، وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ قَدْ هَلَكَ، قَالَ: إِنِّي قَدْ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا، وَقَدْ غَفَرْتُهَا لَكَ الْيَوْمَ، قَالَ: ثُمَّ أُعْطِيَ كِتَابَ حِسَابِهِ، وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُ، فَيَقُولُ: الأَشْهَادُ هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ)متفق عليه[1]: صەفوان دەفەرمویٚ: دەستم لەدەستی ئیبنوعومەردا بوو خوا لێیان رازی بێت کابرایەك هاتە سەر رێ و لێی پرسی: چیت دەربارەی (چرپە) لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە کە فەرمووبێتی؟ ئایا هەڵوێست لە قیامەتدا بەرامبەری چۆنە؟ فەرمووی گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: لە رۆژی قیامەتدا خوای گەورە عەبدێکی موسوڵمانی نزیك دەکاتەوەو پەردەی ستری خۆی بەسەردا دەدات تا خەڵکی

[1]. بوخاری (٦٩٨٦)، موسلیم (٤٩٧٨).

نەیبینن (و هەستی پێ نەکەن) پاشان خوای گەورە ئیعتیرافی بە گوناحەکانی پێدەکات. پێی دەفەرموێ: فڵان گوناحت بیر دێت؟ فڵان گوناحی ترت بیر دێت؟ ئەدی گوناحی فڵانیت بیر دێت؟ تا دان بە هەموویاندا دەنێت. کە دڵنیا دەبێت ئیتر قوتاربوونی زەحمەتەو حەتمەن بە فەتارەت دەچێت، خوای گەورە پێی دەفەرموێ: من لە دنیادا بۆم پۆشییت، وا ئێستاش لێت خۆش دەبم لێیان. پاشان نامەی کردەوە چاکەکانی دەدەنە دەست (کە نیشانەی سەرفرازییە) ئەمما کافرو دووڕووەکان شاهیدەکان لێیان راست دەبنەوەو رادەگەیێنن کە ئەمانە ئەوانەن کە درۆیان وەل خوای پەروەردگاری خۆیاندا دەکرد. ئەرێ هەی نەفرینی خوا لە ستەمکاران (نەفرین دوعای مەحرووم بوونە لە رەحمەتی خوای میهرەبان).

ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە کە لە کاتێکی لاوازیی باوەڕو زاڵبوونی هەواو هەوەس و شەیتاندا کەوتوونەتە چرپەی گوناح و تاوان و سەرپێچی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئەمما ئەو کەسەی (چرپەچرپ)ی کردۆتە پیشەو خەریکی فیتنەچێتی و دووزمانیی و قسەهێنان و بردنە، ئەوە خوا لاماندا لە بەهەشتی خوای گەورە مەحروومە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ)[1] واتە دووزمان ناچێتە بەهەشتەوە.

٢-ئیمامی ئەحمەد لەئەبوکامل و ئەبوالربیعەوە، ئەوانیش لە حەممادی کوڕی زەیدو ئەویش لە ئەییوبەوە، ئەمیش لە ئیبنومەسعوودەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو (إِذَا

[1] . بوخاریی (٥٦٢٥)، موسلیم (١٥٤).

كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى رَجُلَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ أَجْلَ أَنْ يُحْزِنَهُ)[1]
واتە: کە سێکەس بوون دوانتان پێکەوە بە جیا (دوور لە سێیەم کەسەکەتان) چرپە نەکەن، تا دەکەونەوە ناو خەڵکی تر، چونکە ئەو ڕەفتارە سێیەمیان تووشی خەفەت دەکات.

ئەوە ڕێگرییە لە چرپەیەکی حەلاڵ وقسەی حەق، ئەدی گوناح و تاوان و سەرپێچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبێت چەند سەخت و توند ڕێی لێ گیرابێت؟!

ئەم ڕێگرتن وبەرهەڵستی کردنە لە دواندنی ئەسپایی دووکەسی وسێ کەسی، لەبەر ئەوەیە نەبێتە مایەی ترسنۆکی موسوڵمان لە ووتنی حەق و بەرگریی لە خۆی و هەڵوێستی ڕەوای خەڵکی تر. لە لایەکی تریشەوە ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی گومانی بەد بە یەکتر بردن و لەقبوونی متمانە بە یەکتریی. ئەگەر چرپەی خێرە، خۆ دەبێت لە بەرژەوەندیی هەموو کۆمەڵکارییەکەدابێت. ئەگەر تەنها لە بەرژوەندی چرپەکاراندابێت خۆ دەبێت بەرژەوەندیی تاکەکان بە بەرژوەندیی گشتی کۆمەڵەکەوە پەیوەست کرا بێتەوە. هێنانەدیی ئامانج و مەبەستی کۆمەڵکارییەکە هێنانەدیی مەبەستی تاکەکانیشە، کە لەبەر خاتری خواو بۆ سەرخستنی دینەکەو دیدو هەڵوێستی کۆمەڵەکەیان بوونەتە ئەندامیی.

ئەم ئیسلامە مەزنە ئاوا بە ئایەتی قورئانەکەی خواو فەرموودەی جوانی پێغەمبەرەکەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو نوخبە کاریگەرە بە مەسئوولیەتەی

[1]. بوخاریی (٦٢٩٠)، موسلیم (٢١٨٤).

هێنایە کایەوە.. هەر ئەوەش بەرنامەی پەروەردە کردنەوەی نەوەکانی تری ئیسلامە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ئەم چرپەیە کە دەبێتە مایەی خەم و خەفەت و لەقبوونی متمانەی نێوان موسوڵمانان شتێکەو پرس و راوێژی تەنهاو تایبەت و نهێنی شتێکی ترە. ئەم چرپەیە شتێکەو رازو نیازو نهێنی پاراستن شتێکی ترە. ئەم چرپەیە شتێکەو داپۆشینی عەیب وعاری موسوڵمانان شتێکی ترە. ئەم چرپەیە شتێکەو پرسی ئەمیرو سەرکردایەتی و بەرپرسانی کاری ئیسلامی دەربارەی کەسەکان و هەڵسەنگاندنیان شتێکی ترە.. ئەو چرپەیەی رێپێنەدراوە ئەوەیە کە مایەی خەمباریی تاکی موسوڵمانە وهۆکاری دابرِدابرِکردنی ریزی موسوڵمانان و دزە کردنی نهێنیەکانیان و هاوشێوەیەتی، کە لەگەڵ زۆربوون و تەشەنەکردنییدا متمانە نامێنێت. ئەندامان ناوێرن نهێنی خۆیان یان رێکخستن و ئەمیرو کۆمەڵەکەیان لای ئەندامانی تر بدرکێنن. ئەمەش دژوارو هەڵتەکێنە.

خوای گەورە لە رەحمەت و لوتفی خۆیەوە ئەو لایەنەی بنبڕ کردووە کە شەیتان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵکارانی ئیسلامی دروست بکات، مەگەر (باذن الله). ئەمما متمانەی ناو ئەندامان خۆیان ئەوە دراوەتەوە دەست خۆیان.. ئەمە خاڵێکی گرنگەو رێسایە.. هەر وەکو کە خوای گەورە بەڵێنی داوە دینەکە بپارێزێت بەڵام پاراستنی دیندارێتی بەرپرسێتی دیندارەکان خۆیانە.. دەفەرموێ: من دینەکەتان لە دنیادا بۆ دەپارێزم، بێخەم بن، بەڵام ئێوەخەمی دیندارێتی و سەرڕاستی و قیامەتی خۆتان لەبەر بێت: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)الحجر/٩ ئەمما دیندارێتی وتەقواکاریی، ئەوە بەرپرسێتی خۆتانە: (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا)الشمس/١٠ واتە: ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی خۆی

پاڵفتەکردووەو لە گوناح شۆریوێتیەوە، ئەو کەسەش زەرەرمەندو لێقەوماوە کە نەفسی خۆی بە گوناح رەشکردۆتەوە.

ئەو جا دەفەرموێ: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) واتە: دەی سا با موسوڵمانە سەرڕاست و دیندارە چاکەکان پشت بە خوای گەورە ببەستن. خوا بیسەرو بینەرو بەئاگاو زاناو داناو بەتوانایە. ئەوەتا خوای حازر و نازر. خوای دەسەڵاتداری هەر هەموو (وجود) پەیمانی پاراستنی دینەکەی بە موسوڵمانان داوە. بەڵآم پاراستنی دیندارێتی تاکەکان بەرپرسێتی خودی تاکەکانە. ئەگەرچی ئەمیشیان بە بێ مەددەدو یارمەتی خوای گەورە هەر نابێت.. خوای زانای دیارو نادیار خۆت دەزانی چەند موحتاجی ئەوپاراستنەتین.

# دەرسی پێنجەم

ئایەتی یازدەیەم

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر لە کۆڕو کۆبوونەوەتانداو لە خزمەت پێغەمبەرەکەی خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێتان ووترا کۆڕەکە بەرفراوانترکەن تا جێگای ئیماندارانی تریش ببێتەوە، بەرفرانتری بکەن. خوای گەورەش لە پاداشتاندا جێ و مەنزڵی بەهەشتتان بۆ فراوانتر دەکات. ئەگەر پێشتان ووترا مەرەخەس بن، هەستن و بەدەم فەرمانی خێرو چاکسازیتانەوە بچن.. خوای گەورە ئەو کەسانەتان کە مل کەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەوانەشتان کە ئەهلی زانستی شەرعەو شارەزای دینەکەیە پلەو پایەی بەرزو باڵایان پێدەبەخشێت. خوای گەورە شارەزای کارو کردەوەکانتانە. (١١)

دوای بەشێك لە ئادابی دووان و دواندن، لێرەدا باس لە بەشێك لە ئادابی کۆڕ (مەجلیس) دەکات و موسوڵمانان فێری کۆمەڵێك دابوئادابی تر دەکات، تا یەکیەك پێوەی پابەندبن، تا ببێتە سیمای کۆڕو کۆمەڵگەی موسوڵمانان و بەشێك لە دابونەریت و بەهاو قیەمی کۆمەڵاتییان. ئەمیش هەر وەکو رەفتارەکانی تریان پەیوەست دەکاتەوە بە هەستی چاودێریی خوایی و هۆش

لەبەرپرسێتی رەفتارو فێربوونی رێسای (مَنْ تَوَاضَعَ لِلَّهِ رَفَعَهُ اللَّهُ، فَهُوَ فِي نَفْسِهِ صَغِيرٌ، وَفِي أَعْيُنِ النَّاسِ عَظِيمٌ، وَمَنْ تَكَبَّرَ وَضَعَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَهُوَ فِي أَعْيُنِ النَّاسِ صَغِيرٌ، وَفِي نَفْسِهِ كَبِيرٌ، وَحَتَّى لَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِمْ مِنْ كَلْبٍ أَوْ خِنْزِيرٍ)[1] واته: هەر كەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە خۆی بەكەم بزانێت خوای گەورە پلەو مەنزیلەی بەرزدەكاتەوە. چونكە ئەو كەسە لە ناخی خۆیدا خۆی بە بچوك دەزانێت بەڵام لە چاوی خەڵكیدا گەورەیە. هەر كەسێكیش رەفتاری لووتبەرزو ملهوڕانە بنوێنێت حەتمەن خوای گەورە دەیخات. چونكە ئەو كەسە لە چاوی خەڵكیدا بچوكە، ئەگەرچی لە چاوی خۆیدا گەورەیە. ئەو كەسە لای خەڵكی زۆر لە سەگ و بەراز سووك و بێڕێز ترە.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەر لە سەرەتاوە موسوڵمانان بانگ دەكات. لە قورئاندا نزیكەی نەوەد جار بانگەوازی تایبەت بە موسوڵمانان بەو شێوازە هاتووە. ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: كە گوێت لە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) بوو دڵ و هۆشی بدەرێ، چونكە بۆ فەرمانێكی تایبەتت بانگ دەكات.. خوای گەورە نافەرموێ: (یا ایها الذین امنوا لا تسرقوا) ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە مەدزن، چونكە ئەوە بەڵگەنەویستە كە موسوڵمان نابێت سامانی خەڵكی تر نە بە دزیی و نە بە هیچ رێگایەكی تری ناهەق بخوات. كەسێك دینەكەی قبوڵبووبێت و پێوەی پابەند بووبێت چۆن دزیی دەكات؟! خوای گەورە ئیمانداراەكان بۆ كاری تر بانگهێشت دەكات. وەكو: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ

[1]. طەبەرانی: المعجم الأوسط (٨٣٠٣) شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحیح الجامع/ ٦١٦٢) و(سلسلة الأحادیث الصحیحة/ ٢٣٢٨) دا دەفەرموێ سەحیحە.

بِالصَّبْرِ)البقرة/١٥٣ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ)البقرة/١٧٢ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ)النساء/٧١ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ)الانفال/٢٤(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا)الاحزاب/٤١ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ)محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ /٣٣ وە هەروەها..

لێرەدا دەفەرموێ: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر پێتان ووترا کۆڕەکە بەرفراوانتر بکەن (وجێ کەسانی تر بکەنەوە) بەرفراوانی بکەن. خوای گەورەش جێ بەرفراوانتان لای خۆی بۆ مسۆگەر دەکات.. ئەمە پاداشتە لە جۆری بەخشینەکە، لە جۆری ڕەفتارەکە، کە لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجامدراوە. دەبینیت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە زۆر شوێنی تردا ئەمە روون دەکاتەوە کە ڕێسایەکی خواییە کە پاداشت لە توخم و جۆری ڕەفتارەکەیە ( الجزاء من جنس العمل) پەندە کوردییەکەش لەم سەرچاوەوەیە کە دەڵێ (هەرچی بچێنیت هەر ئەوە دەدووریتەوە). دەبینیت بۆ ڕەفتاری چاکەو خێر دەفەرموێ: (مَنْ بَنَى مَسْجِدًا بَنَى اللَّهُ لَهُ مِثْلَهُ فِي الْجَنَّةِ)[1] واتە: هەر کەسێك مزگەوتێك بۆ خوای گەورە دروست بکات، خوای گەورە لە بەهەشتدا خانوویەکی بۆ دروست دەکاتەوە. یان فەرموودەی: (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)[2] واتە: هەر کەسێك کارەساتێک لە

[1] بوخاري (٤٥٠)، موسليم (٥٣٣).
[2].بوخاري (٢٤٤٢)، موسليم (٢٥٨٠).

کارەساتە سەختەکانی دنیا لەسەر موسوڵمانێک سووک بکات خوای گەورە کارەساتێکی سەخت لە کارەساتە سەختەکانی قیامەتی لەسەر سووک دەکات. هەر کەسێک بارگرانییەک لەسەر گیرۆدەیەک سووك بکات خوای گەورەش بارگرانی دنیاو قیامەتی لەسەر سووك دەکاتەوە. هەر کەسێك عەیب وعاری موسوڵمانێك داپۆشێت، خوای گەورەش لەدنیاو قیامەتدا عەیب و عاری دادەپۆشێتەوە. هەر کەسێك لە یارمەتی وهاریکاریی براکەیدا بێت، خوای گەورەش لە یارمەتی وهاریکاریی ئەودا دەبێت.. دەشبینیت کە بەرامبەر رەفتاری خراپەش دەفەرموێ: (إنَّ اللهَ يُعذّبُ الذينَ يُعذّبونَ الناسَ في الدنيا)[1] واتە: خوای گەورە ئەشکەنجەی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لە دنیادا ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن.

[1] موسلیم (٤٧٣٤)، ئەبوداود (٣٠٤٥)، ئەحمەد (١٤٩٠٦)، بەیهیقی (السنن الكبرى/ ١٨١٦٤).

## هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەكە

ابن كثير رحمەاللە لە قەتادەوە نەقڵی كردووە كە فەرموویەتی: كاتێك یاوەران بۆ زیكری خوای گەورە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبوون زۆرجار لەبەر زۆریی ژمارەیان و تەنگی جێگاكە شوێنی كەسی تر نەدەما، بۆیە هەیانبوو حەزی نەدەكرد زۆرتر ببن تا جێی پێ نارەحەت نەبێت. ئیتر خوای گەورە ئەم فەرمانەی پێدان و ئەو پاداشتەشی بۆ دیاری كردن.

لە موقاتیلی كوڕی حەییانیشەوە كە پێشەوای ئەهلی تەفسیرە دەگێڕێتەوە كە فەرمووی: (كان النبي صلى اللَّه عليه وسلم فِي الصُّفَّةِ، وَفِي الْمَكَانِ ضِيقٌ وَذَلِكَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَكَانَ رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم يُكْرِمُ أَهْلَ بَدْرٍ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ، فَجَاءَ نَاسٌ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ وَقَدْ سُبِقُوا إِلَى الْمَجْلِسِ، فَقَامُوا حِيَالَ النبي صلى اللَّه عليه وسلم عَلَى أَرْجُلِهِمْ يَنْظُرُونَ أَنْ يُوَسَّعَ لَهُمْ فَلَمْ يُفْسِحُوا لَهُمْ، وَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم، فَقَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ مِنْ غَيْرِ أَهْلِ بَدْرٍ: قُمْ يَا فُلَانُ وَأَنْتَ يَا فُلَانُ. فَأَقَامَ مِنَ الْمَجْلِسِ بقدر النفر الذين قَامُوا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ، فَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى مَنْ أُقِيمَ مِنْ مجلسه وعرف رسول اللَّه صلى اللَّه عليه وسلم الْكَرَاهِيَةَ فِي وُجُوهِهِمْ، فَقَالَ الْمُنَافِقُونَ لِلْمُسْلِمِينَ: أَلَسْتُمْ تَزْعُمُونَ أَنَّ صَاحِبَكُمْ يَعْدِلُ بين الناس؟ فواللَّه مَا عَدَلَ بَيْنَ هَؤُلَاءِ: قَوْمٌ أَخَذُوا مَجَالِسَهُمْ وَأَحَبُّوا الْقُرْبَ مِنْ نَبِيِّهِمْ، أَقَامَهُمْ وَأَجْلَسَ مَنْ أَبْطَأَ عَنْهُمْ مَقَامَهُمْ! فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى هَذِهِ الآية.) واتە: ڕۆژی هەینی بوو كە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە (صوففە) بوو یاوەرانێكی زۆری لە خزمەتدا بوون، شوێنكەش تەنگەبەر بوو، عادەتیشی وا بوو ڕێزی یاوەرانی ئەهلی بەدری زیاتر دەگرت وەك لە موهاجیران و ئەنصار. بەڵام لەو كات و شوێنەدا خەڵكێكی تر زووتر لە خزمەتیدا دانیشتن و جێی خۆیان گرت. كەسانێك لە ئەهلی بەدر تەشریفیان هێناو

سڵاویان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد. وەڵامی سڵاوەکەی دانەوە، ئەو یاوەرانەش کە دانیشتبوون وەڵامی سڵاوی بەدرییەکانیان دایەوە (بێ ئەوەی شوێنیان بۆ چۆڵ بکەن) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستی کرد کە حەز دەکەن دانیشن، بۆیە فەرمووی: (قم یافلان وانت یافلان..) فڵان کەس تۆ هەستە و فڵانی تۆش هەروەها.. بە قەدەر ژمارەی بەدرییە راوەستاوەکان لەمانی هەستان، هەستێنراوەکانیش پێیان ناخۆشبوو. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستی بە پێناخۆشییەکەیان کرد، لە دەرەوەش چەند کەسێك لە دووڕووەکان کەوتنە بۆڵەبۆڵ، دەیانووت: مەگەر ئێوە ناڵێن هاوڕێکەتان (مەبەستیان پێغەمبەری خوابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دادپەروەریی لە نێوان خەڵکییدا دەچەسپێنێت؟ واللە نەمانبینی دادپەروەرانە لەگەڵ دانیشتووەکاندا رەفتار بکات، خەڵکانێك پێشتر هاتوون و جێی خۆیان گرتووە و ئەوانیش حەزیان بە نزیکیی پێغەمبەرەکەیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەیە، کەچی ئەوانی هەستان بۆ کەسانێك کە خۆیان درەنگ هاتوون. ئەمە گەیشتەوە بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆیە فەرمووی (رحم الله رجلاً فسح لاخيه)[١] واتە: رەحمەتی خوا لەو کەسە بێت کە جێ بۆ براکەی دەکاتەوە. ئیتر زۆریان خێرا هەستانە سەر پێ تا جێ بۆ براکانیان بکەنەوە (و بەر ئەو دوعای رەحمەتە بکەون) ئیتر ئەم ئایەتە ئەو کاتە هاتە خوارەوە.

کەوابوو ئاراستەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئایەتەکەی خوای گەورەش لایەنگریی بوو، ئەم ئەدەبەیان لە ناو موسوڵماناندا کردە

[١] لە تەفسیری ئیبنوکەثیرەوە/ لێکدانەوەی هەمان ئایەت.

دابونەریت، کە کۆڕی خۆیان بەرفراوانتر بکەن و جێ بۆ کەسانی تازەهاتووی مەجلیسەکانیان بکەنەوە:

١- ئەمە یەکێکە لە ئادابی کۆڕو مەجلیسی موسوڵمان.

٢- کەسی تازە هاتوو بۆ مەجلیس لەو شوێنەدا دا دەنیشێت کە بەتاڵە، لە هەر کوێی کۆڕەکەدا بێت. چونکە ئەوە ئەو ڕەفتارەیە کە یاوەران لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فێر بووبوون. جابری کوڕی سەمورە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (كُنَّا إِذَا أَتَيْنَا النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَلَسَ أَحَدُنَا حَيْثُ يَنْتَهِي)[1] واتە: کە دەهاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر یەکەمان لەو شوێنەدا دادەنیشت کە کۆتایی مەجلیسەکە بوو..

٣- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لە شوێنێك دادەنیشت بەردەوام سەیدنا ئەبوبەکری صددیق خوا لێی ڕازی بێت لای ڕاستی پیرۆزیی و سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت لای چەپیەوە لە خزمەتیدا دەبوون، سەیدنا عوسمان و سەیدنا عەلیش خوا لێیان ڕازی بێت چونکە نوسەرانی وەحی بوون لەبەر دەستیدا لە خزمەتیدا دەبوون. وەکو ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە هەر جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوای جێ بۆ دیاریکردبوون. لە هەر شوێنێکی تریش دابنیشتایە هەر دەیفەرموو: (لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)[2] واتە: با پیاوماقوڵ و بەهۆش و زرنگەکانتان لە نزیکمەوە بن، پاش ئەوان ئەوانەی دوای ئەوان پاشان ئەوانەی دوای ئەوان (بە

[1] . ترمذی گێڕاویتیەوەو شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي) و (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٣٠) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[2] موسلیم (٤٣٢)، ترمذی (٢٢٨).

پێی پیاوماقوڵیی و هەڵکەوتەیی و دەرکەوتەییان). هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کەسانێکی لە مەجلیسەکەی خۆی هەستاند بۆ بەدرییە بەڕێزەکان.. هەمیشە دەیخواست ئەو زرنگ و بەهۆشانە لە خزمەتییدابن و لێوەی نزیکتربن تا ئاراستەکانی رۆشن و رشکاوانە وەربگرن، چونکە ئەوانە دەیانگەیاندەوە بە خەڵکانێکی تری پشت خۆیان.

ئەمەش دیارە بەڵگەیە کە لە کۆڕی ئێمەی موسوڵمانیشدا کە زاناو شەرعناس و ئەمیرو فەرماندەو پیاوماقوڵەکانمان دانیشتن دەبێ کەسانی زرنگ و هەڵکەوتە لە نزیکیانەوە دانیشن. ئەمە چینایەتی نییە، چونکە خاوەن هۆش و زرنگ و زیرەکەکان دەشێت لە چینی هەرە هەژاری کۆمەڵگەکە بن، بەڵام شایانی ئەو جێگایەن.

ئەمە بۆ ئیمام و ئەمیرو هاوشێوەیان سوونەتە کە نوێژیان بە ئیمامەت بۆ کەسانێکی تر دەکرد، ئەوانەی راستەو خۆ لە پشتیانەوە دەبن هەڵکەوتەو حافز قورئان و شەرعناس و کەسایەتیە ئیسلامیەکان بن.. ئیبنومەسعوود خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْسَحُ مَنَاكِبَنَا فِي الصَّلَاةِ وَيَقُولُ اسْتَوُوا وَلَا تَخْتَلِفُوا فَتَخْتَلِفَ قُلُوبُكُمْ لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)[1] پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەریزدەبووین (لەپشتیەوە بۆ نوێژی جەماعەت) شانمان رێکدەخست (تا ئاستی یەکتربن بۆ ئەوەی ریزەکەرێك و راست بێت) ئینجا دەیفەرموو: رێك راوەستن،

---

[1] . موسلیم (٤٣٢)، ئەبوداودو (٦٧٤). نەسائی (٨٠٧)، ئیبنوماجە (٩٧٦)، بەیهیقی (٥٠٣٨)، ئەحمەد (١٦٦٥٣).

ناكۆك مەبن دەنا ناكۆكیەكانتان دەكەوێتە دڵ ودەروونتانەوە، باپیاو ماقوڵ و هەڵكەوتەكانتان نزیكترین لێمەوە، پاشان ئەوانی دوای ئەو، پاشانی ئەوانی تری دوای ئەمان.

جا ئەگەر ئەمە لەنوێژدا بووبێت حەتمەن لەكۆڕی ئاساییدا ئەم دابونەریتە زیاتر رەچاو دەكرێت، سووننەتەو زەروورەیتشە كە لەنوێژی جەماعەتدا، یان لەمزگەوت، چەند جێگایەكی راستە و خۆی پشت ئیمامەكە بۆ شەرعزان و قورئانەوان وداعییەكان بێت، چونكە هەڵەی ئیمام باشتر راست دەكەنەوە و بۆشی دەبنە (ئیمامی ئیحتیات).

٤- نەهێشتنی كەلێن لەریزو كۆڕی موسوڵماناندا هەندێك لەزانایان دەفەرموون ئەمە لەنوێژو غەیری نوێژدا هەروایە، لەنوێژدا بێگومان دەبێت مادام نوێژی جەماعەتە ریزەكان پڕوسفت بن نەك شاش ولێكدوور هەروەها نابێت نێوان كەسەكانی یەكرپزیش هەبێت، سووننەت وایە كە پەنجەی پێیان بەپەنچەی پێییەكترییەوە بنێن وهەروەها شانیان لەدانیشتنی كۆڕیشدا سووننەت لێك نزیك بەتەنیشت یەكترییەوە دانیشن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو (أقِيمُوا الصُّفُوفَ، وَحَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ، وَسُدُّوا الْخَلَلَ، وَلِينُوا بِأَيْدِي إِخْوَانِكُمْ، وَلَا تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ، وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللَّهُ، وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللَّهُ)[١] واتە: ریزەكان رێكخەن، شانتان راستی یەكتریی بێت، كەلێنی نێوانتان پڕ بكەنەوە، ئاسان و نەرمونیان بە دەست براكانتانەوە بچن، (كە رێكتان دەكەن یان راتان دەكێشن بۆ پڕ كردنەوەی كەلێنی ریزەكان) كەلێن (بۆشایی) بۆ شەیتان

[١] . ئەبوداود (٦٦٦) ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٢٠٦٧) دا بە سەحیحی ناساندووە.

مەهێڵنەوە (تا نەخزێتە نێوانتانەوە). هەر کەسێك ریزێك تەکمیلە بکات (بە یەکترەوە پەیوەستیان بکات) خوای گەورە بە خۆیەوە پەیوەستی دەکات، هەر کەسێك بوار بخاتە نێو ریزەکانەوە خوای گەورەش بوار دەخاتە نێوان خۆی و ئەو کەسەوە.

٥- نابێت لە نێوان دوو کەسدا دابنیشێت پێش ئەوەی داوای مۆڵەتیان لێ بکات، دەبێ دوای داواکردنی مۆڵەتەکە خۆیان رازی بن، چونکە لەوانەیە ئەوان پێکەوە دانیشتوون تا قسەی تایبەتی خۆیان پێکەوە بکەن، یان یەکێکیان پێویستی بەوی تریان هەبێت یان هۆی تر. ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدەوە لە عبداللهی کوڕی عەمرەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (لَا يَحِلُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُفَرِّقَ بَيْنَ اثْنَيْنِ إِلَّا بِإِذْنِهِمَا)[1] واتە: ناشێت کابرا بچێتە نێوان دووکەسەوە مەگەر بە رەزامەندیی هەردووکیان.

*هەر لە ئایەتەکەدا دوای ئادابی کۆڕو بەرفراوانکردنی مەجلیس و جێکردنەوە بۆ هاتووانی نوێ، فەرمانی ئەوە بە موسوڵمانان دەدات کەدانیشتن نەکەنە پیشەو بێکارانە بۆ کات بەسەر بردن کۆڕ نەگرن. دەفەرموێ: (وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا) واتە: ئەگەر پێتان ووترا هەستن بەدەم کاری خێرەوە بچن راپەڕن و بچن. موقاتیل دەفەرموێ: ئەگەر بانگێشتی نوێژ کران هەستن بە دەنگیەوە بچن. ئیبنوعەبباس و حەسەنی بەسریی دەیانفەرموو: ئەگەر پێتان ووترا بۆ جیهاد لێبڕێن، راپەڕن و بە دەنگیەوە بچن. بەڵام دیارە کە (کاری خێر) نوێژو جیهادەکەش دەگرێتەوە، بۆیە

---

[1] .ئەبوداودو (٤٨٤٥). ترمذی (٢٧٥٢)، بەیهیقی (٥٧٥٦)، ئەحمەد (٦٩٦٠).

دەشێت مەبەست لە بڕە ئایەتەکە بە دەنگەوە چوونی هەموو کارێکی خێر بێت والله اعلم.

عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەفەرموێ: کە یاوەران لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبوون هەر یەکەیان حەزی دەکرد خۆی کۆتا کەس بێت کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەرەخەس دەبێت و کۆڕەکەی جێدەهێڵێت.. ئەمەش بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆرجار دەبووە مایەی سەختکاریی، چونکە دەیخواست بچێتە کاری تری، یان تەشریف بباتەوە بۆ ماڵەوە، یان لەو ماڵەیەوە بچێتە ماڵێکی تری، یان بۆ کارێکی پێویستی خۆی. بۆیە لێرەدا خوای گەورە ئەدەبێکی تریان فێردەکات کە دەفەرموێ: (وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا) ئەمەش وەکو ئایەتی (وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا)النور/٢٨ ئەگەر لە دەرگای ماڵێکتان دا (٣جار) و نەیانکردەوە بگەڕێنەوە، ئەگەر پێیان ووتن: ببورن کاتەکە یان دۆخەکەمان گونجاو نییە بگەڕێنەوە، یان جارێکی تر وەرنەوە، بگەڕێنەوە.

دوا بە دوای ئەم ئادابانە کە هەندێك لە دڵدا قورس دەبن، بە تایبەتی لای نەو موسوڵمان کە بە لایەوە کەمییە کە خوای گەورە یەکسەر ئەوە فێر دەکات کە ئەم ڕەفتاری خۆ بە کەمترزانیینە کە لەبەر خاتری خوایە پاداشتی بەرز بوونەوەی پلەو مەنزیلەی لای خوای گەورەی هەیە، هەر وەکو پلەو مەنزیلەی ئیمانداره پیاوچاکەکان و ئەهلی زانستیە شەرعییەکانی خواناسیی ی و خواپەرستیی، وەک دەفەرموێ: (يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) واتە: ئەوانەتان کە ئەهلی زانستی شەرعەو شارەزای دینەکەیە خوای گەورە پلەو پایەی بەرزو باڵایان پێدەبەخشێت.

خوای گەورە بە موسوڵمانان دەفەرموێ: کە وا نەزانن هەستانی کەسێکتان بۆ هاتوویەکی نوێی کۆڕتان، یان جێکردنەوەی بە جێی تەنگ کردنەوەی خۆی کەمی و ماف لە دەستدانتانە! نا، ئەوە لای خوای گەورە پاداشتی زۆرە، جۆری پاداشتەکەش ئەوەیە کە پلەو مەنزیلە بەرز دەکاتەوە. ئەم پاداشتە گرنگ و مسۆگەرە حەتمەن دەبێتە سوکنایی دڵ و هاندەری زیاتری خۆبەکەمزانین. بەڵێنی خوای گەورەش حەتمەن راست و بەجێیە. دەی سا بە خوا هەقە بۆ منداڵێکیش بە پێوە بوەستین چ جای پیاوچاك و زانا.

لە کۆتاییشیدا دەفەرموێ: (وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) خوای گەورە پسپۆرە، زانایە، شارەزایە، بە ئاگایە و رەفتارو هەڵوێستەکانتان بۆ تۆمار دەکات و پاداشتی تەئکیدیشتان دەداتەوە.

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت نافیعی کوڕی عبدالحارثی کردبوو بە والی لە ناوچەی عەسەفان. جارێك لە مەدینە تووشی نافیع بوو، پێیفەرموو: خۆت هاتوویت، کێت لە شوێنی خۆت (بەوەکیلی والی) داناوە؟ فەرمووی: ئیبنوئەبزام داناوە، پرسی: ئەم ئیبنوئەبزایە کێیە؟ نافیع عەرزی کرد: لە مەوالییەکانی خۆمانە، سەیدنا عومەر فەرمووی: مەوالییەکت کردووە بە والی بەسەر خەڵکەکەوە؟ عەرزی کرد: ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئیبنوئەبزا قورئانخوێنەو شارەزای میراتەو داوەر (قازیی)یە، سەیدنا عومەر فەرمووی (اما ان نبيكم صلى الله عليه وسلم قال إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا، وَيَضَعُ بِهِ

آخَرِينَ)[1] واتە: پێغەمبەرەکەتان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: خوای گەورە بەم قورئانە خەڵکانێك بەرز دەکاتەوەو خەڵکانێکی تریشی پێ نزم دەکاتەوە. فەرموودەی تریش لەم بارەوە لە هەردوو سەحیحی بوخاریی موسلیمدا زۆرن والحمدلله.

## خاڵی سەرنجدان:

* لە فەرموودە سەحیحەکانەوە ئەو ئەدەبە هاتووە کە کەس بۆی نییە یەکێکی تر هەستێنێت کە دانیشتووەو خۆی بچێتە شوێنی. وەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا يُقِيمُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَجْلِسِهِ ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ)[2] یان کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە چەند کەسێکی دانیشتوو کرد بۆ بەدرییەکان هەستن، کە بە پێوە بوون، ئەمە چەند شتێك روون دەکاتەوە.

١-ئەوی فەرمان بە هەستانی هەندێك کەسی دانیشتوو بۆ تازە هاتووی رێزدار دەکات، ئەمیرو سەرکردەکانن، چونکە ئەوان هەموو کەسایەتییەکان باشتر دەناسن و رێزیان زیاتر رەچاو دەکەن.

٢-کابرای هاتوو بۆی نییە کەسێك هەستێنێت، بەڵکو هەر بە پێوە دەمێنێت تاجێی بۆ دەکرێتەوە.

٣-ئەمیرو سەرکردەو پێشەواو شەرعناس کە کەسێك بۆ هاتوویەکی رێزدار هەڵدەستێنن، لە لایەکەوە تێی رادەبینن کە ئەو فەرمانەی بەسەردا بکەن، لە

---

[1] ـ موسلیم (١٣٥٦)، ئیبنوماجە (٢١٤)، داریمی (٣٢٧٠)، ئەحمەد (٢٣٣)، صەحیحی ئیبنوحیببان (٧٧٩).

[2] . بوخاریی (٥٩١٥).

لایەکی تریشەوە دەشێت لە هەڵوێستی تردا رەچاوی کردبێت و وەکو دەوترێت بەسەریەوە هەیەتی.

*ئەم جێکردنەوەیە جێکردنەوەیە لە دڵ ودەروونداً، زیاتر لە جێکردنەوەی جەستە، خۆ بە پێوەش بێت هەر بە ئامادەبووی کۆڕەکە حسێبەو زانست و خێرو بەرەکەتی کۆڕەکەی پێ دەبڕێت، بەڵام بێگومان جێ بۆ کردنەوە یان جێ بۆ چۆڵ کردن بۆی رێزی زیادەو قەدرزانینە، کە کاریگەریی ئیجابی دەروونی دروست دەکات، زیاتر لە کاریگەریی سلبی کە قسەو قسەڵۆك وتیروتوانج دروستی دەکات.

*ئەمیر دڵخۆش دەبێت کە دەبینیت دانیشتوو جێ بۆ تازەهاتوو چۆڵ دەکات یان جێی بۆ دەکاتەوە، تازە هاتووش پێیخۆشە بە پێوە بێت، وەك لەوەی جێی یەکێکی دانیشتوو بگرێت یان تەنگی کات. چونکە رەزامەندیی و برایەتی و خۆشەویستی سروشتیی لە شوێنکەوتووەکان دەبینێت. ئەگەر نەیبینی ناچاری فەرمان کردنەکە دەبێت و ئەوانیش هەموو گوێڕایەڵ دەبن. ئەم ئەدەب و رەفتارە لە دانیشتوو تازەهاتووی بە پێوە جوانترە وەك لە هەنگاو هەڵهێنانەوەی تازەهاتوو و خۆ خزاندنە نێوان یان لەبەردەمدا دانیشتن یان رەفتاری تری هاوشێوە، کە تووڕە دەکات و دۆستایەتی توندوتۆڵ ناکات.

*چەند جوان و سازاوو کاریگەرە کە ئایەتەکە . کە ئەدەبی دانیشووەکەو هاتووە کەی بۆ کۆڕی زانست وفێربوون باس کردووە کە رەفتاری ئیماندارانە دەنوێنن . روونی کردۆتەوە کە لە پاداشتیدا شایانی رێزداریی و پلەبەرزیی لای خوای گەورە دەبن. ئایەتەکە بە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)ە کە لەلایەنی دەروونی و ئیمانییەوە ئامادەی وەڵامدانەوەی فەرمان و پابەندبوون بە ئەدەبەکەیان دەکات، شوێن و

هۆکاری ئامادەبوونەکە کۆڕی زانست و فێربوونە، کە دانیشتوو تازەهاتوو وەکو یەك موحتاجن پێی. کەوابوو دانیشتووەکە بە پاڵنەری ئیمانیی و هاوخەمیی دەبێ حەز بکات هاتووەکەش فریاکەوێت و جێی هەبێت، تا لە زانست وخێرو بەرەکەتەکە مەحرووم نەبێت. تازەهاتووەکەش رێزی هیممەت بەرزی دانیشتووەکە رەچاو دەکات کە وەکو ئەم نەبووە، پێش ئەم دەسبەرداری کارەکەی بووە و خۆی گەیاندۆتە کۆڕەکە. ئەمە کە دواکەوتووە، ئەگەر جێگاشی بۆنەکرێتەوە دەبێت بە لایەوە ئاسایی بێت بە تایبەتی کە جێ نەماوە. ئەم ئیمان و ئەدەب و فێربوونە هەر بۆ پلەبەرزی لای خوای میهرەبان وبالآیە. سبحانە.

ئاوا ئەم قورئانە، ئەم پەیامە نایابە، ئەم ئاراستە بێوێنەیە بە ئایەتێك ئاراستەی ئیمان و ئاداب و هیممەتی فێرخوازیی و ئومێدگەشیی بە پاداشتی خوایی دەچەسپێنێت. هەمووی لە واقیعی کۆمەڵێکی مرۆڤی نوخبەدا، لە موسوڵمانانی هیدایەتدراوو دیندارادا دەکاتە رەفتارێکی سروشتیی سووك و ئاسان، بێ ئەوەی پێویستی بە دارشتنی یاسای ئەتەکێت و تەکەلووف و چاودێرییکردنی شێوازی راپەڕاندن و موحاسەبەکردنی تێیدا ببێت.

## دەرسی شەشەم

ئایەتی دوازدەیەم و سێزدەیەم

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ * أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر وویستان بە تەنهاو بە چرپە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بدوێن دەبێت پێشتر خێرو خێراتێك بکەن (تا شیاوی ئەو ڕەفتارەتان بکات و ببێتە مایەی پاکبوونەوەی دینداریتان) ئەگەر هەژارو دەسکورتەکانتان وویستیان بە چرپە لەگەڵیدا بدوێن و توانای خێرو خێراتەکەیان نەبوو، قەیدی نییە با بێ خێرو خێرات بچنە خزمەتی و بە چرپە لە خزمەتیدا بدوێن، (ئەم حوکمە دوایی نەسخ بۆوە، وەکو دواتر باسی دێت) خوای گەورە لێخۆشبوو بە بەزەییە.(١٢) چما لە هەژاریی و دەسکورتیتان دەترسان کە ئەم حوکمەتان بە لاوە قورس بوو؟ دەی سا وا خوای گەورە لە سەری سووك کردن و هەر لایبردو لەوانەشتان خۆشبوو کە گومانی خراپیان برد، نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوای گەورە شارەزایە بەو رەفتار گوفتارو کردارانەی دەیکەن.(١٣)

ئەم دوو ئایەتەش باس لە ئەدەبێکی تری یاوەران دەکات لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێی سروشتی گشتی خەڵکی و پێشەواو رابەرو سەرۆك، خەڵکی حەز دەکەن ئاڕاستەو راوێژو وەڵامی تایبەت بە خۆیان لە گەورە پیاوانەوە راستەوخۆ لە خۆیانەوە وەرگرن. بە هەزاران کەسیش هەن کات و ماندووبوونی ئەو گەورە پیاوانە رەچاو ناکەن، هەر یەکەیان وا دەزانێ هەر خۆی داوای کاتی تایبەتی کردووە! دیارە لە سەردەمانی گەورەی سەروەران و پێشەوای رابەران پێغەمبەرەکەی خواشدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر وا بووە، کەسانێکی زۆر هاتوونەتە خزمەتی و کاتی تایبەتیان بۆ راوێژو پرسیارو چارەسەری کێشەکانیان خواستووە. کاتی جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر کاتی خۆی و ماڵ و منداڵی نەبوو کاتی ئوممەتەکەش بوو، خوای گەورە خواستی وابوو یاوەران فێری ئەدەبێکی تر بکات کە چۆن رێزی کاتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگرن و دۆخ و حاڵەتی رەچاو دەکەن. فەرمانیدا کە هەر کەسێکتان دەتانەوێت کاتی تایبەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگرێ و بە (چرپە) پرسیارو راوێژو کێشەی خۆیی لاباس بکات دەبێ پێش چوونە خزمەتی سەدەقە (خێرو خێراتێك) بکات، تا لە لایەکەوە ببێتە مایەی پاڵفتەبوون و گوناح هەڵوەرینتان، لە لایەکی تریشەوە لایەقی ئەوەتان کات کە بچنە خزمەتی و چوونەکە بە خواپەرستی بزانن و بشبێتەمایەی یارمەتیدانی هەژارو دەستکورتەکانتان. ئەمە بە گشتی بۆ دەوڵەمەندەکان بوو کە دەخوازرا لە زۆر رێگاوە یارمەتیدانی هەژارانیان لا ببێتە بواری مەڵۆکردنی زەخیرەی قیامەت. ئەو کەسانەش کە نەدار بوون خوای گەورە فەرمووی خۆتان تەسلیم بە میهرەبانی خوای گەورە بکەن کە هەم لێخۆشبووە و هەم بە بەزەییە: (فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) پاشان کە کاتەکانی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باشتر رێکخراو ئەو قەرەباڵغییەی جاران کەمتر بۆوە، خوای

گەورە لە رووی گلەیی ناڕاستەوخۆوە بە دەوڵەمەندەکانی فەرموو چما ترسی ئەوەتان لا دروست بووە کە بۆ هەر چرپەو رازو نیاز درکاندنێکتان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خێروخێراتێك بکەن خەمی ئەوەتانە پارەو سامانتان کەم بێتەوە؟!.

پاشان حوکمەکەی لەسەر لابردن و داوای خواپەرستی نوێژو زەکات وگوێڕایەڵی وملکەچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێکردن: (فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) ئەهلی تەفسیر دەفەرموون کە یەکەمین کەس و کۆتا کەس کە خێراتی بۆ راز دەرکاندنی لای جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب بوو خوا لێی رازی بێت، بەڵام هەمووی یاوەرانی پێ پەروەردە کرد.

موجاهیدی موفەسسیر دەفەرموێ: نەهی لە یاوەران کرا کە تا سەدەقەیەك نەکەن نابێت بە تەنها لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بدوێن. عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت کە وویستی هەندێك پرسیار لەپێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات دینارێکی تەرخان کرد بۆ خێرپێکردن. هەر واشی کردو کردی بە خێر. بۆیە زۆر جار دەیفەرموو: ئایەتێك لە قورئاندا هەیە نە کەس پێش من کاری پێکردووەو نە کەسیش دوای من، چونکە دوای سەیدنا عەلی حوکمەکە نەسخ بۆوە. ئەمە رای زۆرینەی ئەهلی تەفسیرو سیرەو زانایانی سەلەفە.

## دەرسی حەوتەم

ئایەتەکانی چواردە تا نۆزدەیەم

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ * أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ * اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ * لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ * يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ * اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ)

واتە: مەگەر ئەوانە نابینیت کە دۆستایەتی ئەو کەسانە دەکەن کە خوا غەزەبی لێگرتوون و لە سەریان دەکەنەوە و لایەنگیریان دەکەن، ئەوانە نە لە ئێوەن (ئیمانداران)و نە لەوانیشن (کافران)! دەشزانن دیدو هەڵویستیان هەڵەیە، کەچی سوێندی لەسەر دەخۆن کە راستە! (١٤) خوای گەورە سزای زۆر بەژانی بۆ ئەوانە ئامادە کردووە، بەراستی ئەوانە رەفتاریان بەدەو خراپەکاریی دەکەن. (١٥) سوێند خواردنەکەیان کردووە بە قەڵغان و لەولاشەوە بەرهەڵستی دینی خوا دەکەن و لەمپەرو بەربەست لە رێی بانگەوازی خوادا دادەنێن. ئەوانە سزای چاوشۆڕیی و زەلیلانەیان دێتە رێ. (١٦) نە سەروەت و سامانیان دادیان دەدات نە ئەولادو کەسوکاریان لە دەست خوای گەورە قوتاریان دەکات، ئەوانە ئەهلی دۆزەخن، دەچنە ناو ئاگرو بە نەمرییش تێیدا دەمێننەوە.(١٧) رۆژێك دێت خوای

گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە (لە نەزانی و کاڵفامییاندا) سوێند بۆ خوای گەورەش دەخۆن وەکو کە ئێستا لە دنیادا سوێند بۆ ئێوە دەخۆن (کە موسوڵمان و هاودیدو هاوڕاتانن!) هەر واشدەزانن (یان خۆ وا نیشان دەدەن) کە شتن! کە ڕێبازی ئیسلامیان گرتووەو موسوڵمانن! بەڵام بە تەئکید درۆزنن.(١٨) شەیتان بەسەر دیدو رەفتاریاندا زاڵ بووەو خستوونیەتیە ژێر رکێفی خۆیەوە، بۆیە یادی خوای گەورەی لە بیر بردوونەتەوە! ئەوانە حزبی شەیتانن، پێڕی ئەون. حەتمەن حزبی شەیتانیش زەرەرمەندە. (١٩)

باسێکی تری دیدی لێڵ و هەڵوێستی لەرزۆکی دووڕووەکان دەکات کە چۆن دەستیان لەگەڵ دوژمنی هەرە سەرسەختی ئیسلامدا (کە جولەکەکان بوون) تێکەڵ دەکردو پرس و راوێژو هەڵوێست گۆڕینەوە و نەخشەو پیلانی هاوبەشیان دادەنا بەو ئومێدەی بانگەوازە خواییەکە لاواز کەن و ئەگەر بۆیانکرا یەکجاری کپی بکەن!!.

خوای گەورە بە شێوازێکی توندو سەخت و سەیر، لە هەمان کاتدا رەوانبێژیی و راشکاوو رۆشن دەفەرموێ: ئەوانە بوون بە دۆست و لایەنگرو پشتیوانی کەسانێك کە خوای گەورە غەزەبی لێگرتوون، خوای میهرەبان و بەسۆزو بەبەزەیی رقی لێیان هەستاوە، خوای کارزان ودادپەروەر زۆر لەو قەومە (جولەکەکان) تووڕەیە، کەچی ئەم دووڕووانە ـ لە نەزانیی و ئەقڵ پێنەشکان، یان لە لاساریی و گوێنەدان بە فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و هۆکاری تر ـ بەردەوام شوێن ئەو جولەکە رقن و

دڵڕەشانە کەوتوون !! ئەمە لە كاتێكدابوو کە توندو خێرا دەسەڵاتی ئیسلام بەهێزتر دەبوو، دەبوایە ئەقڵیان پێبشكایە کە ئەم هێزو دەسەڵاتەی ئیسلام بەرەو لاواز بوون و پووكانەوە ناڕوات، بە پێچەوانەوە رۆژبەرۆژ لە زیادبووندایە، دەی سابۆ چی ئەو هەڵوێستە دوژمنكارانە وەردەگرن؟! چونكە لە ناخیاندا موسوڵمان نەبوون، تەنها سەرزارەكی لە ریزی موسوڵماناندا خۆیان دەردەخست و ئامادەی نوێژو مزگەوت و جیهاد دەبوون ! لەو لاشەوە لە ریزی جولەكەو كافرەكانی تریش نین! ئەگەر چی لە ناخی دڵیاندا كافرن، بۆیە نە لەملاو نە لەولا نەدەبوونە جێمتمانەی هیچ لایەنێك چونكە درۆزن و دووڕوو بوون: (وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ)البقره/١٤ واتە: كە بە موسوڵمانان دەگەن دەڵێن باوەڕمان هێنا! بە شێوازی كردار (آمَنَّا) كە مانای ڕووداوو دووپات بوونەوە دەدات، چونكە بەردەوام لەگەڵ دیتنی موسوڵماندا وا دەڵێن. دەیان جار دووپاتی دەكەنەوە، بەڵام كە دەگەن بە شەیتانەكانیان كە ئاڕاستەیان دەكەن ـ لە كافرانی قورەیش بن یان لە جولەكەكان ـ بە شێوازی (اسم) كە مانای سیفەتی جێگیرو بەردەوامبوون دەدات دەڵێن (إِنَّا مَعَكُمْ) رستەكەش بە (إنّ) دەست پێدەكات كە تەوئكیدەو بۆ جەخت كردنەوەی زیاترە. وەكو ئەوەی كە كافرێتی سیفەتە جێگیرو نەگۆڕەكەیانەو تەئكیدی لێدەكەنەوە كە باوەڕ هێنانەكەیان گاڵتە كردنیانە بە ئەقڵی موسوڵمانان! ئەمەش وایلێدەكردن هەڵوێستیان لەرزۆك و كەسایەتیان ترسنۆك و سوێندخۆرو چەواشەكار دەرچێت: (مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لاَ إِلَى هَؤُلاء وَلاَ إِلَى هَؤُلاء)النساء/١٤٣ واتە: شلۆق و لەرزۆكن، لەو نێوانەدا ـ لە نێوان موسوڵمانان و جولەكە و كافرەكانی تردا ـ دێن و دەچن. نە لەمانن نە لەوانیشن!.

بەردەوامیش خەریکی سوێندخواردنن، دەشزانن کە درۆ دەکەن، بێگومان خۆیان ناڕاستێتی خۆیان دەزانن. سەیرە کە دەزانن درۆ دەکەن کەچی هەر سوێند دەخۆن بۆ ئەوەی متمانەی ئانی و ساتیی موسوڵمانێك بەدەست بهێنن. ئەمە سیفەتی دووڕووی هەموو زەمانێکە.. مەگەر هەر یەکە لە ئێمە دەیان کەسی ئاوا نابینین؟! لە کاتێکدا کە ئێمە ئێستا خاوەن هێزیش نین کەچی ئەو دووڕوویيەتییەمان لا دەنوێنن! سزای ئەم فریووکارانە لای خوا زۆر گەورەو سەختە، خوای گەورە بە شێوازێك باسی دەفەرموێ وەکو ئەوەی کە بە تایبەت ئەو سزا دژوارو سەختەی پەنابەخوا بە دەستی خۆی بۆ ئامادەکردبن: (أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا) ئەمە چ زەرەر لێکەوتنێکە؟! چ چارەنووسێکی بەدو رەشە؟! چی لەوە سەرشۆڕترو زەلیلانە ترە کە عەبدێکی لاوازی موستەهیتری دنیایی، لە رۆژی قیامەتدا کەوتبێتە بەردەستی خوای خاوەن دەسەڵات کە خۆی سزا تایبەتەکەی بۆ ئامادەکردوون؟! وای کە رۆژێکی رەشە.. هەر هەموو رەفتارەکانیان بە چاودا دەداتەوە! مەگەر ئێوە نەبوون بۆ پاراستنی خۆتان و هەواوهەوەس و دیدو بیری چەقبەستووتان دەکەوتنە پیلان گێڕیی و ملهوڕانە گوێتان بەو هەموو هۆشداریی و ئامۆژگاریی و ئینزارە نەدەدا؟! ئەدی ئەو هەموو سوێندە درۆیەتان بۆچی دەخوارد؟ کردبووتانە قەڵغان، هەمیشە حازربەدەستبووا! دەی ئێستا کوا قەڵغانەکەتان؟ چی دەتانپارێزێت لە غەزەبی خوا؟! چۆن لە سزای بەژانی خوا قوتار دەبن؟!.

دەی هەموو رەنجێکتان بۆ دژایەتی ئەم دینە نەخستبووە کار؟ بەربەست و لەمبەرتان بۆ دا نەدەنا؟ بەو هیوایەی سەرنەکەوێت: (اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً) !!

(فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ)! خۆ دینەکە سەرکەوت، خۆ لە دنیاشدا زەلیل و ژێردەستەکەوتن. لەویێ خۆتان سەرزارەکی بە موسوڵمان نیشان دەداو بە سوێندی درۆ پەردەپۆشتان دەکردا! لێرە چی؟ موسوڵمانان ناچار بوون حوکمی زاهیریتان وەرگرن و هەقی دڵتانیان نەبێت، ئەدی لێرە چی دەکەن؟ خۆ خوای گەورەو زانا بە هەست ونەست وختوورەی دڵتانی دەزانی و ئاگای لە هەموو بزاوت و سرەوتیێکتان بوو، هەر هەمووشی بۆ ئامارو هەژمار کردوون! ئەوەتا هەمووی وا بە تۆمار کراویی نیشان خۆتانی دەداتەوە! خۆ ناتوانن نکوڵی لێ بکەن.. ئەو جا جارێکی تریش کۆتایی ئایەتەکە بە باسێکی تری سزا بەژان و ناسۆرو سەرشۆڕییەکە دەهێنێت.

لەدنیادا ئەم هەموو هەڕەشەی خستنەپێش، کە سزای بەژانتان دەبێت، فام بکەنەوە، بیرکەنەوە: (أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا) (إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ) (لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا) (أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ) (هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)! ئەم دڵە بێهۆش و گۆشە، ئەم دڵە رەقە، ئەم کەللە پووتە بۆچی هزرێکی بیرکردنەوەی تێدا نەبوو؟!

ئینجا لەم هەموو هەڵوێستە نامۆترو نەزانترو گەلۆرترو موستەهتیرتر ئەوەیە کە خوای گەورەو زانا لە قیامەتدا زیندوویان دەکاتەوەو دیدو هەڵوێست و چرپەو ناخی رەشیانیان دەخاتەوە پێشچاو، کەچی بە هەموو ئەقڵێکیانەوە سوێند بۆ خوای بیسەرو بینەر دەخۆن، بە خوا قەسەم موسوڵمان بووین!!! سوێند دەخۆن: واللە ئێمەش رێگا راستەکەی تۆمان گرتبووەبەرا! نوێژمان دەکرد، رۆژوومان دەگرت، هەمووشیمان لەبەرخاتری تۆ دەکردو بە پێی رێنمایی پێغەمبەرەکەت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رەفتارمان دەکردا!

سەیری ئەم چاوقایمییە! سەیری ئەم فیطرە پیس بوونە، سەیری ئاسەواریی درۆزنی و دووڕوویی چۆن قەناعەتی لە ناخیاندا دروست کردووە کە خۆیان راستن ! سبحان الله.

ئەوەندە دووڕوویی و درۆکردنیان مومارەسە کردووە، لێیان بۆتە پیشە، ئەوەندە لەسەر ئەو پیشەیە رۆیشتوون لێیان بۆتە بەشێك لە کیانیان و لە قیامەتیشدا لێیان نابێتەوە! چونکە ئەو کەسەی خوو بە سیفەتێکەوە دەگرێت و پێوەی دەمرێت پێشیەوە زیندوو دەبێتەوە. نابینیت خوای گەورە باس لە کینە (غِلّ) دەکات کە ئەو کەسانەی موسوڵمان بوون شایانی چوونە بەهەشتەکە بوون، بەڵام بۆ ئەوەی شیاوی ئەوێ و شیاوی ریزی بەهەشتییەکان بن، خوای گەورە ئەو کینەیە لە ناخیاندا لە رەگ و ریشاڵەوە هەڵدەکێشێت! نابینیت چۆن بە شێوازی رەوانبێژیی قورئان دەربارەیان دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ، وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ.)الاعراف/٤٢-٤٣.

ئەمانە لە رۆژی قیامەتدا بە هەموو ئەقڵێکیانەوە وا دەزانن ئەگەر سوێند بۆ خوای پەروەردگار بخۆن خۆ لە سزای دەبوێرن، هەر وەکو لە دنیادا بە سوێندخواردنیان بۆ موسوڵمانان خۆیان لە ئەحکامی شەرع دەبوارد. چونکە شەرع حوکم بەسەر رەفتار (گوفتارو کردار)ی دیارو ئاشکرا دەکات، نەك باوەڕو کوفری دڵ! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ) لەوێش هەر وا دەزانن ئەوانیش لەسەر دیدو هەڵوێستی راست و رەوا بوون.

خوای گەورە شاهیدیان لەسەر دەدا کە درۆزنن. بە شێوازی (اسم) دەفەرموێ: (أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ).

ئینجا هۆی ئەو فیطرە پیسیی و گەلۆربوون و گەوجێتییەیان باس دەفەرموێ: کە شەیتان زۆر بەسەریاندا بالادەستبووەو بەسەر رەفتاریاندا زالبووە، سەیتەرەی بەسەریاندا کردووە: (اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ) بۆیە وایان لێهاتووە کە یادی خوایان لا نەماوە، هۆشیان لە خواناسیی و خواپەرستی و مەرگ و قیامەت نەماوە. دڵییان یەکپارچە ژەنگە! شەوەزەنگە. تروسکاییەکی ئیمان و زیکری خوای تێدا نییە: (اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ).

ئا ئەمانەن ئەندام و کادیری حزبی شەیتان.. ئیتر چۆن و بە چی سەرفرازیی بەدەست دەهێنن؟! ئەمانە چوونەتە ریزی کۆیلەو شوێنکەوتوانی شەیتانەوەو ئەویش وا بۆ خۆی هەڵسوڕاندوون. تەنانەت لە قیامەتیشدا هەر لەسەر رەویەی شەیتانیزمەکە دەڕۆن! سوێندیان هەر درۆیەو هەڵوێستیان هەر بە راست دەزانن و پێیان وایە سەرکەوتنیان مسۆگەرە! ئەمانە لە هەموو خێرو چاکەو بەرەکەت و فەڕو نوورێك داشۆراون. تەنانەت چاویشیان تاریکە و بریسکەیەکی هیدایەتی لێوە نایات!!

ئا ئەم وەسف و سیفەت و باسی بزاوت و سرەوتەی دووڕووەکان بەو شێوە دزێوو ناشیرین و بەدەی کە وێنەی حەقیقەتیانەو لە قیامەتدا رووت و رەجاڵ دەکەونە بەرچاوان، ئەوە هەر حەقیقەتەکەی دنیایانە کە لە دیدو هەڵوێستی کوفرو رقن و قینی خۆیانەوە بووبوونە سەرچاوەی ئازارو ناسۆر بۆ خواوویستان. بڕوانە لە قیامەتدا چۆن خوای گەورە بە مەزنیی و دەسەڵات و زانایی و دادی خۆیەوە کەوتۆتە وێزەیان! بزانە بە هیچ کلۆجێك رەحمەتی بەرفراوانی خوا دەیانگرێتەوە؟! سبحان الله. سبحان الله.. خوایە پەنابەتۆ لەخۆت.. خوایە

نەماندەیتە دەست نەفسی خۆمان، خوایە نەهێڵێت شەیتان لە خواوویستی رامانپسکێنێت تا چاوشۆڕیی بەردەم دادگای تۆ نەبین. ئامین.

## دەرسی هەشتەم

ئایەتەكانی بیستەم و بیست و یەكەم

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ * كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ)

واتە: ئەو كەسانەی كە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەن ئەوانە دەبەزن وشكستیان بەسەردا دێت. (٢٠) ژێر دەستەو زەلیل دەكەون خوای گەورە بە وویستی خۆی لە قەدەری خۆیدا (لە لەوحولمەحفوزدا) بڕیاری سەركەوتنی خۆی و پێغەمبەرەكانی خۆی داوە سەلامی خوایان لێ بێت، دەفەرموێ: بە تەئكید خۆم و پێغەمبەرانم هەم بەهێزی بەڵگەو بە بەڵگەی هێز زاڵ دەبین، خوای گەورە بەهێزە دەسەڵاتدارە. (٢١)

ئەو كەسانەی كە بەرەی دوژمنداریێتییان بەرامبەر خواو پێغەمبەرەكەی كردۆتەوەوسەنگەری شەڕیان هەڵكەندووە، ئەوانە بەراستی لە رێبازی راست، لە دیدی روون و هەڵوێستی حەق لایانداوە، ئەوان كەوتوونەتە لایەك و دین و شەرع و رێنمایی خوای گەورەش لە لایەكی ترە. جا ئەوانە كە ئەو دیدو هەڵوێستە دوژمنكارانەیان هەیە، بە تەئكید نابووت و سەرشۆڕ دەبن، خوای گەورە بە قەدەری خۆی (كە زانست و وویست و توانایەتی) بڕیاری داوە كە ئەوانە ببەزێنێت و شكستیان بەسەردا بهێنێت. ئاوا زەلیل دەبن. خوای گەورە بڕیاری قەدەریی خۆی داوە كە من وپێغەمبەرانم بە تەئكید زاڵ و سەركەوتوو دەبین، ئەمەش

شتێك نییە كەس لە توانایدا هەبێت رێی لێ بگرێت، نەهێڵێت، یان دوای خات یان بیگۆڕێت. ئەمە فەرمانی (کن فیکون)ە. سەرکەوتن و سەروەریی و دەسەڵاتی باڵا بۆ دینەکەی خوایەو بەس، بۆ بانگەواز و شەریعەت و رێنماییەكەیەتی، بۆ پێغەمبەرە هەڵبژاردەکانێتی کە بە زانایی و توانایی و دانایی خۆی پشتیوانیان لێدەکات. سەرکەوتن و سەرفرازیی و تەمکین بۆ دین و دینداره سەرڕاستەكانە، عەبدە خواوویستەکان کە بۆ خوا ساغ بوونەتەوەو بۆ دینەکەی، بۆ بزاڤی خواناسیی لێبڕاون. ئەم سەرکەوتن و تەمکینە هەم لە دنیادایە، هەم لە رۆژی دواییدا. ئەمانە بەڵێنی خوای کارزان و راستگۆن:

-(بِآيَاتِنَا أَنتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ)القصص/٣٥ واتە: ئێوەو هەرچی شوێنکەوتووتانن بەبەڵگەو نیشانی ئێمە سەرکەوتوو زاڵن.

-( الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ)الحج/٤١ واتە: ئەو کەسانەی دەسەڵات و سەروەرییان لە سەرزەوییدا پێدەبەخشین نوێژ پیادە دەکەن (دەیکەنە هۆکاریی خواناسیی ی و خواپەرستیی) و پرۆژەی زەکات دادەمەزرێنن ( گەیاندنی سامان بە موستەحەققانی) ئەوانە دەسەڵات دەکەنە مایەی فەرمان بە چاکەوە بەرهەڵستی لە خراپە. چارەنووسی هەموو کارو بارێکیش دەگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگار.

-( إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ)غافر/٥١ واتە: ئێمە نێرراوانی خۆمان و موسوڵمانان هەم لە دنیادا سەرکەوتوو دەکەین هەم لە رۆژی دواییدا، کە خەلائق زیندو دەکرێنەوەو شاهیدانی خواوویستی دێنەوە پێشەوە شاهیدیان بۆ دەدەن.

كەوابوو ئەوە بەڵێنی بنبڕی تەئكيد لێكراوی خوای بەدەسەڵاتە كە پێغەمبەران و شوێنكەوتووانیان سەركەوتوو دەبن. هەموو دەسەڵاتی فيرعەون نەيتوانی بانگەوازی خواوويستی سەيدنا موسا سەلامی خوای لێ بێ بوەستێنێت، هەموو دەسەڵاتی رۆمان نەيتوانی بانگەوازی خواوويستی سەيدنا عيسا سەلامی خوای لێ بێ بوەستێنێت. هەموو دەسەڵاتی قورەيش و فارس و رۆم و خاچپەرستان و مەغۆل و ئيستعمار نەيانتوانی بانگەوازی خواوويستی سەيدنا محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوەستێنن. هەموو توانای حكومەتە مورتەدەكانی دوای ئيستيعمار كە بە هەزاران زانای پێشەواو بيرمەندو كەسايەتی ئيسلاميیان شەهيد كرد نەيانتوانی رێ لە رابوونەوەی سەردەمی نوێی موسوڵمانان بگرن.. كەوابوو ئەو بەڵێنەی خوای گەورە بە دڵنياييەوە راستەو حەقيقەتی رەهای بێ سنوورە: (كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي).

سەرنجدەرە ئەو حەقيقەتە حاشاهەڵنەگرە رەهايەی لەو بەڵێنەدا هاتووە: (إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ) هود/٤٩ رستەكە بە (إِنَّ)ی تەئكيد دەستی پێكردووەو رستەيەكی ناو (ئيسمی)يە كە جێگيری و بەردەواميّتی دەگەيێنێت. حەتمەن چارەنووسی گەش و پرشنگدار، ئاسوودەيی دنيا وقيامەت هەر بۆ دينداراني سەرڕاست و تەقواكارانی خواوويستە: (فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ)هود/٤٩.

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١-كە دووڕووەكان پەنا دەبەنە بەر جوولەكان كە بە هێزو تۆكمەيی ناسراو بوون بەو هيوايە لەوێ خۆيان و ژيان و بەرژەوەندييەكانيان پارێزراو بێت، خوای گەورە ئەو بەڵگەنەوويستە لە ناخی موسوڵمانانندا بە ئيمانداريی دەچەسپێنێت كە ئەگەر ئەوان جولەكەيان هەيە! ئێوە خوای بە دەسەڵات و كارجوانتان هەيە. سەرەنجامی دووڕووو و جولەكەكانيش نوشوستی و بەزين و ژێردەستەيی دەبێت.

سەرەنجامی مەدەدی خوایی بۆ ئێوە سەرکەوتن و سەرفرازیی و دەسەڵاتە. هەرواشبوو (ئیمان) زاڵبوو بەسەر (کوفر)دا و (تەوحید) هەموو (شیرك)ی ریشە کێش کردو (ئیسلام) بوو بە بەدیلی سروشتی (جاهیلییەت). ئەمە پەیمانی راستی خوای خاوەنمانە.

٢-ئەگەر لە سەردەمانێکدا هێزی (کوفرو شیرك و ئیلحاد) لە هەندێ کات و شوێندا دەسەڵات بگرنە دەست، ئەوە گومانی تێدا نییە کە ئەوە سەرکەوتنی سەربازیی و تەکنۆلۆژییە، نەك سەرکەوتنی دین و دیدو عەقیدەی جەنگیی. سەیری دڵرەقی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت (شورەوی) کە لەماوەی (١٩١٧-١٩٤١) بڕی (٢٢ملێون) موسوڵمانیان کوشت. ئێستاش روسیا بە هەموو توانای سەربازی خۆیەوەو بە دەسەڵات و حوکم و پارەوە نەیتوانی دینداریێتی خەڵکی چیچان لەناو بەرێت، کە لەناو وولاتەکەیاندا کەمتر لە ملیۆنێك کەسن. شەرێکی بێ ئامانیشیان کرایە سەر، کە هەر سێ خولەك و سارووخێك لە گرۆزنی پایتەختی دەدا. ئەو هەموو ئیلحادەی مارکس و لینین و ستالین چووە سەرەنگوێلکی مێژووەو ئەو ئیسلامە مەزنە لە ناو ئەو عەجەمە نەخوێنداوارە سۆڤیانەدا هەر مایەوە!.

٣-موسوڵمان لەگەڵ بەڵێنی خوای گەورەدا وەکو حەقیقەتە ڕەها بێ سنورەکانی تری مامەڵە دەکات. لە هێزو توانای خوای گەورە دڵنیایە. بە هەمان شێوەش لە قەول و بەڵێنی خوای راستگۆ دڵنیایە. ئەگەرچی لە هەندێ واقیعی بچووکدا یان لە کات و شوێنی سنورداریشدا موسوڵمانان تێیدا لاوازو بێ دەسەڵاتیش بکەون. بەڵام سەرەنجامی ململانێ فیکرییەکە گرنگە. ئێستا وا زیاتر لە دە ساڵە شەڕی

دژ بە ئیسلام کە بە ناوی شەڕی تیرۆرەوەیە لە ١٦٥ دەوڵەتدا بۆتە رەسمی و شەڕی سوپاو موخابەرات و سیاسەت و ئابوریی و میدیاکانیانە، بەرامبەر بە کۆمەڵە موسوڵمانی پەرتەوازەو بێ پەنا! بەڵام کێ شکستی هێناوە؟ ئەمریکاو ناتۆ یان تالیبان؟ ئەم هەموو شەڕە سەختە سەربازیی و موخابەراتی و سیاسی و میدیایی و ئابوریی وکۆمەڵاتی (یە عەزلکردنی داعیەکانی ئیسلام) ئەم هەموو پلان و پیلانە گڵاوە کە بە یەکێکیان دەڵێن (ووشك کردنی سەرچاوەی ئیسلامیەکان) ! لە ئاڕاستەو دەرکەوتن و ئابووریی، هەموو جۆرو شێوازو چۆنیەتیەك لە ماوەی ئەم دوو سەد ساڵەدا لە موسوڵماندا تاقیکرایەوە، بەڵام ئەوەش ئەنجامەکەیە کە ١٣ ملیۆن کەسی میسری (محمد مورسی) یەکێ ئیخوانی حافز قورئانیان بە سەرۆك هەڵبژاردووە!.

## دەرسی نۆیەم

ئایەتی بیستوو دووەم

(لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).

واتە: هەرگیز خەڵكانێك نابینت باوەڕیان بە خوای گەورە و بە رۆژی دوایی هەبێت و لە هەمان كاتیشدا دۆستایەتی و لایەنگریی ئەو كەسانە بكەن كە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەن. با باوك و باپیرەشیان بن، یان ئەولاد یان برایان تیرەو هۆزی خۆشیان بن. ئەوانە موسوڵمانی سەر ڕاست و بۆخوا ساغ بوونەتەوە و دۆستایەتی و لایەنگیرییان بۆ خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانانە، ئەوانە ئەوانەن كە خوای گەورە باوەڕو یەقینی لە دڵدا چەسپاندوون و بە نورو هێزی خۆی لایەنگیریی كردوون و بەهێزی كردوون، دەشیانخاتە بەهەشتانێكەوە كە ڕوبارو جۆباریان پێدادێت و دەچێت و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە. خوای گەورە لێیان رازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە رازیبوون. ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن خوای گەورەش سەرفرازو سەركەوتووە. (٢٢)

لە کۆتایی سورەتەکەدا دوای ئەوەی خوای گەورە خواناسیی و خواپەرستیی و شەریعەت و دابونەریت و رەفتاری پارسەنگی موسوڵمانانەی فێرکردن، دوای ئەوەی لە ئینتیمای عەبدایەتی و پشتیوانێتی خوایەتی خۆی بۆیان و ناساندنی رێبازو دیدو هەڵویست و فاکوفیکی دووڕوو و جولەکەو موشریکەکانی تر پێیان، دێتە سەر ئایەتی خۆدابڕان (موفاصەلە) لە جاهیلییەت و ساغبوونەوەی تەواو بۆ خوای گەورەو لێبڕانی تەواو بۆ دینەکەی. دێتە سەر باسی فەرمان و نەخشەو هەستی خۆ هەڵاوێردن لە جاهیلییەت و ئەهلی کوفرو شیرك و ریددە. داوای دابڕبوونی دەروونی و جودایی هەستوهۆش و هەستی خۆ بەشتێکی تر زانینیان لێ دەکات، کە ئیتر ئەمان دەبێ لەوە دڵنیابوو بن کە دیدو تێڕوانین و رێبازی کۆمەڵکاریی و جۆری ئینتماو کەسایەتی سەربەخۆیان بە تەواویی لە هەموو دیدو رێبازو ئینتیماو بزاوتێکی جاهیلییەت جودایە. لەمەودوا نابێت لە هیچ شتێکدا تێکەڵاوییان لا دروست ببێت، وەك لە عەقیدەکەیاندا (شیرك) تێکەڵ بە (تەوحید) ناکەن (کوفر) تێکەڵ بە (ئیمان) ناکەن (جاهیلیەت) تێکەڵ بە (ئیسلام) ناکەن، نابێت (ئینتیمای ئوممەتی)یش تێکەڵ بە (ئینتیمای تیرەو هۆزو خوێن و خاك) بکەن.. دەبێ ئەمەیان لا ببێتە تەرازوو، هەموو کەسێکی ئەندامی خۆیانی پێ بکێشن، بزانن داخۆ لە ئینتیمای جاهیلی پاك بۆتەوە یان ماوێتی. ئەگەر پاك بۆتەوە لە چ ئاستێکی نموونەییدایە؟! تەبەڕا لە دایکو باوك و ئەولادو خوشك و براو کەسوکارو خزم و هۆزو گەل و خاکی خۆی دەکات کە لەسەر شیرك و کوفرن بۆ ئیسلامەکەی و ئوممەتەکەی؟ ئایا خۆیان بە ئەندامی پاك و سەرڕاستی حزبوالله دەزانن؟ یان هێشتا هەر لە حزب الشیطان دان؟! ئایا بە قاڵبی وەلاء و بەرائی ئیسلامی خۆیان کردۆتە بەردی نەقارپی و قاڵبی رێکی بیناکاریی یان هێشتا خرە بەردی ئینتیمای جاهیلیین؟! ئەم هەست و ئینتماو دابڕانە سیماو

مۆرکی یەکدڵی و یەك ڕێبازیی و یەك ئوممەتییە.. ئەمە وەلائە بۆ خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان و بەرائەتە لە دوژمنانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان. ئەمە دووڕێیانی گرتنەبەری ڕێگای ئیمانە یان ڕێگای کوفر. بۆیە پێویستە ڕۆشن و ڕاشکاو ئاشکراو (حەددی)ی بێت.

(لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ) واتە: نامومکینە موسوڵمانێك ببینیت ئیسلامی وەرگرتبێت وەکو دیدی عەقائیدی و دروشمی پەرستن و ئەحکامی شەریعەت و بەرنامەی بزاڤ و دابونەریتی کۆمەڵاتی و ڕێسای ڕەفتارو ڕەوشت و ئینتمای کۆمەڵکاریی و خەباتی جودا بۆ سەروەریی شەرع و حاکمێتی خوا. کەچی لەولاشەوە خۆشەویستی و لایەنگیریی و سۆزی خۆی بۆ کافرانی شەڕانی دەرببڕێت، کە دوژمندارێتی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن!! نا، موسوڵمان نابیینیت وا بێت. هەر کەسێکت دی وا نەبوو، ئەوە خەلەل لە موسوڵمانێتەکەیدا هەیە، لە (عەقیدەو عبادەت و شەریعەت) یدا هەیە، یان لە بەرنامەو ئینتمای کۆمەڵکاریی و خەبات و بانگەوازییدا هەیە. دەنا چۆن ئەم پاکییە تێکەڵ بەو پیسییەی جاهیلییەت دەکات!! ناشێت موسوڵمان بێت و پشتیوانی جاهیلیەتیش بێت، ناشێت لە یەك کاتدا موسوڵمانیش بێت و کافریش، ناشێت موسوڵمانیش بێت و ئەهلی جاهیلییەتیش. ناشێت و ناکرێت و نابێت دوو خەنجەر لە کالانێکدا جێکاتەوە، کە تایبەتە بە یەك خەنجەر. بە یەك شمشێر. با ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و سەریاندەخات باوك و ئەولادو براو خزم و کەسوکاری خۆشی بن.

نابێت. ئەوان شتێکن و ئەم شتێکی تر. ڕێباز ودیدو تیڕوانینی ئەوان شتێکەو دینی ئەم شتێکی تر. ئەوان خۆ بە قوربانی دیدو بزاوت و ئینتیمایەك دەکەن کە (ئیسلام و ئوممەت و بانگەواز)ەکەی خوای گەورە نییە، کە ئەم تێیاندا بۆتە ئەندامێکی دیندارو چوست وچالاك.

دەیان ئایەتی تری (ولاء) تەئکید لەمە دەکاتەوە. وەکو:

-(لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ)ال عمران/٢٨ واتە: موسوڵمانان بۆیان نییە کافرەکان بکەنە دۆست و خەمخۆرو سەرپەرشتیارو بەرپرسی خۆیان و لەولاوەش موسوڵمانانی تر وەل کەن! هەر کەسێك وابکات فڕی بە سەر خواوویستیەوە نامێنێت و خوای گەورە وەل (تەرك)ی دەکات. مەگەر لە حاڵی ترس و تۆقیندا بن، کە بە سەرزارەکی خۆتانیان لێدانابڕن و دوژمنایەتیان ناکەن. خوای گەورە حەزەری خۆیتان هەر بە خۆی دەداتێ. وریابن.. خۆ نەخەنە بەر غەزەب و رق و خەشمی خوای گەورە. هۆشتان لە خۆتان بێت خۆ نەدۆڕێنن و لایەنگیریی خواتان - بۆ رازی کردنی کافران - لە دەست نەچێت.

-(قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)التوبة/٢٤ واتە: بڵێ: ئەگەر باوك و باپیرانتان و ئەولادەکانتان و براو هاوسەرو تیرەو هۆزەکانتان، سەروەت و سامانتان و ئەو کاسبی و بازرگانیەی خەمتانە بازاڕی بشکێت و سەرف نەبێت، هەروەها ئەگەر ئەو کۆشك و تەلارانەی پێکتانەوە ناون، ئەگەر ئەمانەتان لا خۆشەوویستترە وەك لە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جیهادەکەی رێی خوا، دەی سا چاوەڕوانی غەزەبی خوا بن، چاوەڕێ بن خوای گەورە ئەم هەڕەشەیەی خۆیتان تێدا بهێنێتەدیی. خوای گەورە رێنمایی لادەرو مونحەریفان ناکات. ئەوانەی خۆ بە موسوڵمان دادەنێن و خڵتەو پڵتەی کوفرو شیرك تێکەڵ بە پاکی عەقیدەو راستی خواپەرستی و رەوایی شەرع و رۆشنی بانگەوازو تایبەتمەندیی ئینتیمای ئوممەت و خواوویستی خەبات وبزاوت وجیهاد دەکەن، هەڕەشەی خوای گەورە دەیانگرێتەوە.

-(بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا، الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا)النساء/١٣٨-١٣٩ واتە: مژدە (هۆشداریی و ئاگاداریی) بدەرە دووڕووەکان کە حەتمەن سزاو ئازارێکی زۆر بەژانیان دەبێت. ئەوان کە کافرەکان لە جێی موسوڵمانان دەکەنە دۆست و سەرپەشتیارو بەرپرسانی خۆیان، بەو ئومێدەی لە ژێر سایەو پاراستنی هێزی ئەواندابن! چما وا دەزانن دەسەڵات و رێزدارییان لای ئەوان دەست دەکەوێت؟! ئاخر خۆ هەر هەموو دەسەڵات و هێزو رێزێك هی خوای گەورەیە و بەس.

بەم ئایەتە ئاشکراو راشکاوانە، بەم فەرمانە رۆشن وحەددییانە خوای گەورە داوا لەموسوڵمانان دەکات کە هەموو ئینتیمایەکی غەیری ئینتیمای دین و ئوممەتەکە بپسێنن و خزمایەتی لەسەر بنیات نەنێن.. ناشێت و ناکرێت و نابێت ئەم ئینتیما بچووکانە کە لە بازنەی شەرعیی خۆیاندا حەڵاڵ و شیاون ببنەوە بە بەدیلی هەستی ئینتیمای دین و ئوممەتی خواوویستیی. بەڵێ خزمایەتی و کەسایەتی قبووڵەو ئیسلامیش هانی بەهێزکردن و توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی خزمایەتی دەدات، بەڵام بە هیچ کلۆجێك ناشێت کابرای موسوڵمان کەسە

جاهیلییه کافرەکەی خۆی پێ باشتر بێت لە موسوڵمانێکی پاك و چاکی دین و ئوممەتەکە، کە لە خزم یان هۆز یان گەل یان نەتەوەی خۆی نییە. ناشێت کافرێکی خۆیی !! بە باشتر بزانیت لە موسوڵمانێکی ئەفغانی و سۆماڵی. ناشێت کوردێکی مورتەددی پێچاکتر بێت لە موسوڵمانێکی دیندارو سەرڕاستی عەرەب و تورك و فارس. ئەهلی ئیمان خۆیان ئوممەتێکی سەربەخۆن، حزبواللّٰەن. ئەهلی کوفرو جاهیلییەتیش هەزار کۆمەڵ و تۆپەڵ و ئینتیمای تیرەو هۆزو گەل و ووڵات بن هەر ئەندامی حزبی شەیتانن. بۆیە ناشێت و نابێت و ناکرێت موسوڵمانی دیندارو تەقواکار کافرێکی خۆشبوویٚت و دۆستایەتی بکات و پشتیوانی کافربوونەکەی بێت. نابێت موسوڵمانان جێهێڵێت و بچێتە هاوکاریی و سەرخستنی کوفرو کافران. چونکە ئەوان لە بەرەیەکی دوژمنداریٚتی بەرامبەر خواو پێغەمبەری خوادان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. بڕوانە ئەم یاوەرە عەزیزانەی ئەم ئایەتەیان بۆ هاتەخوارەوە، چۆن لە کەسوکاری کافری خۆیان تەبەڕاو تەوەلا بوون، و کوشتیشیانن!.

ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: (هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە) ئەوە بوو کە سەیدنا ئەبوعوبەیدەی کوڕی عامری کوڕی جەڕڕاح خوا لێی رازی بێت باوکە کافرەکەی خۆی لە غەزای بەدردا کوشت، کەلەبەرەی قوڕەیشی دوژمندابوو، دژی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بەرەی ئیمانداران وەستابۆوە. هەروەها سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت و سەیدنا عەلی و حەمزە و عوبەیدەو حارث خزمە کافرەکانی خۆیان لە بەدردا کوشت. موسعەبی کوڕی عومەیر عوبەیدی برای کوشت، سەیدنا ئەبو بەکری سددیق خوا لێی رازی بێت هەڵمەتی برد بۆ کوشتنی عبدالرحمانی کوڕی بەڵام لە دەستی قوتار بوو (وویستی خوا وا بوو چونکە دواتر موسوڵمان بوو) ئاوا ئەم نوخبە ئیماندارە

پاکەی سەرەتای ئیسلامەتی وەکو کە لە مەککە پێشەواو پێشڕەوی دینداران بوون، لە مەدینەو دوای دەوڵەتیش هەر سەرمەشق و پێشڕەو بوون خوا لێیان رازی بێت. ئەم دینە بەم پاکی دینداریێتی و ساف و روونی ئینتیما خالیسەیەوە ئاوا خێراو بەرفراوان بە جوگرافیادا بڵاوبۆوە دوای ئەوەی بەناخدا رۆچوو.

ئەمانە کە بە سەر هەموو ئینتیمایەکدا زاڵ بوون و هەموویان بۆ ئیسلام و ئوممەتەکەی خستە لاوە، گەیشتنە ئەو پلەو ئاست و رێزەی خوای گەورە دەرهەقیان لە قورئانێکدا بفەرموێ کە هەتاهەتایە موسوڵمانان دەیخوێنن: (أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ) ئەوانە خوای گەورە (ئیمان)ی لە دڵیاندا چەسپاندووە. وەکو مەحوی شاعیری خواناس دەفەرموێ: (ئەمە بۆ تا ئەبەد مانە)! باوەڕێك خوای کردگارو پەروەردگارو زاناو دانا لە دڵی عەبدێکدا بچەسپێنت، دەبێ چ وەسف و چ سیفەتێکی هەبێت؟ هەر خوای گەورە خۆی دەزانێ ئاست و رادەو بڕو چۆنیەتیەکەی چۆنە؟! ئەوەی ئێمە بە (ئەقڵی کول)ی خۆمانەوە پەی پێ دەبەین ئەوەیە کە سەید قوتب رحمەالله دەربارەی دەفەرموێ: (باوەڕێك خوای گەورە بە دەستی خۆی لە دڵی عەبدێکدا بیڕوێنێت، نە قابیلی هەڵکەندن و هەڵکێشانە، نە قابیلی لاواز بوون و لادانە، نە قابیلی خامۆش بوون و کوژانەوەیە، نە پشێوی وئاڵۆزییش دەگرێتە خۆ.) درەوشاوەو گەشاوەو بوژاوەیە. خۆزگەم بە خۆیان.

سەربارى ئەم چەسپاندن و رواندن و چاودێرییکردنە دەفەرموێ: (وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ) بە روحێك کە لە خوای گەورەوەیە گەشەو نەشونمای پێدەکات؟ رۆحەکە چۆنەو چۆن گەشەو نەشونمای پێدەکات؟ نازانین. هەر خوای گەورە

خۆی دەیزانێت. ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین کە وەکو نەمامێکی خوای گەورە بە دەستی خۆی دەیرووێنێت و بە رۆحێکی خۆی ئاودێریی و چاودێریی دەکات. وای چ پەیوەستییەکی ئیمانی بەهێزە. ئای چ رێزو کەرامەت و خەڵاتێکە. یاالله.

لەسەر ئەمەشەوە هەر لە دنیادا کە هێشتا زیندوون و وەحی خوایی دەبینن بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێتە خوارەوە، خوای گەورەو مەزن، کردگارو پەروەردگار، میهرەبان و عەزیز مژدەی لێخۆشبوونیان بۆ دەنێرێتە خوارەوە: (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ) خوای گەورە لێیان رازییە، ئێ ئەمە خۆی مژدەیەکە هیچی ناگاتێ، ئەدی ئەمان لە خوا رازین چی؟!!

ئەمە وێنەی حاڵەتە ئیمانییەکەیە. رەزامەندیی خوایی و سوکنایی دڵی ئەمان. لێخۆشبوونی خوایی و هێمنیی و ئاسوودەیی و ئۆقرەگرتنی ئەمان. ئەمانە گەیشتوونەتە کۆتاپلەی ئیمانداریی غەیری پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت، پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لە لوتکەی ئیمانداریدا بوون، چونکە راستەوخۆ وەحی خوایان بۆ دەهات. ئەم یاوەرانەش وەحیەکەیان بەلاوەکی (غەیری راستە وخۆ) دەبینی. ئەوە تا هەر بە وەحی خوایی، بە جوبرەئیلی ئەمیندا سەلامی خوای لێ بێت مژدەی لێخۆشبوونی خوایان بۆ دێت، هەر بە رێی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە قورئانەکەی بە وەحی بۆ هاتووە! مژدەیان بۆ دێت کە خوای گەورەو کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤ لێیان رازییە و ئەوەندەی خەڵات کردوون کە ئەمانیش هەموویان رازین بە هەمووی و لە هەمووی. ئەمە بۆخواسوڵحانە، بۆخواپاکبوونەوەیە، بۆخوالێبڕانە، پشکی نەفس و حەزی غەیری دینەکەیان نەماوە، ئینتیمایان بۆ غەیری دین و ئوممەتەکە نەماوە. پاڵفتەبوون. بۆ خوا سوڵحاون، خوای گەورەش ئاوا ئەو پاداشتە گەورانەی دانەوە: (كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الإِيمَانَ). (وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ).

(وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ). (خَالِدِينَ فِيهَا). (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ). (وَرَضُوا عَنْهُ). (أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ). (أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ). صدق الله العظيم. آمنا بالله.

هیواو ئاواتی مرۆڤی موسوڵمان بریتیە لە گەشەی رۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستە. کافر گەشەی رۆحی نییە. ئاسوودەیی دەروونیشی زۆر دەگمەنە. چونکە خوای حەق و رەوایی دەفەرموێ: (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى، قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا، قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى)طه/١٢٤-١٢٦ هەر کەسێك روو لە باوەڕو یادی من وەرگێڕێت و پشت هەڵکات ژیانێکی تەنگ وتەسکی بە نسیب دەبێت، رۆژی قیامەتیش بە کوێریی حەشری دەکەین. دەڵێ خوایە خۆ لە دنیادا چاوم ساغ بوو، بۆچی ئێستا لێرە کوێرم؟ دەفەرموێ: چونکە لە دنیادا ئەو هەموو ئایەت و بەڵگانەی دینی ئێمەت بۆ دەهات خۆت لە حەنایاندا کوێر دەکردو بیرخۆتت دەبردنەوەو گوێت نەدەدانێ، ئەوا ئەمڕۆ تۆش ئاوا بە کوێریی ئیهمال دەکرێتەوە!.

ئەمانە ئەندامانی حزبەکەی خوان. حزبی خواوویست بە ئەندامی ئاوا دروست دەبێت نەك بە موسوڵمانی ئیمان ئەعرابی و ئینتیمای رەشۆکی و بێ غیرەتیی و بێ هیممەتیی و بەزیوویی.

ئەمانەن کە حزب الله یان لێ پێك دێت تاکی رەسەن و پتەون و بوونەتە ئوممەتی کۆمەڵکارو تۆکمە. لە ژێر ئاراستەوانی یەك سەرکردایەتی سەرراست و جیددی و حەددییدان. دیدو رێ رۆشنن. هەڵوێست و بزاوتی خواوویستییان بێ تەنازول و

موساوەمە ڕاگەیاندووە. چالاك وكاریگەرن. قوٚناغ بە قوٚناغی ڕێبازیان بە پێی قەدەری خوایی سەرکەوتووانە دەبڕن.

ئەمە حزبی خوایە. ئەمە قەدەری خوایە. ئەوەیان پێ دێنێتەدی کە خوٚی دەیەوێ. خوایە بمانکە بە ئەداتی قەدەری خوٚت و ئەوەش بە ئێمە بهێنەدی کە خوٚت دەتەوێ. ئامین.

ئەمە دوو دیدو تێڕوانینن، دوو ڕێبازو بەرنامەن، دووبزاوت وهەڵوێستن، دوو حزبی لێك جوداودوورن، دوو ئاڵان و دووئامانجن، دووریزو دووبەرەی بەرامبەرن. لێکدابڕانی دەروونی تەواویان لەنێواندایە.. ئاوا مرۆڤایەتی کە خوای گەورە خەلقی کردووە، کردوونی بە دوو پۆلی کافرو موسوڵمان: (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ)التغابن/٢ کردوونی بە دوو دیدو ڕێبازی جودا: (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ)الجاثیه/١٨. کردوونی بە دوو حوکم و دوودەسەڵات و دوو سیستمی جوداو لێك دووری کوفرو ئیمان: (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ)المائده/٥٠. کردوونی بە دوو وولاتی لێک جوداو دوور: دارولئیسلام و دەستووره ئیسلامیەکەی و خاوەنێتی ئەمانی خەڵکە موسوڵمانەکەی، ئەوەش دارولکوفرو دەستووره کوفرینەکەی: (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا.) ابراهیم/١٣

ئەم ئایەتە ئاماژەو وەسف و باسی دوو ئنتیماو دوو کۆمەڵکارییە: حزبواللە کە دەبێ بەم دیدە دینییەی و بەم ڕۆشنی وەلاء و بەرائەی یەک بێت. لە بەرامبەرییدا حزبی شەیتان هەیە، کە دەیان تاقم ودەستەو ڕێبازو بزاوتی جودای کوفرو کافرانن و ڕەنجیان بۆ دامەزراندنی دارولکوفرو دەستووری کوفرو حوکمی کوفرو کۆمەڵگەی کافرە.

ئەمەیە دوورێییانی بەردەم موسوڵمان: یان ئەوەیە ببێتە ئەندامی پاك وسەرڕاست وچوست وچالاکی تایبەتی حزبی خوا. یان تێکەڵکاریی جاهیلیی و موسوڵمانێتی سەرزارەکی! نوێژی لە مزگەوتەو پاسەوانێتیشی لە بارەگای حزبی شەیتانە! لێرە دەسنوێژ دەگرێت، لەوێ فیشەك پڕ دەکاتەوە! لا لغاوەی پڕ دەبێت لە کەف کە بەرگریی لە موسوڵمانێتی خۆی دەکات، کەچی لەولاوە بۆ بەرژەوەندی خۆی و خزم وحزب و کوفرو جاهیلیەت شەووڕۆژ خەریکی شەڕی (ئیسلامی سیاسی)یە! داماوی ڕەنج بەخەسار.

جارێکی تر سەرنج بدەرەوە لە سورەتەکە. سەرەتا کێشەی کۆمەڵاتی ژنێکەو لە کۆتاییدا باسی جودا بوونەوەی دیدو ڕێ و ئینتیماو ڕێبازو ئامانج و ئومێدە.

ئاوا خوای گەورە بەم قورئانە موسوڵمانان پەروەردە دەکات. ئەگەر ئێمەش بمانەوێت ئیسلام بهێنینەوە ناو مزگەوت و کۆمەڵگەو ئاراستەی دەوڵەتیمان. ناو کۆمەڵکاریی و ڕەنج و بانگەوازمان دەبێت سەرەتا پاك بینەوەو سەرڕاستانە بۆ خوا لێبڕێین و هەستی ئینتیمای یەك حزبواللە ییمان ئاوا تێدابڕوێت

ئاوا دەبینە ئەداتی قەدەری خوای گەورە و ئەوەمان پێ تەحقیق دەکات کە خۆی دەیەوێت.

الحمدلله أولا وأخيرا.

تەواو بوو

الحمدلله رب العالمین

٩ی رەمەزانی ١٤٣٤ بەرامبەر ٢٠١٣/٧/١٧

بەرهەمی ئەم نۆ رۆژە رۆژووەیە

خوالێمی قبوڵ کات

ئامین

کرێکار

زیندانی کۆنگس ڤینگەری نەرویج

# ناوەڕۆك



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| مانای گشتی سورەتەکە | ٩ |
| پێناسەی سورەتەکەو بابەتەکانی | ١٧ |
| هۆی هاتنە خوارەوەی سەرەتای سورەتەکە | ٢٩ |
| دەرسی یەکەم/ ئایەتەکانی ١-٤ | ٣٢ |
| سکاڵای خاتوو خەولە | ٣٧ |
| دەرسی دووەم/ ئایەتی ٥-٦ | ٤٩ |
| دەرسی سێیەم/ ئایەتی ٧-٨ | ٥٦ |
| دەرسی چوارەم/ ئایەتی ٩-١٠ | ٧١ |
| دەرسی پێنجەم/ ئایەتی ١١ | ٧٨ |
| دەرسی شەشەم/ ئایەتی ١٢-١٣ | ١٠٢ |
| دەرسی حەوتەم/ ئایەتی ١٤-١٩ | ١٠٥ |
| دەرسی هەشتەم/ ئایەتی ٢٠-٢١ | ١١٣ |
| دەرسی نۆیەم/ ئایەتی ٢٢ | ١١٨ |
| ناوەڕۆك | ١٣٠ |

**زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی**
**(زادی ڕێمان)**

**ماڵپەر**

zadyreman.com

**پەڕەی فەیسبووک**

fb.com/zadyreman

**هەژماری تویتەر**

twitter.com/zadyreman

**هەژماری ئیستاگرام**

instagram.com/zadyreman